حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت
بەشی باخچەی منداڵان


# کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی دایك و باوکانەوە

نامەیەکە پێشکەشی (ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی)ی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵان.


**لەلایەن خوێندکـــار**

**کارزان جمال حسێن**

**ســـەرپەرشتیاران**

**پ.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی پ.ی.د.کاروان محمد حسن**



**٢٠٢٣ زایینی ١٤٤٤ کۆچی ٢٧٢٣ کوردی**

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن،ئەم نامەیەمان بە ناونیشانی (کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گەشەپێکردنی بەها پەروەردییەکان لای منداڵانی باخچە لەروانگەی دایک و باوکانەوە) لەگەڵ خوێندکاری ماستەر (کارزان جەمال حسێن)،گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بریارماندا کە شایستەی ئەوەیە بە پلەی (نزور باشە) بروانامەی ماستەر لە باخچەی منداڵان / ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵ پێبدرێت،لەو پێناوەدا واژومان کرد.

واژو:
پ.د. مؤید اسماعیل جرجیس
ئەندام و سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٣

واژو:
پ.ی.د. کاروان علی قادر
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٥/ ٥/ ٢٠٢٣

واژو:
د. ایوب خسرو نادر
ئەندام
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژو:
پ.د. کەریم شەریف عبدالله
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

واژو:
پ.ی.د. کاروان محمد حسن
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ژمارە ( ) لەرێکەوتی ( / / ٢٠٢٣) پەسەند کرا.

واژو:
پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد
سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران

ئەم نامەیەی خوێندکار (کارزان جمال حسێن) بەناونیشانی (کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکانی لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی دایک و باوکانەوە)، بەچاودێری ئێمە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە ڕاگەیاندنی پەروەردەی منداڵاندا، پێشنیاردەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

سەرپەرشتیاران

| | |
|---|---|
| واژۆ: | واژۆ: |
| پ.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی | ی.پ.د.کاروان محمد حسن |
| پلەی زانستی: پرۆفیسۆر | پلەی زانستی: یاریدەدەری پرۆفیسۆر |
| بەروار: / /٢٠٢٣ز | بەروار: / /٢٠٢٣ز |

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەین.

واژۆ:

پ. د. صابر بكر مصطفى

سەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان

بەروار: / /٢٠٢٣

# ڕەزامەندی هەڵسەنگاندنی زانستی

ئەم نامەیەی خوێندکار (کارزان جمال حسێن) بەناونیشانی (کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی دایک و باوکانەوە)، لەڕووی زانستییەوە هەڵسەنگاندنی بۆکراوە، وهەڵە زانستییەکانی تێدا ڕاستکراوەتەوە ولەئێستا ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ:

ناو:

بەروار:

واژۆ:

پ. د. صابر بکر مصطفی

سەرۆکی بەشی باخچەی منداڵان

بەروار: / /٢٠٢٣

## پێشکەشە بە:

- کارۆ و ستێلا ..
- هاوسەرەکەم کە هەردەم پشتیوانم بووە ...
- هەمووئەو هاوڕێ و هاوپیشانەی ، کە هاوکارو یارمەتیدەرم بوون...
- هەموو توێژەران و فێرخوازانی بواری پەروەردە و دەروونزانی..

## سوپاس و پێزانین:

* سوپاسی بەڕێزان (پ.د.کەریم شەریف قەرەچەتانی و .ی.پ.د.کاروان محمد حسن) دەکەم، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەیان گرتە ئەستۆ.

* سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی باخچەی منداڵانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، بۆ هاوکاریی و ڕەخساندنی هەلی خوێندن.

* سوپاس بۆ باخچەکانی منداڵان لە شاری سلێمانی وئەو دایک و باوکە بەڕێزانەی کە هاوکاریان کردین.

* سوپاسی زۆر بەڕێز (دکتۆر قادر حسین صاڵح ) دەکەم، کە بەدابینکردنی سەرچاوە هاوکارییان کردم.

* سوپاسی زۆرم بۆ بەرێز(مامۆستا جبار حسن معروف) کە لە دیزاینی نامەکەدا هاوکاری کردم.

# نـــــاوەرۆک


| لاپەرە | ناونیشـــــان |
|---|---|
| أ | ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| ب | ڕەزامەندی لیژنەی هەڵسەنگاندن |
| ج | پێشکەشکردن |
| د | سوپاس وپێزانین |
| ه | ناوەرۆک |
| ح | ناوەرۆکی هێڵکارییەکان |
| ح | ناوەرۆکی خشتەکان |
| ح | ناوەرۆکی پاشکۆکان |
| ط | پوختە |
| **٢-١١** | **١- بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە** |
| **٢** | **١-١ پێشەکی** |
| **٤** | ١-٢ کێشەی توێژینەوەکە |
| **٦** | ١-٣ گرنگی توێژینەوەکە |
| **١٠** | ١-٤ ئامانجی توێژینەوەکە |
| **١٠** | ١-٥ سنوری توێژینەوەکە |
| **١١** | ١-٦ دیاریکردنی چەمکەکان |
| **١٥-٨١** | **٢- بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە** |
| **١٥-٣٥** | ٢-١ فیلم کارتۆن |
| **١٥** | ٢-١-١ چەمکی فیلم کارتۆن |

| | |
|---|---|
| ٢-١-٢ مێژووی فیلم کارتۆن | ١٦ |
| ٢-١-٣ جۆرەکانی فیلم کارتۆن | ١٧ |
| ٢-١-٤ ئەرکەکانی فلیم کارتۆن | ١٩ |
| ٢-١-٥ کاریگەری فلیم کارتۆن لەسەر منداڵ | ٢٣ |
| ٢-١-٦ ئەو بیردۆزانەی ڕاڤەی کاریگەری فیلم کارتۆن دەکەن | ٢٦ |
| ٢-١-٧ گفتوگۆکردنی بیردۆزەکان | ٣٤ |
| ٢-٢ بەهاکان | ٣٦-٥٣ |
| ٢-٢-١ چەمکی بەها | ٣٦ |
| ٢-٢-٢ واتای فەلسەفی بەها | ٣٧ |
| ٢-٢-٣ وەرگرتنی بەها | ٣٨ |
| ٢-٢-٤ ڕۆلی ڕاگەیاندن لەگواستنەوەو گۆڕین و دروستبوونی بەها | ٤٢ |
| ٢-٢-٥ ئاستەکانی وەرگرتنی بەها | ٤٥ |
| ٢-٢-٦ پێکهاتەکانی بەها | ٤٦ |
| ٢-٢-٧ تایبەتمەندییەکانی بەها | ٤٧ |
| ٢-٢-٨ جۆرەکانی بەها | ٤٨ |
| ٢-٢-٩ سەبارەت بە بەهاو ئاراستەکان | ٥١ |
| ٢-٣ بەها پەروەردەییەکان | ٥٣-٦١ |
| ٢-٣-١ تایبەتمەندییەکانی بەها پەروەردەییەکان | ٥٤ |
| ٢-٣-٢ گرنگی بەها پەروەردەییەکان | ٥٥ |
| ٢-٣-٣ گرنگی بەها پەروەردەییەکان بۆمنداڵانی باخچە | ٥٦ |
| ٢-٣-٤ ئەو بیردۆزانەی ڕاڤەی وەرگرتن وبەهاکان دەکەن | ٥٨ |
| ٢-٤ توێژینەوەکانی پێشوو | ٦٢ |
| ٢-٥ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | ٧٧ |
| **٣- بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوەکە** | **٨٣-٩٣** |
| ٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە | ٨٢ |
| ٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٨٣ |
| ٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە | ٨٤ |

| | |
|---|---|
| ٣-٤ ئامرازی توێژینەوەکە | ٨٦ |
| ٣-٥ وەڵامی بڕگەکان | ٨٧ |
| ٣-٦ ڕاستی و دروستی | ٨٨ |
| ٣-٧ جێگیری | ٩٢ |
| ٣-٨ جێبەجێکردنی کۆتایی | ٩٣ |
| ٣-٩ کەرەستەی ئاماری | ٩٣ |
| **٤- بەشی چوارەم: خستنەروو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان** | **٩٥-١١٠** |
| ٤-١ ئەنجامەکان | ٩٥ |
| ٤-٢ دەرئەنجامەکان | ١٠٨ |
| ٤-٣ ڕاسپاردەکان | ١٠٩ |
| ٤-٤ پێشنیارەکان | ١١٠ |
| سەرچاوەکان | ١١٢ |
| پاشکۆکان | ١١٩ |
| ملخص باللغة العربية | ١٤٩ |
| Abstract | ١٥٠ |

## ناوەرۆکی خشتەکان


| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | توێژینەوەکانی پێشوو | ٧٩-٨٠ |
| ٢ | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | ٨٣ |
| ٣ | نموونەی توێژینەوەکە | ٨٥ |
| ٤ | ئەنجامی ئاماری (جیاکاری برگەکان) | ٨٩ |
| ٥ | ئەنجامی ئاماری (پێکەوە گونجانی ناوەوەی) | ٩١ |
| ٦ | ئەنجامی ئاماری (جێگیری) پێوانکارەکە | ٩٢ |
| ٧ | دەرئەنجامی یەکەم | ٩٥ |
| ٨ | جیاوازی نێوان نێر و مێ | ٩٧ |
| ٩ | جیاوازی نێوان باخچەی حکومی و ناحکومی | ٩٨ |
| ١٠ | ئاستی خویندەواری دایک وباوک | ٩٩ |
| ١١ | جیاوازی کاریگەریتی بەپێی ئاستی خوێندەواری | ١٠٠ |
| ١٢ | کێش و توندی بڕگە ئەرێنییەکان | ١٠٤ |
| ١٣ | کێش و توندی بڕگە نەرێنییەکان | ١٠٧ |


## ناوەرۆکی هێڵکارییەکان


| ژمارەی هێڵکاری | ناونیشانی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان | ٥٤ |


## ناوەرۆکی پاشکۆکان


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | فۆرمی ڕاپرسی سەرەتایی | ١٢٠ |
| ٢ | بڕگە دەستکەوتووەکانی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکە | ١٢٢ |
| ٣ | ڕەشنوسی بڕگەکانی پێوانکار | ١٢٥ |
| ٤ | بڕگە ئامادەکراوەکان بەشێوەی سەرەتایی | ١٣٠ |
| ٥ | ناوی هەڵسەنگێنەران | ١٣٤ |
| ٦ | فۆرمی ئامادە بۆ هەڵسەنگێنەران | ١٣٥ |
| ٧ | فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی کۆتایی | ١٤٠ |
| ٨ | نوسراوی ڕێپێدان | ١٤٦ |

# پوختەی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراوە لە گەشەپێکردنی بەها پەروەردییەکان لای منداڵانی باخچە لە ڕوانگەی دایک و باوکانەوە ، هەروەها زانینی کاریگەری ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانە و دیاریکردنی ئاستی کاریگەرییەکەی بەپێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز ، جۆری باخچە،ئاستی خوێندەواری دایک و باوک)،پاشان دەستنیشانکردنی گرنگترین لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی فێلم کارتۆنە دۆبلاژکروەکان لەسەر منداڵ. توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە ، کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دایک و باوکی منداڵانی قۆناغی باخچە لە ناوەندی شاری سلێمانی ، نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردراوە کە خۆی لە (٣٥٠) دایک و باوکدا دەبینێتەوە ، ئامرازی بەکارهاتوو بریتییە لە فۆرمێکی ڕاپرسی کە لە لایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە و لەلایەن دایک وباوکی منداڵانەوە وەڵام دەدرێتەوە . ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخست کە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکروەکان کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپیکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە،هەروەک دەرکەوت کە گۆڕاوی (ڕەگەز) و (جۆری باخچە) هیچ ڕۆڵێکی نیە لە کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لەسەر منداڵانی باخچە لەروانگەی دایک وباوکانەوە.بەڵام بەپێی گۆراوی (ئاستی خوێندەواری دایک و باوک) جیاوازی هەیە سەبارەت بەکاریگەری فیلم کارتۆنەکان بەجۆرێک هەتا ئاستی خوێندەواری دایک و باوک بەرزتربێت کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لەسەر منداڵەکانیان کەمتر دەبێت .هەروەها بەپێی ئەنجامەکان گرنگترین ئەو بەها باشانەی منداڵان فێری دەبن لە فیلم کارتۆنەکانەوە بریتیە لە بەهای (تەندروستی-پاکوخاوێنی-ڕێزگرتن)،وە گرنگترین ئەو ڕەفتارە خراپانەی منداڵان فێری دەبن لە فیلم کارتۆنەکانەوە بریتییە لە ڕەفتاری (سوکایەتی پێکردن– جنێودان-درۆکردن).

# بەشی یەکەم

## ١- چوارچێوەی گشتی توێژێنەوەکە

١-١  پێشەکی

١-٢ کێشەی توێژینەوەکە

١-٣  گرنگی توێژینەوەکە

١-٤  ئامانجی توێژینەوەکە

١-٥ سنووری توێژینەوەکە

١-٦ دیاریکردنی چەمکەکان

# بەشی یەکەم
# ١-چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## ١-١ پێشەکی:

لەدوایی شۆڕشی تەکنەلۆژیا و ئەلکترۆنی بەتایبەتی لەسالانی پەنجاکانی سەدەکانی ڕابردوو ڕاگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن گەشەی فراوانی بەخۆیەوەبینی لەڕووی کوالیتی و ئەرک و جۆری بەرنامەکانیەوە، کە دواتر بووە هۆی ئەوەی زیاتر تایبەتمەند بوونی کەناڵەکان بەپێی پسپۆڕی و خولیاو چین و ئاستی جۆراوجۆر.

یەکێک لەو توێژانەی کە راگەیاندن هەوڵی دەدا زیاتر گرنگی پێبدات توێژی منداڵان بوو چونکە منداڵ بە چەقی گۆرانکاری کۆمەڵگە ئەژمار دەکرا ،بۆ ئەم مەبەستەش پسپۆڕانی بواری پەروەردەو و راگەیاندن لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا گرنگی زیاتریان دەدا بەو بەرنامەو بابەتانەی کە تایبەت بوون بە منداڵان چونکە تەلەفزیۆن زۆربوونی بەخۆیەوە بینی و زۆربەی ناوچەکانی جیهان تەلەفزیۆنی تێدابڵاوبۆیەوەو زۆربەی خێزانەکان توانایی کڕینی ئەم ئامێرەیان هەبوو. پاش گەشەکردنێکی زۆر و فراوان بوونی بابەت و پرۆگرامەکانی تایبەت بە منداڵان، کەناڵی تایبەت بە منداڵان دامەزرا کە بەرنامەو بابەتەکانی تایبەت بوو بە منداڵان و ئاراستەی ئەو چینە دەکرا کە ئەمەش لە کۆتایدا بوە هۆی ئەوەی کە منداڵان زیاتر پەیوەست بن بە تەلەفزیۆن و بەرنامەکانی،کە ئەمەش بوە هاندەر بۆ پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و پەروەردە کە زیاتر گرنگی بەجۆری بەرنامەو بابەتە پەخشکراوەکان بدەن لەکەناڵەکانەوە کە کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر منداڵان چونکە بەپێی راپرسیەک کە (کۆمەڵەی هاوڕێیانی تەندروستی دەروونی قەتەری-ویاک) بڵاوکردۆتەوە دەرکەوتووە کە کاریگەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەکاریگەری دایک و باوک زیاترە لەسەر منداڵ بەجۆرێک ڕێژەی کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەرمنداڵ(٣٤٪) لەکاتێکدا ڕێژەی کاریگەری دایک وباوک(٣٢٪)و پاشان کاریگەری قوتابخانە دێت بەرێژەی (١٤٪).(موقع الجزيرة,٢٠١٨)

بەپێی ئەم راپرسیە بێت دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەتی تەلەفزیۆن یەکەم کاریگەرترین لایەنن لەسەر ڕەفتار و بەهای منداڵان بۆیە جێی خۆیەتی گرنگی زۆرو گەورە

بدرێت بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت ئەو کەناڵانەی کە تایبەتن بە منداڵان وپێویستە چاودێری وردی ئەو کەناڵانە بکرێت.

ناوەرۆکی زۆربەی ئەو فیلم کارتۆنانەی کە لە کەناڵە جۆراو جۆرەکانەوە پەخشدەکرێت، هەندێ بەها و ئاراستەی رەوشتی لەخۆ دەگرێت کە تایبەتە بەو کۆماڵگەیەی کە فیلم کارتۆنەکەی تێدا بەرهەم هاتووە و ناکۆکە بەم کۆمەڵگەیە و یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو بەهاو ئاراستانەی کە لەم کۆمەڵگایەدا باوە، کە دواجار بەهەردو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەرییی خۆی بەجێدەهێڵێت لەسەر منداڵان.(الزعبي:٢٠١٦:٣٥)

لەم سۆنگەیەوە ئەم تویژینەوەیەو هاوشێوەکانی لایەنێکی دیاریکراوی کاریگەری کەناڵەکانیان لەسەر منداڵ ڕوونکردۆتەوە، ئەویش کاریگەرییی ئەو فیلم کارتۆنانەیە لەسەر گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵان ،چونکە یەکێک لەو لایەنە گرنگانەی دەزگاکانی ڕاکەیاندن کاریگەری هەیە لەسەری پرسی بەهایە لای منداڵ چونکە منداڵ لەسەرەتای یەکەمی قۆناغی منداڵیدا حەزێکی زۆری بۆ وەرگرتن هەیەو ئامادەیە بۆ وەرگرتنی هەر زانیاری وئاماژەیەک  کە ئاراستەی دەکرێت. وە منداڵ لە قۆناغە سەرەتاکانی ژیانیدا لەڕووی رەفتاریەوە بەدوای کامڵبووندا دەگەڕێت بۆیە هەرکەناڵ وهەرهۆکارێک هەبێت بۆ بەهێزکردن و گەشەپێکردنی ئەم لایەنەی ژیانی منداڵ گرنگی پێدەدات و کاری تێدەکات ،لەم ڕووشەوە (فێلم کارتۆنەکان) یەکێکن لە سەرچاوە دەوڵەمەند و فروانەکان بۆ وەرگرتن وفێر بوونی بەها جۆراو جۆرەکان لای منداڵان. دەکرێت ئەم بۆچونە پشتراست بکرێتەوە بە تویژینەوەی زانستی و لیکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەم بوارەدا، کە ئەم تویژینەوەیەش لەو چوارچێوەیەدا هەنگاوی ناوە. بەو مەبەستەی بە شێوەیەکی زانستی و دروست و دور لە گریمانەیی کاریگەرییی ئەو فیلم کارتۆنانە ئاشکرا بکات لەسەر منداڵ و بەهاکانی، کە ئایا ئەم فیلم کارتۆنانە کاریگەرییی ئەرێنیان هەیە لەسەر ئەو لایەنەی گەشەی منداڵ یاخود بە پێچەوانەوە کاریگەرییەکە نەرێنی وخراپە.

## ١-٢ كێشەی توێژینەوەکە:

وەکو ئاشکرایە لەسەردەمی ئەمرۆماندا راگەیاندن، بەتایبەتی راگەیاندنی بینراو و جوڵاو یەکێکە لە بابەتە بڵاو وسەرنج راکێشەکان لەدنیای پەخش و میدیایدا و بەتەواوی پەلکێشی تاک و کۆمەڵ دەکات بۆ ئاوێتەبوون لەگەڵی و بەسەربردنی زۆربەی کاتەکانی لەگەڵیدا، ئەوبابەت و زانیاری و دیمەن و فیلم ودرامایانەی کە لەسەکۆ جیاوازەکانی پەخشکردن پیشان دەدرێن کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر وەرگر وبینەر هەیە،بەتایبەت کاتێک کە بابەتە پەخشکراوەکە لەگەڵ حەزوخولیا وئارەزووی وەرگر هاوئاراستە بێت ئەوکاتە کاریگەریەکە بەهێزترو قوڵتر دەبێت.

تیبینی ئەوە کراوە کە ئەو بابەتانەی کە زۆرترین سەرنجی منداڵی لەسەرە لەڕاگەیاندنەکاندا بریتیە لەو بابەت وبەرنامەو دیمەنانەی کە تایبەتن بە دنیای منداڵان خۆیان و ئەوەی لەئێستا زۆرترین بینەری هەیە لەلایەن منداڵانەوە بریتیەلە فیلم کارتۆنە جۆراوجۆرو هەمەڕەنگەکان، ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو فیلم کارتۆنانەی پەخش دەکرێن بەجۆرێک کاردەکەن کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر منداڵ لەڕووی گەشەی ڕەفتاری و پەروەردەییەوە بەهەردو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی هەبێت ، چونکە هەرکۆمپانیا و کەناڵێکی بەرهەمهێنی فیلم کارتۆن فەلسەفە و ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیەولەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوە . ئەم کاریگەریەش لە منداڵاندا قوڵتر و بەهێزترە چونکە قۆناغی منداڵی قۆناغێکی هەستیارە لەڕووی وەرگرتن و فیربوونەوە وەبەگرنگترین قۆناغ ئەژماردەکرێت لە ژیانی مرۆڤدا. (سومەیە و یوسرا: ٢٠١٩: ٤).

بەپێی توێژینەوەیەک، کە لەزانکۆی (ئەزهەر- غەزە) ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە، کە ئەو بابەت وفیلم کارتۆنانەی، کەلە کەناڵەکانی منداڵانەوە پەخش دەکرێن ، ڕۆڵیان لەبەهێزکردن وگەشەپێدانی بەهاپەروەردەییەکان لای مندالان هەیە بەرێژەیەکی بەرچاو(ئەبو ناسر: ٢٠١٣: ٨٠).

کەواتە لەبەر رۆشنایی ئەوەی باسکرا، دەتوانرێت بوترێت کە بابەتە پەخشکراوەکان بۆ منداڵان بەگشتی فیلم کارتۆنەکان بەتایبەتی رۆڵێکی کاریگەریان لەسەر گەشەکردن و دروستبوونی بەهاپەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵان هەیە.

بەواتایەکی تر، شاشەکانی پەخشکردن بەگشتی لەسەردەمی ئەمرۆماندا رۆلیان گەورەو فراوانبووە لەگەشەپێکردنی لایەنە پەرەوەردەیی ورەفتارییەکانی منداڵ. ئەویش

لەڕیگەی ئەو بیروبۆچوونانەی ، کە لەڕووی بەها ورەفتارییەوە لەمێشک ودەرونی منداڵاندا دەیچەسپێنن.کە ئەم گۆڕانکاری و گەشەکردنەش ڕاستەوخۆ دەبنە بەشێک لە کەسایەتی منداڵ و لە داهاتوو کاریگەری دەبێت . (Sharifman & Sargent:2005:102).

ئەوەی لێرەدا گرفتە سەرەکیەکەیە، ئەوەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا هێشتا پرسی فیلم کارتۆن و کاریگەرییە پەروەردەییەکانی نەبۆتە پرسێکی گرنگ و لەبەرچاو ئەمە لەکاتێکدایە کە منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا هاوشێوەی منداڵانی کۆمەڵگەکانی دیکە هەمان بارودۆخ وژینگەی پەروەردەیی هەیە بەهۆی سیستمی جیهانگیریەوە، و بەرکەوتەیە لەگەڵ هەموو گۆڕانکاری و گەشەکردنێکی تەکنۆلۆژی و زانستی.بەتایبەتی لەدوای ساڵانی(٢٠٠٠)ەوە، دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردی بەهەمووچین و توێژێکیەوە(منداڵانیش لەوچوارچێوەیەدا) ڕووبەڕووی شەپۆلێکی بەهێزی ئامێرو کەرەستەکانی زانست و تەکنۆلۆژیایی بۆتەوە، بەجۆرێک کە وەرچەرخانێکی گەورە لە بارودۆخ ورەوتی ژیانی تاکی کوردیدا ڕوویداوە.

یەکێک لەو بوارانەی بەگشتی گەشەکردن وفراوانبوونی گەورەی بەخۆیەوە بینی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بواری تەکنۆلۆژیای گەیاندن و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت بوو، کە ئەمەش بووە هۆی فرەجۆربوونی هۆکارەکانی پەخشکردن وبلاوکردنەوە چ لە ڕێگەی کەناڵەکانی تەلەفزیون یاخود لەڕێگەی شاشە و ئامرازە زیرەکەکانەوە، کەئەمەش بووە هۆی کردنەوەی دەروازەیەکی فراوانی بینین بۆ منداڵان. ئەم فراوانبوونەش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر کوالێتی و جۆری بەرهەمە پەخشکراوەکان، کە زۆر جار بەبێ هیچ سانسۆر و فلتەرێک بابەتەکان پەخشدەکرێن بەتایبەتی بابەتە دۆبلاژکراوەکان، کەئەمەش لەداهاتوودا کاریگەری درێژخایەنی لەسەردەروون و رەفتاری تاک بەجێدەهێڵێت ،بۆیە لێرەدا توێژەر پێیوایە کەلەئێستادا گرفت و کێشەیەکی هەنووکەیی هەیە سەبارەت بەکۆی پرۆسەی ڕاگەیاندن و پەخشکردن بەگشتی و ڕاگەیاندنی منداڵان بەتایبەتی.

لەگەڵ هەمووئەو کاریگەرییەی، کە فیلم کارتۆنەکان هەیانە لەگۆڕان وگەشەپێکردنی بەهاکاندا جێگەی خۆیەتی ئەم پرسەش لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ببێتە بابەتگەلێکی گرنگ و کارلەسەرکراو، تاکو بتوانرێت لە ریگەی ئەنجامەکانی ئەم جۆرە توێژینەوانەوە، هەوڵبدرێت بۆباشکردن ورێکخستنی جۆری ئەو فیلم کارتۆنانە، کە بەرهەمدەهێنرێن یاخود دۆبلاژدەکرێن تاکو رۆڵیان هەبێت لە فێرکردن وچەسپاندنی بەهاجۆراوجۆرەکان لای منداڵان، بەتایبەتی منداڵانی قۆناغی باخچە.

هەموو ئەو بیر و بۆچونانەی سەرەوە، ئەوە دووپاتدەکەنەوە، کە نەبوونی ئەم جۆرە توێژینەوانــە "ئەوەنـدەی تـوێژەر ئاگـادارە" لـە کۆمەڵگـەی کوردیـدا، گرفتـی هەنووکەییــە وپشتگوێخستنی دەبێتە هۆی نارێکی ونازانستیبوونی زیاتری ئەوبەرهـەم وفیلم کارتۆنانـەی، کە لەکەناڵە کوردییەکانەوە پەخشدەکرێت.

لەبەرڕۆشـنایی ئـەوەی باسـکرا کێشـەی توێژینەوەکـە بریتیـە لـە زانینـی بڕوئاسـتی کاریگـــەری فـــیلم کارتۆنـــە دۆبلاژکـــراوە کوردییـــەکان لەســـەر گەشـــەپێکردنی بـــەها پەرەوەردەییەکان لای منداڵان.

## ١-٣ گرنگی توێژینەوەکە:

لەسـەردەمی ئەمڕۆمانـدا یـەکێک لـە هۆکـارە دیارەکـانی کاریگەرییـەکانی پـەروەردە وفێرکردن بریتیە لە ڕاگەیاندن. بێگومـان کایگەری ئـەم ئامرازانـای ڕاگەیانـدن زیـاتر دەبێت کاتێـک ئاراسـتەی تـوێژی منـداڵان دەکرێـت چونکـە ئـەوان کاریگـەرترین چیـنن بـە دەزگـاو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەری تەلەفزیۆن توندوترو خێراترە لەسـەر منداڵ بەبـەراوورد بەگەورە.(خطیب: ٢٠٠٩:٣٥).

دەکرێت لەهەندێ کاتدا کاریگەری تەلەفزیۆن و فیلم کارتۆنـەکان، گـەورەتر وبـەهێزتر بێـت لـە کاریگــەری پرۆگرامــەکانی سیسـتـمی پـەروەردە لـە فێرکردنـی بەهاپـەروەردەیی وکۆمەڵایەتییـەکان لای منـداڵان چونکـە لـە ئێسـتادا منـداڵان زیـاتر سـەرقاڵ وپەیوەسـتن بـە شاشــەکانەوە، وەک لــە فێربـوون وپەیوەسـتبوون بـە سیسـتمی خوێندنـەوە، چـونکە ئەگەر منداڵێک ڕۆژانە بۆ مـاوەی (٣) کـاتژمێر سـەیری تەلەفزیۆن بکـات ئەوە لەمـاوەی (١٦) سـاڵی تەمەنیدا ، ئەو ماوەیەی بەدیار تەلەفزیۆنەوە بەسەری دەبات زیاترە لە هەموو ئەو مـاوەیەی کە بەخوێندنەوە سەرقاڵ دەبێت.(ماردینی:٢٠٠٧:٥٦)

لــەرۆژگاری ئەمڕۆمانــدا یــەکێک لەئامانجەســەرەکییەکانی ڕاگەیانــدن بەتایبــەتی تەلەفزیۆن وشاشەکانی پەخشکردن بریتیە لەڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە.ئەم ڕۆشنبیرکردنەش بـە دوو شـێوەیە شـێوەی یەکـەم بێ مەبەسـتە و کـەناڵ و دەزگـا ڕاگەیاندنەکە بەبێ ئەوەی مەبەسـتی بێـت کـار دەکـاتە سـەر وەرگـر بەهەردوو ئاراسـتەی بـاش و خـراپ. شـێوەی دووهــەمیش مەبەســتدارو بەرنامــەبۆدانراوە ، ئــەویش لــە ڕێگــەی بڵاوکردنــەوەی ئــەو زانیارییانەی کە خزمەت بە فەلسەفەی دەزگا و دامەزراوە ڕاگەیاندنەکە دەکات کە زۆر جار

ئەو زانیاری و بەرنامەوفیلمانە ئاراستەی چین و تویژی تایبەت لەکۆمەڵگەدا دەکریت وەک تویژی ژنان ومنداڵان.(ابو معال: ٢٠٠٠: ١٥).

یەکێک لەو تویژانەی کۆمەڵگە، کە زۆرترین بەرکەوتەو کاریگەری هەیە بە میدیاو بابەتە پەخشکراوەکان منداڵانن بە تایبەت لە کاتێکدا کە بابەتە پەخشکراوەکە هاوتا بێت بە حەزو خولیاکانی خودی منداڵ چونکە منداڵ بەسروشتی خۆی ئامادەیی تەواوی هەیە بۆ وەرگرتن و فێربوونی ئەو زانیارییانەی کە لەسەرچاوە جۆراوجۆرەکانەوە ئاراستەی دەکرێت.

منداڵ زۆربەی هەرە زۆری زانیاری و پرۆسەی فێربوون لەسەرەتای ساڵەکانی منداڵی ڕوودەدات وە لەسەرەتای ساڵی پێنجەمی تەمەنیدا بەشێکی زۆری لە لێهاتوویی و تواناکان وەردەگرین لەڕێگەی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی دەوروبەریەوە. منداڵ لەم تەمەنەدا هەندێک لە بەهاکان و شێوازی ڕوودانی بەشێک لە شتەکان لەدەوروبەرەوە وەردەگرێت تەنانەت دەکرێت منداڵ لەو تەمەنەدا فێری هەندیک لە رۆڵی رەگەزی ببێت( هیوز:٢٠٠٢: ٢٥).

ئاشکرایە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا منداڵان جۆرێک لە پابەندی و پەیوەستیان بەو بەرنامەوە بابەتانەوە هەیەکە لە شاشە جۆراوجۆرەکانەوە پەخش دەکرێن، بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکە تایبەت بێت بە دنیای خۆیانەوە. یەکێک لەو بابەتانەی کە منداڵان لەڕاگەیاندندا لە هەر بابەتێکی ترزیاتر پەیوەستن پێوەی بریتیە لە( فیلم کارتۆن) بەتایبەتی کاتێک ئەو بابەتە یاخود ئەو فیلم کارتۆنە بە زمانی دایک پەخش دەکرێت.ئەم پەیوەستبوونەش لەدواجاردا کاریگەری خۆی بەجێدەهێڵێت لای منداڵ. (د.ئەحمەد عکاشە) پسپۆڕو پزیشکی دەروونی پێیوایە کە منداڵان لەسەرەتاکانی تەمەنیاندا زیاتر باوەڕ بە شتە بینراوەکان دەکەن، وەک لە شتە وتراوەکان، چونکە گەشەی عەقڵیان نەگەیشتۆتە ئەو ئاڕاستەیەی کە درک بە شتە وتراوەکان بکەن و لە هەمان کاتدا ئامادەییان تێدایە بۆ وەرگرتنی شتە بینراوەکان بەتایبەتی کاتێک کە ئەو دیمەنە بینراوانە ئاوێتە بن بەڕەنگ و دەنگی سەرنج راکێش و جۆاروجۆر(فیلم کارتۆن بەنموونە). لە کۆتاییدا ئەو وێنە جوڵاو و سەرنج راکێشانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر گۆڕین و چەسپاندنی ڕەفتارو رۆڵی لە گۆڕینی ئاڕاستە و بەهاکان دەبێت.(عکاشە:٢٠١٣: ٤١).

زۆرلە توێژینەوەکان پەییان بەو کاریگەرییانە بردووە، کە فیلم کارتۆن لە ڕووی ڕەفتار و بەها و ژیرییەوە لای منداڵ بە جێی دەهێڵێت، هەروەک لە توێژینەوەیەکدا

کەلەزانکۆی (گلاسکۆی) بەریتانیا ئەنجام دراوە لەسەر (١١،٠٠٠)منداڵ. ئەنجامەکان ئەوەیان سەلماندووە ، کە ئەو منداڵانەی لە تەمەنی(٥)ساڵیدان و ڕۆژانە نزیکەی (٣)کاژێر سەیری فیلم کارتۆن دەکەن  ئەوا ئەو منداڵانە لە تەمەنی(٧)ساڵیدا زیاتر ئامادەییان تێدایە بۆ توندوتیژی و شەڕەنگێزی و درۆ و فێڵکردن.(شعراني:٢٠١٦:١٣)

**بەگشتی گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە:**

**تەوەری یەکەم:** گرنگی تایبەت بە ڕاگەیاندن بەگشتی و فیلم کارتۆن بەتایبەتی  و رۆڵ و کاریگەری ئەو فیلم کارتۆنانە لەسەر پەروەردەو ڕەفتار و بەهاکان لای منداڵ، کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەم جۆرە توێژینەوانەوە بەشێوەیەکی زانستی و سەلمێندراو کاریگەرییی ئەو جۆرە فیلم کارتۆنانە بزانرێت لەسەر منداڵی کورد و هەروەها لەسەر بەها و رەفتاری  بەگشتی چونکە  ئەوەی تێبینی کراوە توێژنیەوەی لەم جۆرە بە دەگمەن ئەنجام دراوە و ئەم پرسە لای پسپۆڕان و توێژەران هێشتا گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەگەر گرنگیشی  پێدرابێت بەشێوەیەکی زۆر سنووردار و کەمبووە، ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوانە لە کۆتایدا دەبنە یارمەتیدەر بۆ دیاریکردنی لایەنە باش و خراپەکانی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەسەرمنداڵان. ئەم دیاریکردنەش ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ بەرهەمهێنەران و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بەبەرهەمهێنانی فیلم ودرامای منداڵان لە کوردستان، بۆ باشکردنی کوالیتی  بەرهەمەکانیان و کارکردن لەسەر لایەنە پەروەردەیی ورەفتاریەکانی ئەو فیلم کارتۆنانەی کە دۆبلاژی دەکەن یاخود بەرهەمی دەهێنن.

**تەوەری دووەم:** گرنگی تایبەت بە کۆمەڵگەو نموونەی توێژنیەوەکەیە کە بریتیە لە منداڵانی قۆناغی باخچە، چونکە  ڕای زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردە و دەروونزانی  ئەوەیە کە قۆناغی باخچەی منداڵان یاخود قۆناغی(پێش چونە قوتابخانە)یەکێکە لە هەستیارترین و گرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ. هەروەک رۆسۆ پێیوایە ، کە تەمەنی(٣-٦)ساڵی  مرۆڤ ئەو تەمەنەیە، کە تێیدا هەموو چارەنووس و پاشەڕۆژی مرۆڤی دیاری دەکرێت (شربل و ئەبی فاضل:٢٠٠٤:٥٠).

بۆیە دەکرێت  ئەو قۆناغە لە ژیانی مرۆڤدا بقۆزینەوە و سوودی لێ وەربگرین بۆ فێربوون و چەسپاندنی رەفتاری ئەرێنی و پەروەردەیی کە دەکرێت یەکێک لەڕێگاکانی پەروەردەکردنی ئاکاریی وبەهایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بێت بەتایبەت ڕاگەیاندنی جوڵاو بینراو.

**تەوەری سێیەم:** گرنگی تایبەت بە پرسی بەهاکان چونکە وەک زانراوە بەهاکان بەیەکێک لە چەمکە سەرەکییەگرنگەکان دادەنرێن لە بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ وەیەکێکە لەو پرسانەی کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا رۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، چونکە بەها پەیوەستە بە پەیوەندییە کەسییەکان و رۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەلایەتی و پەروەردەیی و ئاینی و کلتورییەکان. دەتوانین بلێین بەهاکان پێویستییەکی گرنگی کۆمەلایەتین و هۆکارێکە بۆ ڕێکخستن و تۆکمەکردنی کەسایەتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەکەیدا بۆیە زۆربەی پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونزانی پێیان وایە کە بەها تایبەتە بە مرۆڤایەتی و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی مرۆڤایەتی ، واتە نەبوونی بەها لە مرۆڤدا مانای لە دەستدانی ڕەگەزەکەیەتی وەک مرۆڤ.

بێگومان منداڵیش لەو کۆمەڵگەو ژینگەیەی کە تێیدا گەورە دەبێت بەهۆی پرۆسەی کارلێکی کۆمەلایەتییەوە کە سەرچاوەکەی لە خودی کلتور و ئاین و ڕاگەیاندن و پەروەردەی ئەو کۆمەڵگەیەوە دێت بەهاکان وەردەگرێت.(عبدالعزیز :٢٠٠٠: ٦٤-٦٥).

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا زۆرجار پرسی بەهاکان پەیوەست دەکرێت بەئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بەتایبەتی تەلەفزیۆن وهۆکارەکانی پەخشکردن، بەجۆرێک لەئێستادا ڕاگەیاندن بەیەکێک لە گرنگترین هۆکارەکان دادەنرێت لە پرۆسەی جێگیربوون و گۆڕان و دروستبوونی بەهاکان لەنێو کۆمەڵگەدا (سابری: ٢٠١٨: ١١).

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە باسکرا دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە بە کورتی لەم خالانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە:

١) ئەو زانیاری و ئەدەبیات و تیۆرییانەی سەبارەت بە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە خراونەتە ڕوو، دەتوانرێت لە داهاتوودا لەلایەن فێرخوازان وتوێژەرانی دیکەوە سوودی لێ وەربگیرێت.

٢) ئەو گۆڕاوانەی ئەم توێژینەوەیە هەڵوێستەیان لەسەر دەکات بریتیین لە بەها پەروەردەییەکان و فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو، کە ئەمانەش چەند گۆڕاوێکی شیاو وگرنگن بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەبارەیانەوە.

٣) ئەو میتۆد وداتاوزانیارییانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی کرداری کاریان لەسەر دەکرێت و کۆدەکرێنەوە پەیوەستن بە بابەتێکی هەنووکەیی و هەستیار لە

سـەردەمی  ئەمڕۆماندا ، کە بریتیە لە کاریگـەری فیلم کارتۆنـە دۆبلاژکراوەکـان لـە گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە.

## ١-٤ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

لـە هـەموو توێژینەوەیەکدا چەند ئامـانج و مەبەسـتێک هەیـە، کـە تـوێژەر بەچەنـد ڕێگـەو ئامرازی جۆراو جۆر هـەوڵی دەستخسـتنی دەدات ، بەگشـتی ئامانجـەکانی ئـەم توێژینەوەیـە بریتیەلە:

١-دیـــاریکردنی کاریگـــەریی فـــیلم کـــارتۆنی دۆپلاژکـــراو لـــە گەشـــەپێکردنی بـــەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی دایک و باوکانەوە.

٢-دۆزینـــەوەی جیـــاوازی مانـــاداری ئامـــاری کاریگـــەری فـــیلم کـــارتۆنی دۆبلاژکـــراو لـــە گەشەپێکردنی بەها پەرەوەردەییەکان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی(ڕەگەز).

٣-دۆزینـــەوەی جیـــاوازی مانـــاداری ئامـــاری کاریگـــەری فـــیلم کـــارتۆنی دۆبلاژکـــراو لـــە گەشپێکردنی بەها پەرەوردەییەکان لای منداڵانی باخچـە بـەپێی گۆڕاوی(ئاسـتی خوێنـدەواری دایک وباوک)

٤-دۆزینـــەوەی جیـــاوازی مانـــاداری ئامـــاری کاریگـــەری فـــیلم کـــارتۆنی دۆبلاژکـــراو لـــە گەشـــپێکردنی بـــەها پەرەوردەییـــەکان لای منـــداڵانی باخچـــە بـــەپێی گـــۆڕاوی جـــۆری باخچە(حکومی/ناحکومی).

٥- ئامـانجی پێنجەم: دیـاریکردنی دیـارترین ئەو بەهـا و ڕەفتـارە ئەرێنـی و نەرێنیانـەی کە منداڵان لەرێگەی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکانەوە فێری دەبن لەروانگەی دایک و باوکانەوە.

## ١-٥  سنووری توێژینەوەکە:

١- سنووری  مرۆیی: بریتیە لە دایک و باوکی منداڵانی  قۆناغی باخچەی منداڵان.

٢- سنووری کاتی : توێژینەوەکە لە سالی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)ئەنجام دراوە.

٣- سـنوری جـوگرافی: بریتیـە لـە سـەرجەم باخچـەی منـداڵانی(حکومی و نـاحکومی) ناوسەنتەری شاری سلێمانی.

٤- سنوری بابەتی : فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان بۆ زمانی کوردی.

## ١-٦ دیاریکردنی زاراوەکان:

### ١-٦-١ کاریگەری:

• بریتیە لە توانای دروستکردنی گۆڕانکاری بەهێزو چەسپاو لە بیر ئاوەزی وەرگردا، پاشان جوڵاندنی هەستی .( العربي:٢٠١٠: ٤٩).

• بریتیە لە ئاڕاستەکردنی چالاکی کۆمەڵ یان تاک بە ئاڕاستەیەکی دروست لە ڕیگەی بەکارهێنانی چالاکییە کارگێڕییە بنەڕەتییەکان (پێشڕەویکردن – ڕێکخستن- سەرپەرشتیکردن- پەیوەندی).(شاعر: ٢٠٠٩: ٧).

• وشەی(کاریگەری)لە ڕاگەیاندندا بریتیە لە: هەموو ئەو ئامانجانەی کەدەستەبەر دەبن لەئەنجامی کاری (ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری) ئیتر ئەو ئامانجانە مەبەسداربن یان بێ مەبەست.(جابر: ١٩٩٨: ١٥٢).

### ١-٦-٢ فیلم کارتۆن:

• بریتیە لە کۆمەڵێک وێنەی بەدوایەکدا هاتوو کە گۆڕانکاریەکی کەم وخێرای تێدا دەکرێت بەمەبەستی وێنەگرتن و نمایشکردنیان لە شێوەی فیلمی سینەمایی .(ابو حسن: ٢٠٠١: ٢١١).

• بریتیە لە کۆمەڵێک وێنەی یەک بەدوای یەک، کە بەخێراییەکی دیاریکراو بەبەرچاوی بینەردا گوزەر دەکات، بەجۆرێک کە فێڵ لەچاوی بینەردەکات، کە بینەر بەشێوەی یەک پارچە و ڤیدیۆیەکی تەواو دەیبینێت.( عوف: ٢٠١٧: ١١٥).

• بریتیە لەو هونەرەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت هەرشتێک دروستبکرێت ، کە ژێری وخەیاڵی مرۆڤ پیشبینی دەکات.(Disney:1995:14)

### ١-٦-٣ بەها

• بریتیە لە کۆمەڵێک بنەما و پێوەر کە لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند دەکرێت ،دەبێتە پێوەر بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەفتار و کردەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە ،هەر لادانێک یاخود پەیوەست نەبوونێک بەو بنەما و پێوەرانەوە بە لادان لە بەهای کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت.( سعید :٢٠٠٨:٢٥)

• پێناسەی ( سمیس و ئەوانی تر ):- هەر شتێک کە شایەنی گرنگی پێدان بێت لەلایەن تاکەوە پێی دەوترێت بەها، کەلەسەر یەکێک لە بنەما (مادی، واتایی،کۆمەڵایەتی ، ڕەوشتی ، دینی ، جوانی) یەکان بنیادنراوە. ( ابو جادۆ: ٢٠١٥:٢٠٤).

• پێناسەی (روکیش) : یەکێک لە پێناسە گرنگەکانی (بەها) پێناسەکەی ( روکیش )کە پێی وایە بەها وێناکردنێکی چەسپاو و بەردەوامە کە دەبێتە هۆی جۆرێکی دیاریکراو لە ڕەفتار، کە مەبەست و ئامانجی هەیە.( ربیع: ٣١٧:٢٠١١) .

**١-٦-٤ بەهای پەروەردەیی:**

• بریتیە لە و بیروبۆچوون و بیردۆز و بریارەی کە مرۆڤ باوەڕی پێیەتی لە کۆمەڵگەدا ،بەبێ لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەکەی.(عثمان:٣٣:١٩٩١).

• بریتیە لە بیروباوەڕی چەسپاوی پەروەردەیی ، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ خۆگونجاندن تا بتوانێت بە رۆڵی خۆی هەڵبستێت، لە بەرامبەر خودی خۆی وئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی.(عبدالهادی:٢٠١١: ٢٠).

• بریتیە لە کۆمەڵێک پێوەر، کە منداڵ لەناوچوارچێوەی دامەزراوە پەروەردەییەکاندا وەریدەگرێت، بەشێوەی مەبەستدارو بێ مەبەست لە ڕێگەی پرۆگرامی فەرمی و نافەرمیەوە ،هەروەها لە ڕێگەی پرۆسەی فێرکاریە جۆراوجۆرەکانەوە و کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر ڕەفتارو بیرکردنەوەی.(الجهنی: ٢٠١٦: ٣٣٤).

• بریتیە لە کۆمەڵێک نمونە و بنەما کە پێویستە تاک و کۆمەڵگە پێوەی پابەند بێت. بەهای پەروەردەیی زنجیرەیەک ئەزمونە کە لەڕێگەی پاشخانی کۆمەڵایەتی و توانای عەقڵی و هەڵچوونەکانەوە پاڵپشت دەکرێت و لەکۆتایدا دەبێتە بۆچوونی تاک یان کۆمەڵگە سەبارەت بە ڕووداو و هەڵوێستەکان.(زیود :٣٤٢:٢٠١٢).

• بریتیە لە کۆمەڵێک بڕیاردان و پێوەری پێکەوە بەستراو کە تاک لە ڕێگەی کارلێک و مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستەکان و ئەزموونەکان وەری دەگرێت ، وە گرنگە ئەو بڕیاردان و پێوەرانە لەلایەن کۆمەڵگەوە پەسەند بێت تاکو ببێتە بەشێک لە ڕەفتار و بۆچوون بیرکردنەوە و ئاڕاستە و گرنگی پێدانەکانی تاک دواتر ببێتە بەشێک لە کەسایەتی.(زاهر :١٩٩٦: ٢٤).

**١-٦-٥ باخچەی منداڵان.**

• دامەزراوەیەکی پەروەردەیی حکومی یان ناحکومییە، ئەو منداڵانە وەردەگرێت کە تەمەنیان پێش قۆناغی چوونە قوتابخانەیە واتە (٤-٦) ساڵ ، ئۆرگانێکی بنەڕەتیەیە کە منداڵ لە ژینگەی ماڵ و خێزانەوە دەگوازێتەوە بۆقۆناغی بەدەست هێنانی ژیانی تایبەت،بۆیە پێویستە ئەم ئۆرگانە تەواوکاری ماڵەوە بێت بەجۆرێک منداڵ هەست بە دڵنیایی و متمانە و ئارامی بکات.(بۆکانی: ٢٠٢٠ : ٥٦) .

**١-٦-٦ منداڵی باخچە:**

• بریتیە لەو منداڵەی کە تەمەنی دەکەوێتە نێوان کۆتایی ساڵی سێهەم وسەرەتای ساڵی شەشەم ، بەم قۆناغەش دەوترێت (قۆناغی منداڵیی سەرەتایی- مرحلة الطفولة المبكرة). (بهادر: ١٩٩٦: ٩٤).

**١-٦-٧ قۆناغی باخچە:**

• بریتیە لە قۆناغی بنیادنانی تاک لە ڕووی گەشەی جەستەیی وژیری و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتیەوە، ئەم قۆناغە کاریگەریی قوڵی لەسەر ژیانی تاک هەیە لە دواڕۆژداوە لە هەریەک لەقۆناغەکانی هەرزەکاری وپێگەیشتوی وپیری ڕەنگدانەوەی دەبێت.(معوض: ١٩٨٣: ٦٥).

**١-٦-٨ پێناسەی ڕێکاری (کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان):**

بریتیەلە ڕێژەو ئاستی کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گەشەپێکردنی بەهای پەروەردەیی لای منداڵانی باخچە، کە بەو پلە و نمرەیە دەپێورێت لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە وەردەگیرێت لەئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوانکارەکە.

# بەشی دووەم

## ٢- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢-١ فیلم کارتۆن

### ٢-٢ بەهاکان

### ٢-٣ بەهای پەروەردەیی

### ٢-٤ توێژینەوەکانی پێشوو

### ٢-٥ تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم
# ٢- چوارچێوەی تیۆری

## ٢-١ فیلم کارتۆن

### ٢-١-١ چەمکی فیلم کارتۆن :

فیلم کارتۆن بە یەکێک لە لقەکانی هونەری حەوتەم هەژمار دەکرێت و شان بەشانی فیلم و دراماکان بەپێی سەردەمەکان گەشەکردنی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە لە ئێستادا بۆتە هونەرێکی تایبەتی سینەما و چەندین کۆمپانیا و دامەزراوەی تایبەت بەو بوارە بونیان هەیە.

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا فیلم کارتۆن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ژیانی منداڵان و هاوکارە بۆ دارشتنی لایەنەکانی کەسێتی منداڵ ، چونکە فلیم کارتۆن پێگەیەکی تایبەتی هەیە لای منداڵ لەبەرئەوەی فلیم کارتۆن ئەو هەموو ئەندێشە و بیرۆکانە لەخۆدەگرێت کە منداڵ لە خەیاڵیدا وێنەیان دەکێشێت، وە هەموو ئەو کارە سەخت و مەحاڵانانەی کە منداڵ ناتوانێت لە ژیانی ئاسایدا جێ بەجێیان بکات لە فلیم کارتۆنەکاندا دەستەبەر و جێ بەجێ دەبن، بێگومان ئەم پەیوەستبوونە توندە بە فیلم کارتونەوە لەلایەن منداڵەوە لە زۆر لایەنەوە ڕەنگدانەوە و کاریگەری دەکاتە سەرمنداڵ ، لە ئاڕاستەکردن و گۆڕانکاری کردن لەڕەفتار و بیرکردنەوە و ئەندێشەو ڕۆشنبیری منداڵدا ڕۆڵی دەبێت بەهەردوو ئاڕاستەی ئەرێنی و نەرێنی.

گرنگترین ئەو بەرنامەو پرۆگرامانای کە کاریگەرییی راستەوخۆی هەیە لەسەر بەها و رەفتاری منداڵ بریتیە لە فیلم کارتونەکان. دەکریت بڵێین کە تەلەفزیۆن بە گشتی و فیلم کارتۆن بە تایبەتی ئەگەر کاریگەرییی لەدامەزراوە پەروەردییەکان زۆرتر نەبێت کەمتر نیە چونکە لەئەنجامی تویژینەوە زانستیەکانەوە ئەوە دەرکەوتوە کە تەلەفزیۆن و فیلم کارتۆنەکان کاریگەرییی زۆری هەیە لەسەر گەشەکردنی هەستەوەرەکانی منداڵ وزیادکردنی زانیاری و چەسپاندنی هەندێ بەها،چونکە (٥٠٪) ئەو زانیاری و شارەزاییانەی منداڵ وەری دەگرێت لەرێگەی بینین وبیستنەوەیە.(قەرەچەتانی:٢٠٠٢: ١٣١-١٣٢).

له بنەڕەتدا فیلم کارتۆن بریتیە لە تەکنیکێکی سینەمایی کە یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی کەسایەتی و جیهانی خەیاڵ ، هەروەها بریتیە لە یەکێک لە شێوازەکانی جوڵاندنی سینەمایی کە پشت دەبەستێت بە بنەمای پێدانی ژیان و جوڵە بەوێنە و بوکەڵەکان ئەویش لەڕێگەی (بەدوا یەکداهاتن) بەپێی ڕیزبەندیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو کە بەپێی سیناریۆی دەرهێنەر دیاری دەکرێت .(مهدی :٢٠٠٥:١٥).

بەواتایەکی تر فیلم کارتۆن بریتیە لەو بەرنامانەی کە بیرۆکە و واتا لەخۆدەگرێت و پشت دەبەستێت بە جوڵاندنی وێنەی وەستاو، ئاڕاستەی منداڵ دەکرێت وتێیدا شێوازی دڵخوازی منداڵان بەکاردێت لە بەرهەم هێنانیدا. لەشێوەی کۆتایدا وەک فلیمێکی سینەمایی جوڵاو پیشان دەدرێت وە ئاوێتە دەکرێت بە دەنگ و میوزیک و گۆرانی وە کاریگەرییە دەنگیە جۆراوجۆرەکانی تیادا بەکاردێت بەمەبەستی جوڵاندنی هەست و سەرنجی منداڵ (معوظ :٢٠١٠:٥٦)

لەروی کارتێکردنەوە فیلم کارتۆن کاردەکات بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی منداڵان لەڕووی دەروونی و ڕەفتاری و ویژدانی و سۆزداری، پەیامی سەرەکی فیلم کارتۆن بریتیە لە یارمەتیدانی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردە و ڕاهێنانی ڕەفتاری و ئامادەکردنیان بۆ خۆ گونجاندن و ڕووبەڕوبونەوەی ئاستەنگەکانی ژیان و ئامادەبوون بۆ هەڵگرتنی لێپرسراوێتی ژیانی داهاتوو. (مخمیر:٢٠١١:٤٣)

## ٢-١-٢ مێژووی فیلم کارتۆن:-

مێژووی بەرهەم هێنانی فیلم کارتۆن دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو، کاتێک کۆمپانیاکان دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی فیلم کارتۆن بەشێوەیەکی سەرەتای و سادە، هەر زوو ئەم دیمەنانە چوونە ناخی بینەرەوە و کەسایەتی فیلم کارتۆنەکان ناسراو و بەناوبانگ بوون و بوونە جێی سەرنجی بینەر، وەک کەسایەتی (پاپای) کە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی(٨٠) ساڵ بەر لە ئێستا وە کەسایەتی (تۆم و جیری) کە لەساڵی(١٩٦٤)، یەکەم زنجیرەی بەرهەم هێنرا، لەسەرەتادا فیلم کارتۆن تەنها تایبەت نەبوو بە منداڵ بەڵکو گەورەکانیش شان بەشانی منداڵان بەدیار نمایشی فیلم کارتۆنەوە دادەنیشتن. (الحولی :٢٠٠٧:٢٥ ).

پێش ئەو مێژووەش بە چەند ساڵێک هەندێک هەوڵی تاکەکەسی سەرەتایی هەبوو بۆ دروستکردن و نمایش کردنی فیلم کارتۆن کە لەسەرەتادا بە (بوکەڵەی جوڵاو) ناوزەند

دەکرا . لە ساڵی (١٩٠٧) هونەرمەندی فەڕەنسی (ئیمێل کۆڵ) یەکەم کەس بوو زنجیرەی بوکەڵەی جوڵاوی بەرهەم هێنا بەناوی بوکەڵەی(fantasmajorie) کە وێنەی چەند بوکەڵەیەکی ڕەنگ سپی لەسەر باکگراوندێکی ڕەش دادەنا و تێیدا بوکەڵەکان چەند جوڵەیەکی سادە و سەرەتاییان دەکرد ,لەماوەی سالآنی (١٩٠٧-١٩٢٣) ئیمێل کۆڵ نزیکەی (٧٠٠) زنجیرەی فیلم کارتۆنی بەرهەم هێنا لە هەردوو وڵاتی ئەمریکا و فەڕەنسا.(چاوپێکەوتن:جەلال:٢٠٢٣)

ئەم هەوڵانە بەردەوام بوو بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی فیلم کارتۆن بەشێوەیەکی سادە و سەرەتایی تا ئەو کاتەی هونەرمەندی بەناوبانگ (واڵت دیزنی) وەک بەرهەم هێنەری فیلم کارتۆن دەرکەوت. (واڵت دیزنی) بە کۆڵەکەی سەرەکی هونەری فیلم کارتۆن دادەنرێت لەمێژودا بەجۆرێک ئەو یەکەم کەس بوو فیلم کارتۆنی کردە هونەر و پیشەسازی و بازرگانی، دیزنی داهێنەری کارەکتەری بەناوبانگ (میکی ماوس)ە کە لەساڵی ١٩٢٨ بەرهەمهات و هەروەها خاوەنی یەکەم کورتە فیلم کارتۆنی بێدەنگە بەناوی( Plan crazy) لە هەمان ساڵ فیلم کارتۆنی ( بەلەمەکەی وێڵی) بەرهەم هێنا کە بووە وەرچەرخانێکی مێژوویی لە هونەری فیلم کارتۆندا چونکە یەکەم فیلم کارتۆن بوو کە دەنگی لەگەڵدا بوو هەر لەو ساڵانەشدا (واڵت دیزنی) یەکەم کۆمپانیای فیلم کارتۆنی بەناوی خۆیەوە دامەزراند کە خاوەنی چەندین شاکاری بەناوبانگی فیلم کارتۆنە لەوانە (حەوت کورتە باڵاکە) کە بەیەکەم فیلم کارتۆنی درێژ مەودا دادەنرێت لە مێژوودا کە دەنگی لەگەڵدا بوو هەروەها فیلم کارتۆنی (پینۆکیۆ ١٩٤٠) و (ڕامبۆ ١٩٤١) و (بامبی ١٩٤٢) و (ساندرێلا ١٩٥٠) . (چاوپێکەوتن:مستەفا:٢٠٢٣)

ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کۆمپانیای (واڵت دیزنی) بەدەستی هێنا هانی هونەرمەندان و بەرهەم هێنەرانی سینەمایی دا کە کۆمپانیای هاوشێوە دابمەزرێنن ، لەساڵی ١٩٢٣ هەردوو هونەرمەند (ولیام حنا و جۆزیف باربیرا) کۆمپانیای (mgm) یان دامەزراند کە خاوەنی کارەکتەری بەناوبانگ (تۆم و جێری) بوو.( چاوپێکەوتن:مستەفا:٢٠٢٣).

### ٢-١-٣ جۆرەکانی فیلم کارتۆن:-

ئەو فیلم کارتۆنانەی لە ئێستادا لە شاشەکانەوە پەخش دەکرێن جیاوازیەکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە ، بەهۆی جیاوازی لە شێوازی بەرهەم هێنان و ئەو تەکنیکەی تێیدا بەکارهاتوە.

بەشێوەیەکی سەرەکی چوار جۆری سەرەکی لە فیلم کارتۆن هەیە.

**٢-١-٣-١ فیلم کارتۆنە سێ ڕەهەندەییەکان (3D animation):-**

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جۆرە فیلم کارتۆنانە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو بە دیاریکراوی ساڵی (١٩٩٥) کە یەکەم فیلم کارتۆنی ماوە درێژی سێ دووری بەرهەم هێنرا، زۆربەی فیلم کارتۆنە سینەماییەکان بەم تەکنیکە دەکرێت . لەم جۆرە فیلم کارتۆنانەدا کەسایەتیەکان یاخود بوکەڵەکان، بەهەمان سیستەمی دوو ڕەهەندی لەڕێگەی بەرنامەی جولێنەری تایبەتمەندەوە دروستدەکرێت پاشان ئەو شوێنانەی کە ڕووداوەکانی تێدایە بەشێوەی سێ رەهەندی دروست دەکرێت، دواتر بوکەڵەکان لەو شوێنە دروستکراوانەدا دەجولێندرێن واتە بوکەڵە دوو ڕەهەندییەکان لەناو جیهانی سێ ڕەهەندیدا بەکاردەهێنرێت بەوشێوەیە وێنەیەکی ڕوون ،نزیک لە ڕاستی دەخرێتە بەرچاوی بینەر. گرنگترین ئەو پرۆگرامە کۆمپیتەریانەی لەم جۆرە فیلم کارتۆنانەدا بەکاردێت بریتیە لە (maya.3Dmax-Bleder). (چاوپێکەوتن:وەکیل:٢٠٢٣).

**٢-١-٣-٢ فیلم کارتۆنی دوو ڕەهەندی (2D animation ):-**

ئەم جۆرە کۆنترین و بەناوبانگترین و بەربلاوترین جۆری فیلم کارتۆنە، لەسەرەتادا ئەم جۆرە لە فیلم کارتۆن لە ڕێگەی چەند وێنەیەکی کێشراوی یەک لەدوای یەکەوە بەرهەم دەهات، بە جۆرێک جیاوازیەکی زۆر کەم لەنێوان دە وێنەی یەک بە دوای یەک هەبوو، پاش جولاندنی وێنەکان بەخێراییەکی دیاریکراو یەک لەدوای یەک لەبەرچاوی بینەر وادەردەکەوت کە وێنەیەکی جولاوە لەشێوەی ڤیدیۆدا . بەلام لە ئێستادا ئەم جۆرە لە فیلم کارتۆن لەڕێگەی پرۆگرامی تایبەت و بەبەکارهێنانی کۆمپیتەر دەکرێت، کە تێیدا وێنەکان لە ڕێگەی چەند بەرنامەیەکی تایبەتی جولاندنەوە دەجولێندرێت بەشێوەیەک کە وەک وێنەیەکی جولاو ڤیدیۆیی دەردەکەوێت، لە گرنگترین ئەو بەرنامانەی لە بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە فیلم کارتۆنەدا کە بەکاردێن بریتیە لە(Adobe-animate-TV paint-mohe-Toon Boom). (چاوپێکەوتن:وەکیل:٢٠٢٣)

**٢-١-٣-٣ فلیم کارتۆنی وەستاو (Stop Animation):-**

ئەم جۆرە لە فیلم کارتۆن بریتیە لە دروستکردنی کەسایەتی و بوکەڵەکان لە (قوڕ- کاغەز-هەویر-مادەی تر) پاشان دروستکردنی ئەو ژینگەیەی کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات بەشێوەیەکی ڕاستی دواتر بوکەڵە دروستکراوەکان لەو جیهانە دروستکراوەدا

دەجولێنرێت و لەڕێگەی کامێرەی تایبەتەوە وێنەی یەک بەدوای یەکیان دەگیرێت دواتر لەڕێگەی مۆنتاج و ڕێکخستنەوە دەکرێتە ڤیدۆیەکی جولاو نیشان دەدرێت. وەک فیلم کارتۆنی (shaun the sheep) .

**٢-١-٣-٤ شێوە جولاوەکان :- (Graphics mation ):-**

ئەم جۆرە لە فیلم کارتۆن بە تازەترین جۆری فیلم کارتۆن دادەنرێت. لەڕووی بەرهەمهێنان و تێچونەوە لەهەر سێ جۆرەکەی تری فیلم کارتۆن گرانتر و ئالۆزترە. لەم جۆرە فیلم کارتۆنەدا وێنە و شێوەو وشە بەشێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش تێکەڵ دەکرێت و دەکرێتە گرتەیەکی ڤیدیۆیی نزیک لەڕاستی. بە زۆری ئەم جۆرە فیلم کارتۆنانە لە ڕیکلام و ڤیدیۆ فێرکارییەکاندا بەکاردەهێندرێن. لە گرنگترین ئەو بەرنامانەی لە بەرهەم هێنانی ئەم جۆرە فیلم کارتۆنەدا کە بەکاردێن بریتیە لە(Effe Adobe After) .

## ٢-١-٤ ئەرکەکانی فیلم کارتۆن:

**٢-١-٤-١ ئەرکی خۆشی وچێژبینین:-**

گەورەترین ڕۆڵ، کە فیلم کارتۆنەکان دەیگێڕن بریتیە لە لایەنی کەیف خۆشی و چێژ وەرگرتن، لە کاتێکدا دەبینین منداڵ بۆ ماوەیەکی درێژ بە بێدەنگی و بێ جولە بەدیار شاشەکانەوە دادەنیشن بەدڵ خۆشی و دەم بەخەندەوە بێ ئەوەی هەست بەبێزاری و وڕبوون بکات، کە ئەمەش مەبەستی سەرەکی فیلم کارتۆنە. هەندێکجار ئەو هەستەی منداڵ پێی دەگات دەگوازرێتەوە بۆ دایک و باوک و بەخێوکاران بەوەی هەست بە ئارامی دەکەن کاتێک دەبینن منداڵەکانیان گەشتونەتە ئەوپەڕی چێژو کەیف خۆشی . وە خۆشترین چێژ بینین لای منداڵان ئەو کاتەیە کە بەدیار فیلم کارتۆنەکانەوە دادەنیشن. (الزیان :٢٧:٢٠١٢).

**٢-١-٤-٢ ئەرکی پەروەردەی و فێرکاری:-**

هەندێک لە فیلم کارتۆنەکان هەوڵ دەدەن بۆ ئامانجی پەروەردەیی و فێرکردنی منداڵ ، هەر فیلم کارتۆنەکانن هەڵدەستن بە ئاڕاستەکردنی منداڵان لەڕووی ئادابی گشتی و ڕەوشتی بەرز و بەهای پیرۆز، کە زۆرجار دایک و باوک ناتوانن بەڕێگەی تایبەتی خۆیان ئەو ئامانجانە بەدی بێنن. گرنگترین ئەو بەهایانەش کە دەکرێت لەڕێگەی فیلم کارتۆنەکانەوە بڵاوبکرێنەوە بریتین لە بەهاکانی ( ڕاستگۆیی-یارمەتی-بەزەیی-ڕێز).

لەسەردمی ئەمرۆماندا راگایاندن و ئەو بەرنامانەی تێیدا پەخشدەکرێت وەک بەشێک لە دامەزراوەی پەروەردەیی ئەژماردەکرێت چونکە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی بیرو بۆچون و بەهاو زانیاری بۆ تاکەکانی کۆمالگا،هەر بۆیە دەکرێت بڵێین کە راگەیاندن بە گشتی رۆڵی کاریگەرییی هەیە لە دروستبوونی کەسایەتی منداڵ بەتایبەتی لە قۆناغی پێش چونە قوتابخانە.(محمود و خلیل:٢٠١٩:٢٩٠)

دیارترین ئەو زنجیرە فیلم کارتۆنە فێرکاریانەش بریتین لە زنجیرەکانی ( دۆرا-قوتابخانە-خلونە-ڕۆبۆتی زانیاری)، جگە لەوانەش دۆبلاج کردنی فیلم کارتۆنەکان ڕۆڵی دەبێت لە گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی منداڵ بەتایبەت ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی و هونەری دۆبلاژ بکرێت.

**٢-١-٤-٣ ئەرکی هۆشیاری:-**

هەندێک لە فیلم کارتۆنەکان هەوڵ دەدەن بۆ فێرکردن و ناساندنی منداڵان بە زۆربەی بنەما ڕەفتاری و ڕۆشنبیری و هۆشیاریەکان سەبارەت بە بابەت و هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان ، بۆ نمونە هۆشیارکردنەوەی منداڵان سەبارەت بە بنەماکانی تەندروستی پاک و خاوێنی و شێوازی پۆشینی جل و بەرگ بەپێی وەرزەکان . هەروەها ڕێکخستنی خەوتن و هەستان . (شەریف:٢٠١٩:١٩)

هەرلەم چوارچێوەیەشدا لەم ساڵانەی دوایدا پاش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا چەندین گۆرانی و گرتەی ڤیدیۆیی فیلم کارتۆن بەرهەمهێنران کەتایبەت بوون بە هۆشیارکردنەوەی منداڵان سەبارەت بە چۆنێتی خۆپاراستن و شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە.

**٢-١-٤-٤ ئەرکی ڕۆشنبیری:**

یەکێکی تر لە ئەرکەکانی فیلم کارتۆن ئەرکی ڕۆشنبیرکردنی منداڵان و هاندانیانە بۆ کرانەوەی زیاتر بەڕووی دنیادا و ئاشنابوونی زیاتر بەلایەنە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی و گەردون و سروشت بۆ نمونە زۆر فیلم کارتۆن بەرهەم هاتوون، کە تایبەتە بە رووداوە مێژووییە گرنگەکان کەلەڕابردوودا ڕوویان داوە، کە تێیدا منداڵان ئاشنا دەکرێن بەو مێژووە و ڕووداوەکانی وەک زنجیرە فیلم کارتۆنی (کریستۆڤەر کۆلۆمبۆس). لە لایەکی ترەوە فیلم کارتۆنەکان هەوڵ دەدەن بۆ گەشەپێدانی توانا عەقلی و هۆشمەندیەکانی منداڵان سەبارەت بە دەوروبەر و ژینگە و سروشت و جیهانی گیانداران، وەکو زنجیرە کارتۆنی (سیمبا) و

(ماوكلی) كه تايبەتن بە ئاشناكردنی منداڵان بە جيهانە فراوانەكەی ئاژەڵان. هەروەها ئەو فيلم كارتۆنانـەی كـە تايبـەتن بـە مێـژووی مرۆڤايـەتی و دروسـتبوونی ژيـان و ئـەو قۆناغانـەی مرۆڤايەتی پێياندا تێپەڕيوە .(شەريف:٢٠١٩:١٩).

**٢-١-٤-٥ ئەركی كۆمەڵايەتی:-**

يەكێكی تر لـە ئەركـەكانی فيلم كـارتۆن بريتيە لـە ئاشـناكردنی منداڵان بـە شـێواز و ڕەفتـار و كلتـوری كۆمەڵگەكـەی بـە جۆرێـك منـداڵ پـەلكێش دەكـات بـۆ نـاو كۆمەڵگەكـەی بەشـێوەيەكی هونـەری و زانسـتی. فـيلم كارتۆنـەكان هـەوڵ دەدەن لەڕێگـەی ئاخـاوتن و سـيناريۆكانەوە منـداڵان فێری داب و نـەريت و كلتـور و بـەها باڵاكـانی كۆمەڵگەكـەی بـكەن، زۆرجـار فيلم كارتۆنـەكان كـاردەكەن بـۆ چانـدنی كلتـوری كۆمەلايـەتی دروسـت و ڕەفتـاری كۆمەڵايەتی جوان لە ناخی منداڵاندا، بەتايبەت ئەو بەها و ڕەفتارانەی كە لەلايەن كۆمەڵگەوە پێشوازی لێ دەكرێت و ڕێ پێدراوە ،هەروەها كار لەسـەر دوورخستنەوەی منداڵان دەكەن لەو ڕەفتار و بەهايانەی كە لەلايەن كۆمەڵگەوە نەشياو و ڕێپێنـەدراوە، كـە ئەمـەش لەكۆتايـدا ڕەنگدانـەوەی دەبێـت لەسـەر خۆشـەويسـتی و پەيوەسـتی منـداڵ بـە كلتـورو داب و نـەريتی كۆمەڵگەكەيەوە.(تمار :٢٠٠٦:٥٨).

**٢-١-٤-٦ ئەركی بانگەشەكردن و بڵاوكردنەوە:-**

يـەكێكی تـر لـە ئەركـەكانی فـيلم كـارتۆن يـاخود هۆكـاری پشـت بەرهـەم هێنـانی فـيلم كـارتۆن بريتيـە لـە پرسـی بانگەشـەو بڵاوكردنـەوەی بيروبـاوەڕی جۆراوجـۆر، كـە لايـەنی بەرهەم هێنەر بڕوای پێيەتی بەمەبەست كار لەسەر بڵاوكردنەوەی دەكات . چونكە دەكرێت ئەو بيروباوەڕە بە ئاسانی لەڕێگەی فيلم كارتۆنـەوە لـە نـاخ و هۆشـی منداڵاندا بچێنرێت ،لـە هەندێ فيلم كارتۆنەكاندا تێبينی ئەوە دەكرێت، كە هەندێ ئاماژەی تيدايە بۆ بانگەشـەكردن و برەودان بە هەندێ بيروباوەڕ و ئايدۆلۆجيای ئـەوتۆ كە ناكۆكە لەگـەڵ كلتـوری كۆمەڵگـەدا وەك بانگەشـەكردن بـۆ گرووپێـك يـاخود ئايدۆلۆژيـەكی تايبـەت، بـۆ نموونـە دەكرێـت لـە ناوەڕۆكی ئەو فيلم كارتۆنانەدا، كە هاوردە دەكرێن و دۆبلاژ دەكرێن بانگەشەی تێدا بێت بۆ ئاينی مەسيحی يان بێ باوەڕی ياخود ئايدۆلۆژيای هاوڕەگەزخوازی، كە ئەمـەی دواييـان بـە چڕوپڕی كاری لەسەر دەكرێت، بێگومـان دووبارەكردنـەوەی ئـەم پـەيام و ئاماژانـە لـە دوور مەودادا كاريگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بيروباوەڕی منداڵی كۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵات كە بەگشـتی كۆمەڵگەيــەكی موسـوڵمانن هــەروەها دەبێتــەهۆی شـێواندنی ڕاسـتيەكان و

بەلاڕێدابردنی منداڵان و هەرزەکاران سەبارەت بە بنەما سەرەکیەکانی ئاینی ئیسلام و دروستبوونی گومان لای منداڵان و نەوەی داهاتوو.(خروبە :٢٠١٠:١٠).

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەیەک، کە لە کوەیت ئەنجام دراوە ، لە(٤٠٪) منداڵانی ئەو وڵاتە زانیاریەکانیان سەبارەت بە خوای گەورە و پێغەمبەر (د.خ) هەڵە و نادروست و تەم و مژاویە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بەرکەوتنی ئەو منداڵانە لەگەڵ فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکاندا کە زۆر دەستەواژەی بێ باوەڕی و دژە دینی تێدایە بۆ نمونە لە یەکێک لە زنجیرەکانی (سیمپسۆنەکان) باوکەکە دەڵێت "کێ ئەڵێت خودا هەیە؟ ئێستا ئەزانم خودا هەیە من خودام" .(شەهدی :٢٠١٠:٩٠)

**٢-١-٤-٧ ئەرکی ئاڕاستەکردن:-**

یەکێکی تر لە ئەرکە گرنگەکانی فیلم کارتۆن ئەرکی ئاڕاستەکردنە کە زۆرجار دەبینین فیلم کارتۆنەکان کار لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو دەکەن و هەوڵ ئەدەن منداڵان بۆ ئەو ئاڕاستەیە بەرن ،هەندێ لە فیلم کارتۆنەکان کار لەسەر لاوازکردن و بێ نرخ کردنی هەندێک بەهای جوان دەکەن بۆ نموونە زنجیرە فیلم کارتۆنی (گامبۆڵ) کار لەسەر ئەو ئاڕاستەیە دەکات، کە بەهای فێربون و خوێندن بێ نرخ بکات، کارەکتەری گامبۆڵ لەو زنجیرەیەدا کەسایەتیەکی گێل و تەمبەڵی هەیە و حەز بە خوێندن ناکات بەردەوام خەریکی فێڵ و تەڵەکەبازیە بەرامبەر بە مامۆستا و هاوڕێکانی و لەزۆربەی کارە گێرەشێوێنیەکانیدا براوە دەبێت.

دەکرێت ئاڕاستەکردن لەفیلم کارتۆنەکاندا، مۆرکێکی ئەرێنی و سودبەخشی پێوە بێت وە ئاڕاستەی منداڵ بکات بۆ کاری باش و بەخشین و هاوکاری و یارمەتی دان هەروەک لە زنجیرە کارتۆنی (ڕۆمیۆ) دا ڕەنگی داوەتەوە، کە تێیدا کۆمەڵێ هاوڕێی کەم دەرامەت دوور لە خێزانەکانیان لەشوێنێکی تر کاردەکەن، پێکەوە گروپێکی هاوکاری دروست دەکەن، کە لەخۆشی و ناخۆشی دا لەگەڵ یەکدان و پشتی یەکتردەگرن کە ئەم جۆرە دیمەنانەش لە فیلم کارتۆنەکاندا دەکرێت ئاڕاستەی منداڵ بکات بەرەو کاری باش و هاوکاری و لەخۆبوردەیی.

## ٢-١-٥ كاریگەرییەكانی فیلم كارتۆن لەسەر منداڵ لەقۆناغی پێش چوونە قوتابخانە:

قۆناغی منداڵی ئەو دنیا فراوانەیە كە لەڕووی پەروەردەیی و دەروونی و فێركاییەوە بە گرنگترین قۆناغەكانی ژیانی مرۆڤ ئەژمار دەكرێت بەو پێیەی سەرەتای دەست پێكردنی پرۆسەی كۆمەڵایەتی بوون و بونیادنانی كەسایەتیە لای مرۆڤ، منداڵ بەمەبەستی بونیادنان و گەشەكردن و دروستكردنی كەسایەتی خۆی لە قۆناغە جیاوازەكانی تەمەنیدا پشت بەزۆر هۆكاری دەرەكی بەستێت، لەوانە خێزان و قوتابخانە و ژینگەی كۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندن. زۆربەی پسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونی كۆكن لەسەر ئەوەی كە پێنج (٥)ساڵی یەكەمی تەمەنی منداڵ گرنگترین و كاریگەرترین قۆناغی ژیانی مرۆڤە هەریەكە لە (فرۆید و ئادلەر و یۆنگ )، لە بیردۆزەكانیاندا ئامەژەیان  بە گرنگی ئەو قۆناغە داوە لەژیانی مرۆڤدا. هەریەكە لەئێمە ئاسەوار و ڕووداوەكانی منداڵی لە كەسایەتیماندا ڕەنگی داوەتەوە وە زۆرجار ئەو كاریگەری و  ئاسەوارانە تاكۆتای قۆناغەكانی ژیانمان دەمێنێت.(محمد :٢٠١٣:٢٤٨).

یەكێك لەهۆكارە كاریگەرەكانی پەروەردە و فێركردن تایبەت بە منداڵان بریتیە لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەهەموو جۆرەكانیەوە ، چونكە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا دەزگاكانی ڕاگەیاندن شانبەشانی خێزان و قوتابخانە ڕۆڵیان هەیە لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردنی منداڵان بەجۆرێك لەهەندێ باردا ڕۆڵی دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەهێزتر دەبێت لەڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا. ڕاگەیاندن بەتایبەتی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراو هۆكارە بۆ وەرگرتن و چەسپاندنی گەلێك زانیاری و ڕەفتار لە بوارە جیاوازەكاندا وە هەر ڕاگەیاندنە كە ڕۆڵی لە دروست بوونی بەها و ئاڕاستەكان هەیە لای منداڵ. (محمد :٢٠١٣:١٦٥).

یەكێك لە گرنگترین و كاریگەرترین بابەتەكانی ڕاگەیاندن لەسەر منداڵان لەسەردەمی ئەمڕۆماندا بریتیە لە (فیلم كارتۆنەكان) كە بەشێوەیەكی سەرنج ڕاكێش ئاڕاستەی منداڵ دەكرێت و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەری، بەهۆی بوونی دەنگ و ڕەنگ و میوزیكی جۆراوجۆر كە ئاوێتەیە بە تەكنەلۆجیای سەردەم.

فیلم كارتۆن وەك هەر بابەتێكی تری ڕاگەیاندن كاریگەرییەكانی دوو لایەنەیە واتە بە هەردوو ئاڕاستەی ئەرێنی و نەرێنی  كار د لەسەر ڕەفتار و گەشەی پەروەردەیی منداڵ دەكات.

**٢-١-٥-١ كاریگەرییە ئەرێنیەکانی فیلم کارتۆن لەسەر منداڵ:-**

فیلم کارتۆنەکان بە هەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی کار دەکەنە سەر لایەنی بەهایی و رەفتاری و ویژدانی منداڵ لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە،بە گشتی دەتوانین گرنگترین کاریگەرییە باشەکانی فیلم کارتۆنەکان لەو قۆناغەدا لەم چەند خاڵەدا بخەیەنە روو:

١- فیلم کارتۆنەکان ڕۆڵیان هەیە لە پێدانی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی یادگەی منداڵان و ڕۆشنبیرکردنیان لە بابەت و بوارە جۆراوجۆرەکاندا بۆ نمونە لە هەندێ لە فیلم کارتۆنەکاندا منداڵان ئاشنا دەکرێن بە پیت و ژمارە و ڕەنگەکان و وشەکان یاخود هەندێ فیلم کارتۆن گرنگی دەدەن بە بوارەکانی جوگرافیا و مێژوو و گیانلەبەران کە بیری منداڵان فراواندەکات یادگەی پڕ زانیاری دەبێت سەبارەت بەو بابەتانە .

٢- فیلم کارتۆنەکان پاڵنەرن بۆ فراوان کردنی بونیادی ئەندێشە و بیری منداڵان ،هەندێ لە فیلم کارتۆنەکان منداڵان دەبەنە ناو دنیای خەیاڵ و فەنتازیاوە کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ فراوانکردنی مێشک و بیرکردنەوە، دەبینین هەندێ جار فیلم کارتۆنەکان منداڵان دەبەنە بۆشایی ئاسمان و شاخ و دۆڵ و قوڵایی دەریاکان کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ فراوان بون و گەشەکردنی خەیاڵ و ئەندێشە

٣- فیلم کارتۆنەکان بەتایبەت دۆبلاژکراوەکان هۆکارێکن بۆ پاراوبوون و گەشەکردن و کامڵ بوونی زمان لای منداڵ وە زۆر جار هۆکارێکیشن بۆ فێربوونی زمانی دووەم لای منداڵ. (حولی :٢٠٠٤:٩)

٤- فیلم کارتۆنەکان رۆڵیان هەیە لە تێربوونی هەندێ پێویستی دەروونی و هۆشی منداڵ و هەندێ لەڕەمەکەکانی منداڵ بەدی ئەهێنێ ،وەک ڕەمەکی گەڕان و پشکنین ، فیلم کارتۆنەکان وا دەکەن منداڵ ڕۆژانە شتی نوێ ببینن کە ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ دروستبونی حەزی کێبڕکێ و هەوڵ دان بۆ سەرکەوتن و بردنەوە.

٥- فیلم کارتۆنەکان هۆکارن بۆ پێدانی زانیاری دروست و گرنگ بە منداڵ سەبارەت بە بیروباوەڕ و بنەماکانی ئاین و فێربوونی ئادابی گشتی و چۆنێتی مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی تردا. ( طالب :٢٠١٩:٥٦٢).

٦- فیلم کارتۆنەکان گەشە بە توانا عەقڵی و ڕەفتارییەکانی منداڵ دەدات ئەمیش لەڕێگەی فێربوونی چەندین کارامەیی جۆراوجۆر کە یارمەتی دەرە بۆ سەرکەوتن و تێپەڕاندنی ئەو کۆسپ و لەمپەڕانەی لە داهاتوو دێنە بەردەمیان. (صالح :١٩٨١:٥٤)

٧- منداڵ لە ڕێگەی فیلم کارتۆنەوە هەندێ لە بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان وەردەگرێت یاخود گەشەی پێ دەدات، وەک بەهای (یارمەتی دان –قوربانی دان – خۆشەویستی –پاک و خاوێنی ....هتد). (حلومی ،٢٠١٣،٦).

**٢-١-٥-٢ کاریگەرییە نەرێنیەکانی فیلم کارتۆن لەسەر منداڵ:-**

لەگەڵ ئەو کاریگەرییە باشەی فیلم کارتۆنەکان هەیانە بۆسەر منداڵ بەڵام دەکرێت لە هەندێ باردا کاریگەرییەکە نەرێنی و خراپبێت بۆ سەر منداڵان، بە گشتی دەتوانین گرنگترین کاریگەرییە باشەکانی فیلم کارتۆنەکان لەو قۆناغەدا لەم چەند خاڵەدا بخەینە ڕوو:

١- هەندێ جار فیلم کارتۆنەکان لەڕێگەی دیمەنی توند و تیژ و وشەڕەنگێزیەوە هانی منداڵ دەدات بۆ ڕەفتاری توندوتیژو لاسایکردنەوە و زیانگەیاندن بە خودی خۆی و بە کەسانی چواردەوری. (حسن :١٩٨٧: ١٤٠).

٢- سەیرکردنی فیلم کارتۆن بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەبێتەهۆی کێشەی تەندروستی بۆ منداڵ بەهۆی تیشکی شاشەکانەوە کە کاردەکاتە سەرچاو و هەستی بینین، زۆر دانیشتن بەدیار شاشەکانەوە دەبێتەهۆی گرژبونی ماسولکە و ناڕێکی لە بڕبڕەکاندا.

٣- دوورکەوتنەوە لە ئاداب و ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگە و کەوتنە ژێر کاریگەری ڕۆشنبیری جیاواز و نامۆ بە کۆمەڵگە و دابونەریتی ئیسلامی.(سلمان:٢٠٠٥:١١٤)

٤- زۆرجار منداڵ بەهۆی زۆر مانەوە بەدیار شاشەکانەوە چالاکی و جوڵەی کەم دەبێتەوە کە هۆکارێکە بۆ خەمۆکی و تەمبەڵی کە دواجار دەبێتەهۆی ئەوەی کەمتر توانای یاریکردنی هەبێت لەکاتێکدا یاریکردن یەکێکە لە پێداویستیەکانی گەشەکردنی توانای جەستەیی و ژیری منداڵ.

٥- سنوردارکردنی بیرۆکەی داهێنەرانە لای منداڵ ڕایان دەهێنێت لەسەر ئاسانی و سادەیی شتەکان و هیچ بوارێک نادات بە منداڵ بۆ شیکردنەوە و ڕەخنە و تێڕامان چونکە لە فیلم کارتۆنەکاندا ڕووداوەکان بە ئاسانی و بێ ماندووبون چارەسەر دەبێت پێویستی بە بیرکردنەوەی ورد نیە.

٦- بەو پێیەی فیلم کارتۆن ناڕاست و دوورە لە سروشتی ژیانی ئاساییەوە، زۆرجار وا دەکات منداڵ لە خەیاڵ و پەنهاندا بژی و ئەو بڕوایەی لا دروست بێت کە ژیانی ڕاستیش بەهەمان شێوەی فیلم کارتۆنەکان دەگوزەرێت،کە دواجار دەبێتە هۆی

دورکەوتـنەوەی لە ژیـانی راسـتی و وونبـونی لە دنیـایی خەیـاڵ و فـیلم کارتۆنـدا. ( محمود:١٩٩٦ :٤٥٠-٤٥١) .

## ٢-١-٦ ئەو بیردۆزانەی کە ڕاڤەی کاریگەری فیلم کارتۆن دەکەن لەسەر منداڵ:-

### ٢-١-٦-١ بیردۆزی فێربوون بە سەرنجدان :-

باندۆرا دامەزرێنەر و ڕابەری ئەم قوتابخانەیە و لە ویلایـەتی ئـەلبێرتای کەنـەدا لـە دایکبـووە. بنەمـای سـەرەکی بیـردۆزەکە لەسـەر ئەوە بنیـادنراوە کە پرۆسـەی فێربـوون لـە ئەنجامی کارلێکی نێوان (وەرگر) و (وێنەی پیشاندراو) روودەدات، کەواتـە بـەپێی لێکدانـەوەی ئـەم بیـردۆزە پرۆسـەی فێربوون پشـت دەبەسـتێت بـە بینـین و تێبینـی کـردن و وەرگـرتن و دووبارەکردنەوە و چەسپاندن . (عتوم واخرون: ١٢٢:٢٠١٤) .

بیردۆزەکـەی بانـدۆرا بـە گرنگتـرین بیـردۆز دادەنرێـت کـە گەشـەی پێـدراوە بـۆ ڕاڤـەکردنی فێربـوون و وەرگرتنـی بـەهاکان لەڕێگـەی فـیلم کارتۆنەکانـەوە . بانـدۆرا کـاری لەسەر چەند توێژینەوەیەک کرد کە ئەنجامەکانیان ئەوەی ئاشکرا کردوە کە منداڵ بەئاسـانی فێری ئەونمونـەو ڕەفتارانـە دەبێت کە لەسـەر بنـەمای لاسـایی کردنـەوە وەری گرتـووە ، بـۆ نمـوونە منداڵ لاسـایی ئـەو ڕەفتـارە توندوتیژانـە دەکاتـەوە کـە لەڕێگـەی فیلم کارتۆنەکانـەوە تێبینی دەکات.

بەپێی بیردۆزەکەی باندۆرا پرۆسەی فێربوون لـە ڕێگـەی سـەرنجدانەوە بـە چـوار قۆنـاغ دا تێدەپەرێت:

١- قۆناغی ئاگایی : ئاگای هەنگاوی یەکەمە لە پرۆسەی فێربوون بە سـەرنجدان چونکـە ناتوانرێت لاسایی هیچ ڕەفتارێک بکرێتەوە ئەگەر بـە ئاگاییـەوە تێبینی نـەکرێت،کاتێک پرۆســەی ئاگــایی بــە تــەواوەتی جــێ بــەجێ دەبێــت کە نمونــەکان و دیمەنــە نمایشکراوەکان هەریەکە لە تایبەتمەندیەکانی (سەرنج ڕاکێش و جوڵە و کارامـەیی و دەنگـەکان)ی تێدا بێت کـە ئـەم تایبەتمەندیانـەش بـە تـەواوەتی لـە فیلم کارتۆنەکانـدا تێبینی دەکرێت.

٢- قۆنــاغی عــەمبارکردن : مەبەســت لەم قۆنــاغە بیرهاتنــەوەی ڕەفتــارە تێبینــی کراوەکەیە،پاشان عەمبارکردنی لە یادگەی درێژ مەودادا .

٣- قۆناغی دووبارە کردنەوە ( التکرار) : بریتیە لە توانای وەرگر یاخود تیبینی کـەر لـە دووبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارەی کە پیشانی دراوە و تێبینی کردوە.

٤- قۆنـاغی پاڵپشـتیکردن و سـزا : واتـە ئەگـەری دووبارەکردنـەوەی زیـاتری ئـەو ڕەفتارانەی پاداشتی بەدوادا دێت هەروەها کەمتر دووبارەکردنەوەی ئەو ڕەفتارانـەی کە سزای بەدوادا دێت.(خضراوي واخرون:٢٠٢٠:٧٧٤)

باندۆرا ساڵی (١٩٦١) تاقیکردنەوەیەکی ئەنجامدا لە دایەنگەیەکی زانکۆی (ستانفۆرد) . کە لە تاقیکردنەوەکەیدا (٧٢) منداڵی تەمەن (٦-٣) ساڵ بەکارهێنا. منداڵەکانی دابەش کرد بەسـەر (٣) گروپـدا. گروپـی یەکـەم ڕووبـەڕووی کەسـێک کرانـەوە کـە تونـدوتیژی و شەڕەنگێزی بەرامبەر بوو کە لەیەک ئەنجامدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. کۆمەڵەی دووەمیش ڕووبەڕوو کرانەوە لەگەڵ کەسێک ڕەفتاری نەرم و نیان و میهرەبانی لەگەڵ بوکەڵەیەکدا ئەنجام دەدا و کۆمەڵەی سێیەمیش گروپی بێ لایەن بوون ڕووبەڕووی هیچ هەڵوێستێک نەکرانەوە.

هەر سێ گروپەکە کرانە شوێنێکی تایبەتەوە کۆمەڵێک یاریان بۆ دانرا کە جۆراوجۆر بوو یاری نەرم و نیان و یاری توندوتیژ و شەڕەنگێز بۆ ماوەیەک لەو هەڵوێستە منداڵەکان مانەوە . پاشان باندۆرا تێبینی کرد، کە ئەو منداڵانەی بەرکەوتەیان هەبووە لەگەڵ دیمەنە توندوتیژەکـەدا هـەمان ڕەفتـاری توندوتیژ لەگـەڵ یاریـەکان تەنانـەت لەگـەڵ هـاوڕێ و دەوروبەریشیان دووبارەدەکەنەوە لە هەندێ باردا توندتر لەوەی پیشانیان درابوو، بەڵام ئەو منداڵانەی کە ڕووبەڕوو کرانەوە لەگەڵ دیمەنە میهرەبان و لەسەرخۆکەدا تێبینی هیچ ڕەفتارێکی توندوتیژیان لێ نەکرا کەشایەنی باس بێت، بۆیە باندۆرا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەکرێت منداڵ لە ئەنجامی سەرنجدان و لاسایکردنەوە فێری ڕەفتار و بەها و ڕەوشتی جۆراوجۆر بێت لەو وێنەو دیمەنانەوە کە ڕووبەڕوویان دەکرێتەوە کەواتە دەکرێت گشتاندن بۆ ئەو دەرەنجامە بکرێت بەوەی منداڵان لەڕێگەی فیلم کارتۆنەوە فێری ڕەفتار و بەهای جۆراوجۆر ببن لە ئەنجامی تێبینی و لاسایی کردنەوە.(زغول:٢٠١٠:١٤٤)

**٢-١-٦-٢ بیردۆزی چاندنی ڕۆشنبیری :**

بیردۆزی چاندنی ڕۆشنبیری بە یەکێک لە بیردۆزە گرنگەکان ئەژمار دەکرێت لە بـواری کاریگـەری ڕاگەیانـدن لەسـەر تـاک و کۆمەڵگـە، چونکـە ئـەم بیـردۆزە ڕاڤـەی ئـەو کاریگەریە دەکات، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکاندا ئەنجامی دەدەن.(مهنا:٢٠٠٢:٢٦٥) .

بیردۆزەکە وای دەبینێت، کە هەتا تاک ،کات زیاتر بەسەربەرێت لەبەردەم شاشەکاندا ئەوەندە کاریگەری ئەو کەنالانە زیاتر دەبێت وکەسەکە زیاتر دەچێتە ژێر کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن و دەزگا ڕاگەیاندنەکە. زۆرجار مرۆڤ هێندە کاریگەردەبێت بەو بەرنامەو زانیاریانەی کە لە کەناڵەکانەوە پەخش دەکرێت تا ئەو ڕادەیەی، کە بڕوا و متمانەی بەهیچ سەرچاوەیەکی زانیاری نامێنێت جگە لەو سەرچاوەی کە خۆی پێوە سەرقاڵ کردووە دەکرێت ئەم بیردۆزە سەبارەت بە منداڵ و کاریگەری تەلەفزیۆن هەمان ڕاڤەکردنی هەبێت بەتایبەتی کاتێک منداڵ زیاتر لە گەورە پەیوەستە بە تەلەفزیۆن و بەرنامەکانیەوە،بۆیە دەکرێت بڵێین بیردۆزی چاندنی ڕۆشنبیری لەڕووی ڕاڤەکردنەوە گونجاوتر و کاریگەرترە لە قۆناغی منداڵیدا چونکە منداڵ زیاتر لە هەر تاکێکی تر چاودێری کەناڵ و بەرنامە تەلەفزیۆنە جۆراوجۆرەکان دەکات. فیلم کارتۆنەکان کاریگەرترین بابەتی ڕاگەیاندنن لەسەر منداڵ، زۆرجار دەکرێت لەڕێگەی فیلم کارتۆن و زنجیرەکانەوە جۆرێک لە ڕۆشنبیری و کلتور لە ناخی منداڵدا بچێنرێت کە خزمەتی ئەجێندای تایبەتی ئەو لایەنە بکات کە فیلم کارتۆنەکەی بەرهەم هێناوە، بۆ نمونە زنجیرەی فیلم کارتۆنی ( سیمبسۆنەکان) باسی کلتور و گوزەرانی کۆمەڵگەی ئەمریکی دەکات بەشێوەیەکی کۆمیدی ئاسا، کاتێک ئەم فیلم کارتۆنە دۆبلاژ دەکرێت بۆ سەر زمانی کوردی بێگومان منداڵی کورد دەکەوێتە ژێر ئەجێندای ئەم فیلم کارتۆنەوە کۆمەڵێک بەها و ڕەفتار لە ناخیاندا دەچێنرێت کە دەکرێت پێچەوانە بێت لەگەڵ کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی، گرفتەکە ئاڵۆزتر دەبێت کاتێک منداڵ لە قۆناغە سەرەتاکانی تەمەنیاندا سەیری ئەم جۆرە فیلم کارتۆنانە بکات چونکە وەک ئاشکرایە منداڵ بەتایبەتی لە تەمەنەکانی سەرەتایی ژیانیدا بە ئاسانی و بەزویی ئەو شتانە وەردەگرێت لەبەرکەوتنی ڕاستەوخۆ و دوبارەی هەیە لەگەڵیدا.هەروەها منداڵ خاوەن تایبەتمەندی جۆراوجۆرە بۆ فێربوون وەک ڕۆڵبینین و لاسایکردنەوە و توانای دووبارەکردنەوە کە ئەمانەش لە فیلم کارتۆنەکاندا بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە.( حجاب :٢٠١٠: ٣٠٦-٣٠٧).

بیردۆزی ( چاندنی ڕۆشنبیری) سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سالانی (١٩٦٠) کاتێک کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا توند و تیژی خێزانی فراوانبوونی زۆری بەخۆیەوە بینی بە جۆرێک دەسەلاتدارانی ناچارکرد کە بەدوای هۆکار و پاڵنەرەکانی توندوتیژی خێزانیەوە بگەڕێن، داوا لە توێژەران و پسپۆڕان کرا کە هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ دیاریکردنی هۆکار و پاڵنەرەکانی دیاردەی توندوتیژی خێزانی (البشر :٢٠٠٣:٢٦ ).

توێژەران لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە توێژینەوەکانیانەوە کە سەبارەت بەم پرسە ئەنجام درا گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە تەلەفزیۆن و ئەوەی تێیدا پەخش دەکرێت ڕۆڵی هەیە لە چاندنی ڕۆشنبیری توندوتیژی لای وەرگر ، لەم ڕوانگەیەشەوە بیردۆزی ( چاندنی ڕۆشنبیری) سەری هەڵدا. ( جۆرج گاربنر) بە ڕابەری ئەم بیردۆزە دادەنرێت چونکە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە فراوانکردنی ئەم بیردۆزە، ئەویش لەڕێگەی توێژینەوە بەردەوامەکانی سەبارەت بە پرسی کاریگەریەکانی تەلەفزیۆن لەسەر ڕۆشنبیری و ڕەفتاری تاک.

بەپێی ئەم بیردۆزە ڕۆشنبیری تاک و ڕاگەیاندن دوانەیەکی وابەستەی یەکترن . بە واتایەکی تر ڕاگەیاندن لەسەردەمی ئەمڕۆماندا ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە دروستبوونی ڕۆشنبیری تاک لەناویشیاندا بەهاکان چونکە ڕۆشنبیری بریتیە لە توانای ڕێکخستنی چەمکەکان و تواناکان و بەهاکان و پەیوەندیەکان. ( طربیش :٢٠٠٦:٣٠٥).

لەگەڵ ئەوەی ئەم بیردۆزە بە گرنگترین بیردۆز ئەژمار دەکرێت لە ڕاڤەکردنی کاریگەریەکانی ڕاگەیاندن بەڵام بەدەریش نەبووە لە ڕەخنە و تێڕوانینی پسپۆڕان ،بەشێوەیەکی گشتی ئەو ڕەخنانەی لەم بیردۆزە گیراوە بریتیە لە :

١- نزیکی یان هاوواتایی بیردۆزی چاندنی ڕۆشنبیری لەگەڵ بیردۆزەکانی تردا، واتە ئەم بیردۆزە لەسەر هەمان بنەما کاردەکات، کە بیردۆزەکانی پێش خۆی ڕاڤەی کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنیان کردووە ، لەلایەکی ترەوە لە یەکەم خوێندنەوەدا وا دەردەکەوێت کە ئەم بیردۆزە پەیوەندی بە کۆمەڵناسیەوە هەیە، بەڵام خودی بیردۆزەکە مامەڵە لەگەڵ ئەو پەیامانەدا دەکات، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەخشی دەکەن ، ئەمەش جۆرێک تێکەڵی بەخشیوە بە بیردۆزەکە لەنێوان دوو بواردا .

ئەم بیردۆزە هاوتایە لەگەڵ بنەما سەرەکیەکانی بیردۆزی(ڕیزبەندی پێویستی) (ترتیب ئەولیات) چونکە بەپێی ئەم بیردۆزە سەرەتا نێرەر جۆری وەرگر و ئاستی ڕۆشنبیری وەرگر و حەز و خولیاکانی وەرگر دەست نیشان دەکات پاشان پەیامەکەی بۆ دەنێرێت ، بەهەمان شێوە بیردۆزی (چاندنی ڕۆشنبیری ) پێی وایە وەرگر بەدوای بابەت و بەرنامەی دڵخوازی خۆیدا دەگەڕێت لە هۆکارە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندا ، کەواتە دەکرێت بڵێن هەردوو بیردۆزەکە لەسەر هەمان گریمانە کار دەکەن.( البشر :٢٠٠٣ : ٣٠).

٢- لەو توێژینەوانەدا کە سەبارەت بەم بیردۆزە ئەنجام دراوە لەڕووی (نموونە و کۆمەڵگەی توێژینەوە)، جۆرێک لە تایبەتی وەرگرتووە بەو پێیەی هەموو

توێژینەوەکان لەسەر کۆمەڵگەی ئەمریکی و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کراوە کە ئەمەش بواری گشتاندن نادات بە ئەنجامەکان، دەکرێت کۆمەڵگەیەکی تردا هەمان ئەنجام نەدەن بەدەستەوە ، بۆ نمونە لە ساڵی (١٩٧٨) توێژینەوەیەک ئەنجام دراوە سەبارەت بە توندوتیژی خێزانی لە کۆمەڵگەی بەریتانیادا و ڕۆڵی تەلەفزیۆن لەو توندوتیژیەدا ، ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە کە هیچ پەیوەندیەک نیە لەنێوان توندوتیژی خێزانی و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن.

٣- بیردۆزەکە ئاماژە بە کاریگەریەکانی تەلەفزیۆن دەکات بە شێوەیەکی گشتی بەپێی گۆڕاوی (ماوەی سەیرکردنی تەلەفزیۆن )بەبێ گرنگی دان بە گۆڕاوی (جۆری بەرنامە )و (جۆری وەرگر).

٤- پەیوەندی لەنێوان سەیرکردنی تەلەفزیۆن و چاندنی ڕۆشنبیری دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ جۆری ناوەڕۆکی بەرنامە پەخشراوەکە واتە مەرج نیە هەموو بابەت و بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ببێتە هۆی چاندنی ڕۆشنبیری زۆرجار دەکرێت ئەو بەرنامانەی کە دڵخواز نیە لای وەرگر هیچ کاریگەریەک دروست نەکات لەسەری. ( طربیش :٢٠٠٦:٣٠٥).

**٢-١-٦-٣ بیردۆزی کاریگەریی ڕاستەوخۆ :**

بیردۆزی کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە ڕووی مێژوویەوە دەگەڕێتەوە بۆجەنگی یەکەمی جیهانی کاتێک دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵیان دەدا کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و خێرایان هەبێت لەسەر وەرگر و بیروباوەڕ و بەهاکانی.(عبدالله :٢٠٠٦ : ٢٦٥).

ئەم بیردۆزە لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریەکی گەورە و بەهێزیان هەیە لەسەر ئاڕاستە و ڕەفتاری وەرگر بەجۆرێک پەیامی ڕاگەیاندن وەک گوللە دەگاتە وەرگر و کاریگەری لەسەر بەجێ دەهێڵێت بە خێرایی ، ئەم بیردۆزە لەدوای توێژینەوەکانی (ڕۆڵد سویل و ئەلبرت)ەوە بنیادنرا، ئەم دوو توێژەرە چەندین توێژینەوەیان ئەنجام دا سەبارەت بە کاریگەرییە دەروونیەکانی ڕادیۆ لەسەر گوێگر ،یەکێک لە گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی ئەم بیردۆزە دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامە بەناوبانگەکەی ( اویسون وێلز) بە ناونیشانی ( داگیرکردنی زەوی لەلایەن مەریخەوە )،کە لەساڵی (١٩٨٣)دا پەخشکرا ، کە لەسەر بنەمایەکی خەیاڵ و ناڕاست کاری دەکرد، بەڵام تێبینی ئەوە کرا ئەم بەرنامەیە کاریگەریەکی زۆری کردۆتە سەر دەروونی وەرگر و ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵی تاکەکاندا

دروســـت کردبـــوو کە ئامـــاژە بـــوو بـــۆ کاریگـــەری خێـــرا و دەســـت بـــەجێی بەرنامـــە جۆراوجۆرەکانی دەزگاکانی لەسەر وەرگر. ( علیان:٦١: ٢٠٠٥ ).

ئـەم بیـردۆزە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـات، کـە پەیوەنـدی لـەنێوان تـاک و ئامرازەکـانی ڕاگەیانـدادا پەیوەندیـەکی کارتێکـەری بـەهێزە ، ئـەوەی لـە کـەناڵ و تەلـەفزیۆن و بەرنامـە جۆراوجۆرەکاندا پەخش دەکرێت کاریگەری ڕاستەوخۆ و دەست بەجێی هەیە لەسەر وەرگر ، بـۆ نمونـە کاتێـک منـداڵ وێنـەی تونـدوتیژی و شـەڕەنگێزی دەبینێـت لـە تەلەفزیۆنـەوە ڕاستەوخۆ لـە کـاتی سـەیرکردنی ئـەو دیمەنـدا یـاخود چەنـد سـاتێک دوای نمایشـەکە هـەمان ڕەفتار دووبارە دەکاتەوە. ( الصیف :١٩٩٨:٢٠٠٣).

**بیردۆزی کاریگەری راستەوخۆ لەسەر دوو گریمانە کار دەکات:-**

١- خـەڵک بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ پـەیام لـە ڕاگەیاندنـەوە وەردەگرێـت نـەک بەڕێگـەی لاوەکی.

٢- کاردانەوەی وەرگر بەرامبەر پـەیامی ڕاگەیاند بەشـێوەیەکی خێرا و ڕاسـتەوخۆیە وە تاک تەنها لـەژێر کاریگـەری ئـەو پەیامـەدا کاردانـەوەی دەبێت و کەسـانی تر ڕۆڵیـان نییە لە شێوازی تێگەیشتنی پەیامەکە، واتە کاتێک وەرگر پەیامێک یان زانیاریەکی پێ دەگـات لـە دەزگایـەکی ڕاگەیانـدنەوە، ئـەوە ڕاسـتەوخۆ کـاری تێـدەکات و ڕەفتـار و هەڵوێسـتی دەگۆڕێت بـەبێ گوێدانـە بۆچـوونی خـەڵکی لەسـەر ئـەو پەیامـە. ( مکـاوی وسیر:١٩٩٨:٢٢١).

ئـەم بیـردۆزە ڕاڤـەی ئـەو ڕەفتـار و هەڵوێسـت و بەهایانـە دەکـات کـە منـداڵ لـەکاتی بەرکەوتنی بە فیلم کارتۆنەکان وەریان دەگرێت. قۆناغی منداڵی زیاتر لەهـەر قۆنـاغێکی تر بەخێرایی کاریگەر دەبێت بـەو وێنـەو دیمەنانـەی کە ڕووبـەڕووی دەکرێتـەوە بـە تایبـەتی لـە شـێوازی فـیلم کارتۆنـدا، چونکـە بابـەتی دڵخـوازی منداڵانـە. هـەروەک تێبینـی کـراوە و توێژینەوەی لەبارەوە کراوە کاتێک منداڵان ڕووبەڕوو دەکرێنـەوە لەگـەڵ دیمـەنی توندوتیژی و شـەڕەنگێزی ئـەوە ڕاسـتەوخۆ ڕەنگدانـەوەی دەبێت لەسـەر ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتیان . کەواتە دەتوانین بڵێین بیردۆزی کاریگەری راستەوخۆ لە ڕاڤەکردنی کاریگەری فیلم کارتۆن لەسەر بەهاکانی منداڵ دەکرێت وەک بنەما کاری پێ بکرێت.

لەگەڵ گرنگی و کاریگەری ئەم بیردۆزە بەڵام ئەمەش بەهەمان شێوە بەدەر نەبووە لە ڕەخنەی توێژەران و پسپۆڕان. ڕەخنەکانیش بریتین لەوانەی خوارەوە:

١- بیردۆزەکە بە شێوەیەکی نەرێنی سەیری وەرگر دەکات بەوەی کە بەئاسانی و بێ لێکدانەوە ڕاستەوخۆ کاریگەر ئەبێت بە پەیام و ناوەڕۆکی بەرنامەو بابەتە پەخشراوەکان، ئەم بیردۆزە وەرگری بە مل کەچ ناوزەند کردووە لە بەرامبەر دەزگاکانی ڕاگەیاندا.کە ئەمەش ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی زۆر بۆتەوە لەلایەن کۆمەڵ ناسان و دەروون ناسانەوە چونکە ئەوان پێیان وایە تاک بەو هێندەیە ساویلکە و خۆش باوەڕ نیە تا بەئاسانی کاریگەر بێت بە پەیامی ڕاگەیاندن چونکە تاک خاوەنی پێکهاتەیەکی بیری و هۆشمەندی ئەوتۆیە کە پاشخانێکی باشی هەیە لە زانیاری و ڕۆشنبیری کە یارمەتی دەدات بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەوەی ئاراستەی دەکرێت .

٢- بیردۆزەکە تەنها جەختی لە ناوەڕۆکی پەیام کردۆتەوە بەبێ ئاماژە دان بە کاریگەری هۆکارە یارمەتی دەرەکان کە پەیوەندی بە دەزگا ڕاگەیاندنەکە و خودی وەرگرەوە هەیە وەک ئاستی ڕۆشنبیری تاک و ماوەی تەرخانکراو و جۆری دەزگای ڕاگەیاندن کە تا چ ڕادەیەک جێگەی متمانەی وەرگرە ،بە واتایەکی تر دەکرێت وەرگر خۆی بڕیار بدات لەسەر ئەوەی کەچی وەچۆن وە لەکوێ پەیام وەردەگرێت . کەواتە ئەکرێت هەموو ئەم هۆکارانە پێکەوە ئاستی کاریگەری پەیامەکە دیاری بکەن نەک بە تەنها پەیامەکە ( عضیف : ١٩٩٨:١٧).

**٢-١-٦-٤ بیردۆزی بەکارهێنان و تێربوونەکان :**

بنەمای سەرەکی ئەم بیردۆزە بریتییە لەوەی، کە وەرگر یان جەماوەر لایەنێکی چالاک و هۆشمەندە واتە وەرگر نەرێنی نییە بەڵکو هۆشیارە و بەشدارە لە هەڵبژاردنی جۆری ئەو پەیامەی کە ئاراستەی دەکرێت، وەرگر خۆی بڕیار دەدات، سەبارەت بەوەی چی وەردەگرێت و چی وەرناگرێت،بەپێی ئەم بیردۆزە وەرگرسەربەستە بەئاسانی ناکەوێتە ژێر هەژموونی هیچ دەزگاو پەیامێک بەڵکو بەپێی حەز و مەبەست و پێویستیەکانی خۆی جۆری بابەت و جۆری دەزگاکە هەڵدەبژێرێت . ئەم لێکدانەوەیە دەکرێت بۆ قۆناغی منداڵی زیاتر بچەسپێت بەوەی، کە منداڵ بەپێی حەز و ئارەزووی خۆی سەیری فیلم کارتۆن و بەرنامە منداڵەکان دەکات ئەوەی مەبەستی بێت سەیری دەکات و ئەوەی مەبەستی نەبێ لای دەبات بەبێ گوێدانە جۆری دەزگا و جۆری کەناڵ. کەواتە ئەم بیردۆزە تەواو پێچەوانەی هەریەکە لە بیردۆزەکانی (چاندنی ڕۆشنبیری) و(کاریگەری ڕاستەوخۆ)یە کە پێیان وایە وەرگر

کەسێکی نەرێنی و ساویلکەیە، ئەم بیردۆزە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەزگای ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ئەوتۆی نیە لە دیاریکردنی ئاستی کاریگەریتی بەڵکو جەماوەر یاخود وەرگر بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی ، چ دەزگایەک و چ جۆرە پەیامێک هەڵدەبژێرێت ، ئەم هەڵبژاردنەش لەلایەن وەرگرەوە وابەستەیە بە گرنگی دان و حەز و خولیای وەرگر چونکە تاک بەپێی ئەم بیردۆزە بەمەبەستی تێرکردنی پێویستیە مەعریفی و کۆمەڵایەتیەکانی پەیام و بەرنامەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەبژێرێت ، بە زۆری وەرگر لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هەوڵ دەدات هەریەکە لە پێویستیە مەعریفی و ویژدانی و کەسێتی و کۆمەڵایەتی و لایەنی کەیف خۆشی دەستەبەر بکات. ( خيرالله : ٢٠٠٦:١٥٦).

لە ڕووی مێژووییەوە بیردۆزی بەکارهێنان و تێربوونەکان دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەکانی هەریەکە لە ( هیرتا هیرزج - ١٩٤٤) و(بیرلسۆن- ١٩٤٥ )، کە تایبەت بوو بە ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامانەی کەبڵاودەکرانەوە لەو سەردەمەدا.ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوەی ئاشکراکرد کە ئەوەی ڕۆژنامەکان پێی هەڵدەستن بریتییە لە جێ بەجێکردنی داخوازی خوێنەران و گرنگی دان بە حەز و خولیای خوێنەر بۆ ئەوەی زۆرترین خوێنەر لە خۆیان کۆبکەنەوە.( مشاقبة:٢٠١١:٨٥).

بەشێوەیەکی زانستی و سەربەخۆ ئەم بیردۆزە لە ساڵی١٩٧٤ لەلایەن هەردوو نوسەر (بلومار ، کارتس )، لە کتێبی ( بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری ) وەک بیردۆزێکی سەربەخۆ ئاماژەی پێ درا.

لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤەی ئەم بیردۆزەوە، منداڵیش وەک هەر تاکێکی تر وەرگرێکی ئەرێنیە و لەهەڵبژاردنی ئامرازی ڕاگەیاندن و جۆری بەرنامە و فیلم کارتۆنی دڵخوازی خۆی سەربەست و خاوەن بڕیارە ، بۆ نموونە کاتێک منداڵ لەنێوان ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا ، تەلەفزیۆن هەڵدەبژێرێت هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم ئامێرە زیاتر لەگەڵ پێویستی و تێربوونەکانیدا یەکدەگرێتەوە وە کاتێک لەنێوان بەرنامە جۆراوجۆر و هەمەڕەنگەکانی تەلەفزیۆندا فیلم کارتۆن هەڵدەبژێرێت ئەمەش دواجار پەیوەندی بە حەز و خولیا و پێویستە دەروونی و ویژدانی منداڵەوە هەیە.

لە دیارترین ئەورەخنانەی لەم بیردۆزە دەگیرێت بریتین لە مانە:

١- کاتێک ئەم بیردۆزە باسی ڕەهایی سەربەستی وەرگر دەکات لە هەڵبژارنی جۆری دەزگا و جۆری بەرنامەدا جۆرێک لە زیادەڕۆیی تێدایە، چونکە هەندێ جار وەرگر وابەستەیە بە هەندێ هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیی کە دەبێتە

بەربەست لەبەردەم ئازادی ئەودا بۆ دیاریکردنی ئەوەی ، کە دەیەوێت ببینێت یان ببیستێت .

٢- هەندێ جار نەبوونی بژاردەی زۆر لەبەردەم وەرگردا ئەو سەربەستیەی لە هەڵبژاردندا سنوردار دەکات واتە کاتێک جەماوەر یان وەرگر ئەو هەڵبژاردنانەی، کە بەردەستن بۆی لە ڕاگەیاندنەکانەوە سنورداره و دیاریکراوە ئەوکاتە وەرگر بەناچاری هەڵبژاردن دەکات لەنێوان ئەو بابەت و پرۆگرامانەی کە بەردەستن ، لەم کاتەدا وەرگر دوبارە دەکەوێتەوە ژێر کۆنترۆڵی دەزگای ڕاگەیاندن و لە وەرگرێکی چالاکەوە دەکرێت ببێتە وەرگرێکی ناچالاک و وابەستە، بەمەش یەکێک لە گریمانەکانی ئەم بیردۆزە پوچەڵ دەبێتەوە . کە پێی وایە وەرگر سەربەستیەکی ڕەهای هەیە لە هەڵبژاردنی جۆری دەزگا و بەرنامەی تەلەفزیۆنی .

٣- بیردۆزەکە سەرکەوتوو نەبووە لە دیاریکردنی ئاستی تێربوون و جێ بەجێکردنی پێویستیەکانی وەرگر لەکاتی هەڵبژاردنی جۆر و شێوەی بەرنامە و بابەتی ڕاگەیاندن بەواتایەکی تر بیردۆزەکە بەدوای ئەوەدا نەچووە کە ئایا کاتێک وەرگر بەپێی پێویستی و تێربوونەکانی دەزگا و جۆری بەرنامە هەڵدەبژێرێت تاچ ئاستێک سودی لەو بابەتە یاخود لەو دەزگا ڕاگەیاندنە بینیوە بۆ تێربوونی پێویستیەکانی . چونکە مەرج نیە ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە وەرگر خۆی هەڵیدەبژێرێت بەپێی پێویست مەبەستە سەرەکیەکانی تێربوون و جێ بەجێکردنی پێویستیەکانیەتی بهێنێتە دی.(الطریش :٨٩:٢٠١٤ )

## ٢-١-٧ گفتوگۆکردنی بیردۆزەکان:

سەبارەت بەو بیردۆزانەی کە ئاماژەیان پێکراوە لەم توێژینەوەیەدا،سەرجەمیان ڕاڤەیەکی زانستی و دەروونیان بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن بەگشتی لەسەر وەرگر کردوە لە نێوانیشیاندا ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پەرەپێدان و گەشەکردنی بەها پەروەردەییەکان لای تاک لە قۆناغی منداڵی. سەرجەم بیردۆزەکان جەخت لە پەیوەندی پتەوی نێوان نێرەر و وەرگر دەکەنەوە لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا،کە پەیوەندیەکی دوئاراستە هەیە لە نێوانیانداو هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییی دەکاتە سەر ئەویتر.

سەرنجێکی تر سەبارەت بە بیردۆزەکان ئەوەیە کە سەرجەمیان جەخت لە گرنگی ئاستی ژیری و مەعریفی تاک دەکەنەوە لەکاتی بەکەوتنیان بە ڕاگایاندن و پەیامەکانی،بەواتایەکی تر تاک بەپێی ئەو ئاستە لە تیگەیشتن و هۆشمەندی کە هەیەتی

کـاریگەر دەبێـت بە پەیـامی ڕاگەیانـدن،ئەمەش دەمـانگەیەنێتە ئەو ڕاسـتیەی کە بەردەوام ئامـاژەی پێـدەکرێت کە منـداڵ کـاریگەرترین تـوێژی کۆمەڵگـایە بە ڕاگەیانـدن، چـونکە لە قۆناغێکی هۆشمەندی بەرزدا نیە کە بتوانێت لێکدانەوە بۆ بەرنامە و بابەتە پەخشکراوەکان بکات و چاک و خراپ جیا بکاتەوە بۆیە بە زووی دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو ئەجینداو پەیامەی کە دەزگای ڕاگەیاندن مەبەستیەتی.

هەریەکە لە بیردۆزەکان بەشێوەیەکی زانستی تایبەت ڕاڤەی بۆ کاریگەرییی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن کردۆتەوە لەسەر تاک و کۆمەڵ،بە جۆرێک هەر بیردۆزێک لە ناوەرۆکدا ڕێساو لێکدانەوەی تایبەتی هەیە بۆ شیکردنەوەی کاریگەرییی ڕاگەیاندن لەسـەر وەرگر بەگشتی. بۆنمونە بیردۆزی (فێربوون بە سەرنجدان) جەخت لە ڕۆڵی کاریگەرییی وەرگر دەکاتەوە لە پرۆسەی فێربون و وەرگرتنی بەهاکان دا بەتایبەتی لە قۆناغی منداڵی.لە کاتێکدا بیردۆزی (چاندنی ڕۆشنبیری) پێی وایە کە دەزگای ڕاگەیاندن ڕۆڵی کاریگەرییی هەیە لە پرۆسەی فێربون و وەرگرتنی بەهاکان نەک وەرگر،واتە ئەو بابەتانەی کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پەخشـدەکرێت کـاریگەرییی لەسـەر وەرگـر بەجێدەهێڵێت بەبێ لەبەرچـاوگرتنی ئاسـت و قۆنـاخی تەمەنـی وەرگـر. بەهەمـان شـێوە بیـردۆزی (کـاریگەرییی ڕاسـتەوخۆ) جەخـت لە کاریگەرییی خێراو ڕاستەوخۆی ڕاگایاندن دەکاتەوە لەسەر بینەر و وەرگر،پێی وایە بینەر بەناچاری وابەستەو دەستەمۆی ڕاگەیاندن و پەیامەکەیەتی.لەکاتێکدا بیردۆزی (بەکارهێنان و تێربونەکان) جەخت لەوە دەکاتەوە کە وەرگر هۆشمەندەو بەئاسانی ناکەوێتە ژێر ڕکێفی ڕاگەیانـدن و پەیـامەکەی،بەڵکو وەرگـر بەپێـی حەز و خولیـاو ئارەزوەکـانی خـۆی ،جـۆر و شێوازی ئەو بابەت و بەرنامانە دیاری دەکات کە مەبەستیەتی ببینێت.

بیردۆزەکان سەکەوتو بوون لە ڕاڤەکردنی زانستی  بۆ پرسی کاریگەرییی ڕاگەیاند لەسـەر وەرگـر،بەڵام تـوێژەر پێـی وایە کە گرنگتـرین و بەهێزتـرین بیـردۆز بـۆ ڕاڤەکردنـی (کـاریگەرییی فـیلم کـارتۆن لەسـەر منـداڵ) بـریتیە لە بیـردۆزی (فێربـوون بە سـەرنجدان)، چـونکە ئەم بیـردۆزە جەخـت لەوە دەکاتەوە کە پرۆسـەی فێربـوون بە سـەرنجدان بە چـوار قۆنـــاغی ســـەرەکیدا تێـــدەپەڕێت کە بـــریتین لە (ئاگـــایی-عەمبـــارکردن-دوبـــارەکردنەوە-پاڵپشتیکردن).منداڵ کاتێک سەیری فیلم کارتۆن دەکات سـەرەتا بەئاگاییەوە سـەیری ڕووداو و بەسەرهاتەکان و کەسیەتیەکان و ڕەفتارەکانیـان دەکات،پاشـان ئەو شـتانەی بینیویەتی لە ژێری و ئەندێشەیدا عەمباری دەکات، دواتر لە ژیانی ڕۆژانەیدا دوبارەیان دەکاتەوە،ئەگەر ئەم دوبارە کردنەوەیە لەلایەن دایک و بـاوک و دەوروبەرەوە پاڵپشتی کرا یـاخود ڕێگـری لێنەکرا ئەوە دەبێتە بەشێک لە ڕەفتاری و لە کەسایەتیدا ڕەنگ دەداتەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین کە ئەم توێژینەوەیە زیاتر لەسەر ئەم بیردۆزە کاری کردوە.

## ٢-٢ بەهاكان

### ٢-٢-١ چەمكی بەها :-

بەها یەكێكە لەو چەمكانەی كە زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵگە حەز بە زانینی ناوەڕۆک و ماناكەی دەكەن ، چونكە ئەم وشەیە ڕۆژانە و بەردەوام بەبەرگوێی تاكەكاندا دێت و لە زۆربەی گفتوگۆ كۆمەڵایەتی و پەروەردەییەكاندا ئامادەیی هەیە وەک دەستەواژە . لە بنەڕەتدا چەمكی بەها وەک دەستەواژەیەكی پیرۆز و گرنگ و پێویست ئەژمار دەكرێت لەسەرجەم كۆمەڵگەكاندا . بەها بناغەی هەموو ڕەوشت و ئاكارێكی جوان و باڵایە ، و هەمیشە ئەو كەسانەی كە بەهایان هەیە سەبارەت بە هەڵوێست و كەسەكان، لە ئاستێكی باڵا دان لەناو كۆمەڵگەدا. ڕەفتاری مرۆڤ بەها ئاڕاستەی دەكات واتە مرۆڤ هەر ڕەفتارێک دەكات ئیتر ئەو ڕەفتارە جوڵەیی یاخود زارەكی یاخود ویژدانی بێت ئەوە سەرچاوەكەی ئەو بەهایانەیە كە كەسەكە باوەڕی پێیەتی .

بەهۆی ئاڵۆزی و فراوانی سنوری واتایی بەها نەتوانراوە پێناسەیەكی جێگیری بۆ بكرێت بەڵكو هەر زانایە بەپێی تێگەیشتنی خۆی، یاخود لەهەر سەردەمێكدا بەپێی تایبەتمەندی ئەو سەردەمە، پێناسەی جیاواز بۆ بەها كراوە ،هەندێک لەپسپۆڕانی بواری پەروەردە و دەروونزانی، پێیانوایە بەها بریتیە لە كۆمەڵێک بنەما كە تاک خووی پێوە گرتووە و بۆتە بەشێک لە كەسێتی . وە پسپۆڕانی بواری كۆمەڵناسی بۆچوونیان وایە كە بەها بریتیە لە ئامانجێكی گشتی كە ناوەڕۆكەكەی بریتیە لە كاری باش و گونجاو لەگەڵ كلتور و ڕۆشنبیری كۆمەڵگە .(طبال ورتیمی:٢٠١٨:٣).

بەها یان وەرگیراوە لە كەسانی ترەوە یاخود لە ناخی هەر كەسێكدا وەک تۆو بوونی هەیە، كۆمەڵگە و پەروەردە و ژینگەش ڕۆڵی هەیە لە چەكەرەكردنی ئەو تۆوەدا. بەشێوەیەكی گشتی پرۆسەی گەشەكردنی كۆمەڵایەتی بە هەموو لایەنەكانیەوە ڕۆڵێكی سەرەكی هەیە لە گەشەكردن و دروستبوونی بەهای تاک، چونكە مرۆڤ زادەی كۆمەڵگەكەیەتی، بۆیە جۆر و شێوازی ڕەفتار و كلتوری كۆمەڵگەكەی كاریگەرییی هەیە لەسەری.

مەبەست لە گەشەكردنی كۆمەڵایەتیش بریتیە لەو كایە كۆمەڵایەتیانەی، كە كاردەكەنە سەر ڕەوتی ژیانی تاک،وەک خێزان و قوتابخانە و ژینگەو ڕاگەیاندن كە

هەریەکەیان بەپێی ئاستی جیاواز کاریگەریان هەیە لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاک کە دواجار ئەم کاریگەریەش رەنگدانەوەی هەیە لە دروستبوون و گەشەکردنی بەهادا.

مرۆڤ لە قۆناغەکانی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتیدا بەرکەوتنی هەیە لەگەڵ ئەو ئەزموونانەدا کە لەژیانیدا رووبەڕوویان دەبێتەوە ، ئیتر ئەزموونەکە بە مەبەست یاخود بێ مەبەست ڕووبەڕووی ببێتەوە ، لە ئەنجامی بەرکەوتنی بەو ئەزموونانە تاک کۆمەڵێک ڕەفتار فێر دەبێت لە ئەنجامی دووبارە کردنەوە و تێبینی کردنەوە ، کە ئەم ڕەفتارانە دەکرێت ببێتە بەشێک لە کەسێتی تاک و ئاڕاستەکەر بێت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستە جیاوازەکاندا. لە پرۆسەیەی فێربوونی ڕەفتاردا تاک کۆمەڵێک بنەمای لا دروست دەبێت کە لە کۆتایدا دەبنە (بەها)، کەواتە بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت بەهاکان ئاڕاستەمان دەکەن بۆ ئەوەی چی پێویستە بیکەین و چی پێویستە نەیکەین .

## ٢-٢-٢ واتایی فەلسەفی بەها :-

بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی فەلسەفیەوە دوو جۆر بەها هەیە ئەویش ( بەهای ڕەها) و(بەهای ڕێژەیی)یە. مەبەست لە بەهای ڕەها (مطلق) ئەو بەهایەیە کە لای مرۆڤ گرنگی و نرخەکەی بەرز و هەتا هەتاییە واتە لەهیچ بارودۆخێکدا گۆڕانی بەسەردا نایەت وە هەمیشە ئەو بەهایە نرخەکەی خۆی دەهێڵێتەوە لەهەر سەردەمێک یاخود بارودۆخێکدا بێت.

مەبەست لە بەهای ڕێژەیی(نسبی) ئەو بەهایەیە، کە بەپێی کات و شوێن و هەڵوێستەکان نرخی دەگۆڕێت، بە نەمانی ئامانجەکە یاخود هۆکارەکە نرخەکەی لەدەست دەدات ، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین بەهای ڕێژەیی کاتییە و پێویستی دروستی دەکات ، بۆ نمونە لەکاتی نەخۆشیدا بەهای ( دەرمان وخۆپارێزی) زۆر گرنگەو نرخی خۆی هەیە، بەڵام لەکاتی لەش ساغیدا بەهای ( دەرمان و خۆپارێزی) گرنگیەکی ئەوتۆی نیە، بەڵام بەهای (بەختەوەری) لە هەموو کات و لە هەموو سەردەمێکدا نرخ و گرنگی خۆی هەیە. بە واتایەکی تر بەهای (ڕێژەیی)، مرۆڤ بنیادی دەنێت بۆ شتێک یان هەڵوێستێک یان ڕووداوێک، بەشێوەیەکی کاتی و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ، بەڵام بەهای (ڕەها) ئەو بەهایەیە کە هەموو مرۆڤێک هەوڵی بۆ دەدات و مەبەستیەتی بەشێک بێت لە کەسایەتی. بۆ نمونە بەهای (جوانی) ئەو بەهایەیە کە هەموو مرۆڤێک هەوڵ دەدات پێی بگات،لە هەموو کاتێک و لەهەموو بارودۆخێکدا ، توێژەرانی بواری فەلسەفە لەسەر ئەوە کۆکن کە هەریەکە لە بەهاکانی(جوانی ، ڕاستی ، چاکە) لە هەرە گرنگترین بەها ( ڕەها) کانن. (ربیع:٢٠١١:٣١٨).

## ٢-٢-٣ وەرگرتنی بەها :-

مرۆڤ کاتێک لەدایک دەبێت خاوەنی هیچ بەهاو بیروباوەڕێک نییە، کە جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ هەڵوێست و شتەکان و کەسەکان و ئامانجەکان دیاری بکات ، پاش لە دایکبوون دامەزراوەکانی بەکۆمەڵایەتیکردن بەرپرس دەبن لە فێرکردن و ئاڕاستەکردنی تاک لەبەر ڕۆشنایی جۆری ڕۆشنبیری و کلتور و بەهای ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا گەشە دەکات.

یەکێک لە ڕێگەکانی گەشەپێکردن و وەرگرتنی بەهاکان لای منداڵ بریتییە لە پەروەردە و فێرکردن ، کە مامۆستا لەسەرەتای قۆناغی باخچەوە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی جۆری ئەو بەهایانەی کە لەگەڵ ئەو قۆناغەدا گونجاوە بەمەبەستی فێرکردن و چەسپاندنی لای منداڵانی ئەو قۆناغە ،پێویستە لەو قۆناغەدا مامۆستا هەروەها پرۆگرامەکانی خوێندن زیاتر گرنگی بدەن بەهای پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و جوانی و تەندروستی،ئەرکی سەرەکی مامۆستا لەم قۆناغەدا بریتییە لە هەوڵدان و کۆشش کردنی بەردەوام تا بە ئاسانترین ڕێگاو کەمترین ماوە ئەو بەهایانە لە ناخی منداڵدا بچەسپێنێت، لەڕێگەی چیرۆک و گۆرانی و نمایشی فیلم کارتۆن و چالاکی جۆراوجۆرەوە، چونکە ئەم قۆناغە بناغەیە بۆ قۆناغەکانی داهاتووی ژیانی مرۆڤ و گرنگترین قۆناغە.( رضوان:٢٠٠٨:١٥٣)

بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک سەرچاوەو هۆکار هەن کە لەڕێگەیانەوە تاک بەهاکان وەردەگرێت وفێری دەبێت ئەو سەرچاوانەش بریتین لە :-

### ٢-٢-٣-١ خێزان :

یەکەم ژینگە، کە منداڵ چاوی پێدا هەڵدێنێ خێزانە وە خێزان بە کاریگەرترین هۆکارەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی منداڵ ئەژمار دەکرێت، کە تێیدا منداڵ فێری سەرەتاکانی ڕەفتار و ئادابە گشتی و بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان دەبێت ، هەر لەناو خێزاندا منداڵ بەشێکی گرنگ لە ماف و ئەرکەکانی فێردەبێت لە ژیانیدا هەروەها فێری لێپرسراوێتی دەبێت لە کۆمەڵگەدا. ( صابری: ٢٠١٩:٤٠).

منداڵ لەناو خێزان یەکەمین قۆناغەکانی ژیانی دەست پێدەکات ، یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک و باوک و خوشک و براکانیەوە دەست پێدەکات، منداڵ یەکەم نمونەی بینراو دووبارەکردنەوە لە خێزانەوە وەردەگرێت ، وەرگرتنی بەها سەرەتاییەکان و ڕەفتارو درک پێکردنەکان و هەڵچوونەکان لەو خێزانەوە دەبێت کە منداڵ تێیدا دەژی ، هەر لەو خێزانەوە منداڵ فێری باش و خراپ و بەنرخ و بێ نرخ و گەورە و بچووک و زۆربەی

بەهاکانی تر دەبێت ، دەکرێت لەو قۆناغەدا جگە لە خێزان هەندێ هۆکاری تریش ڕۆڵیان هەبێت لە دروستبوونی بەها ورەفتاری منداڵ وەک ڕاگەیاندن ، بەڵام لە قۆناغە سەرەتاکانی ژیانی تاک، خێزان بە یەکەم قوتابخانەی فێربوونی بەها دادەنرێت.

**٢-٢-٣-٢ قوتابخانە:**

دوای خێزان قوتابخانە وەک سەرچاوەی وەرگرتن و فێربوونی بەهاکان هەژمار دەکرێت بەهۆی ئەو پێگە گرنگەی کە هەیەتی لەڕووی پەروەردەیی فیرکردنەوە.
ئەو پرۆگرامانەی کەلە قوتابخانەدا دەخوێندرێت ڕۆڵی هەیە لە ئاشنابوون و تێگەیشتنی منداڵان بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و وەرگرتنی بەها و ڕەفتار و ئاراستەی گونجاو و ئەرێنی، کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی منداڵ لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و توانای خۆگونجاندنی بەرامبەر بە هەڵوێست و ڕووداوەکانی ژیان. ئەو بەها و ڕەفتارانەی کە لەڕێگەی قوتابخانەوە منداڵ فێری دەبێت ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆری کەسێتی و پێگەیی کۆمەڵایەتی دەبێت لە داهاتوودا.

دامەزراوەی قوتابخانە وەک ناوەندێکی پەروەردەو کۆمەڵایەتی لەسەردەمە جیاوازەکاندا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەوە کراوە ئەمەش بەهۆی ئەو گرنگی و قورساییەی کە هەیەتی لە کۆمەڵگەدا ، هەروەها بەهۆی ئەو چاوەڕوانیە زۆرەی کە لە کۆمەڵگەدا لەم دامەزراوەیە دەکرێت هەر لە چوونی منداڵان بۆ ناو ئەو دامەزراوە پەروەردەییە هەتاوەکو دەرچوون و تەواوکردنی خوێندن تێیدا ( عامر :٢٠٠٢:٨٥).

منداڵ لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا لەگەڵ کۆمەڵێک دەستەواژە و چەمک و مانایی جۆراوجۆری بەهایی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە یارمەتی دەدات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەو کۆمەڵگەکەی لە ژیانی ڕۆژانەیدا. دەکرێت قوتابخانە ڕۆڵی پاڵپشت و بەهێزکەر ببینێت بۆ ئەو بەهایانەی کە منداڵ لەناو خێزاندا فێری دەبێت و وەری دەگرێت یاخود ڕۆڵی هەبێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو بەهایانەی کە منداڵ لە خێزانەوە وەری گرتوە، بۆیە دەکرێت قوتابخانە وەک تەواوکەری پەروەردەیی خێزان سەیربکرێت لەڕووی پەروەردە کردن بە گشتی و فێربوونی بەها جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی .(رشوان: ٢٠٠٢:٨١)

**٢-٢-٣-٣ هاورێ :**

منداڵ لە قۆناغە سەرەتاکانی ژیانیدا پاش خێزان، دەچێتە ناو کۆمەڵگە و ژینگەی دەرەوەی خێزان، ئەوکات بە کەسانی نوێ و ڕەفتاری نوێ ئاشنا دەبێت کە جیاوازە لەو ڕەفتار و بەهایانەی بە زۆرە ملێ لەناو خێزاندا فێری کراوە. منداڵ کاتێک دەچێتە دەرەوە

کۆمەڵە کەسانێک دەناسێت، کە بەرکەوتنی و تێکەڵی پەیدا دەکات لەگەڵیاندا و زۆرجار ئەم بەریەکەوتن و تێکەڵیە دەبێتە هۆی کاریگەربوون بە یەکتر، چونکە منداڵ لەوکاتەدا بە دوای خودی خۆیدا دەگەڕێت لەدەرەوەی خێزان بۆ تێرکردنی خواست و پاڵنەرەکانی بەتایبەتی ئەو خواست و پاڵنەرانەی کە لەناو خێزان یاساغ و ڕێ پێنەدراوە ، بۆیە پەنادەباتە بەر هاوڕێیەتی و کەسانی تر لە دەرەوەی خێزان وەک شوێنگرەوەی تاکەکانی خێزانەکەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو خواستانەی کە لەناو چوارچێوەی خێزان ئەستەمە جێبەجێکردنی ، ئەمەش لە هەندێ باردا دەبێتەهۆی فێربوون و وەرگرتنی هەندێ بەها و ڕەفتاری جیاواز لەوەی کە لەناو خێزان فێری کراوە . وەرگرتنی ئەم بەها و رەفتارانە لەدەرەوەی خێزان چەسپاوتر و قوڵترەو بە ئەستەم گۆڕانکاری تێدا دەکرێت چونکە منداڵ ئەو ڕەفتارانەی بە سەربەستی دوور لە هەر فشارێک وەرگرتووە ، وە بە خواستی دڵی خۆی جۆری بەها و ڕەفتاری دیاریکردووە نەک بە زۆرە ملێ و بە ناچاری وەک ئەوەی کە لەناو خێزان و قوتابخانە فێری دەبێت ، لەکۆتایدا هەر ئەو بەها و ڕەفتارانەیە کە لایەنێکی سەرەکی کەسێتی منداڵ دیاریدەکات. (نەعیمە :٢٠٠٢: ٢٩)

کەواتە شان بەشانی خێزان و قوتابخانە ، ژینگەی دەرەوەی خێزانیش ڕۆڵی هەیە لە وەرگرتن و فێربوونی هەندێ بەها لای منداڵان.

**٢-٢-٣-٤ ئایین و ناوەندەکانی خوداپەرستی:**

سەرچاوەیەکی تری وەرگرتن و فێربوونی بەهاکان(ئایین و بنەماکانیەتی)، بێگومان ئایین بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی کۆمەڵگەکان ، بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا، لایەنێکی سەرەکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاک وابەستەیە بە ئاینەوە ، بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە جۆرێک لە جۆرەکان ملکەچی بەها و بنەماکانی ئاینن و پەیڕەوی لێ دەکەن .

هەر ئاینێک ( ئاسمانی یاخود زەمینی) کۆمەڵێک بەها و ئاڕاستەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ڕێکخستنی ژیانی تاک و کۆمەڵ لە هەموو بوارەکاندا و زۆربەی ئاینەکان فەلسەفەکەیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێویستە تاک چاکەکار و سود بەخش بێت بۆ خودی خۆی بۆ کۆمەڵگەکەی، هەر مرۆڤێک پاداشتی ئەو کردەوە چاکانەی یاخود سزای ڕەفتارە خراپەکانی بە جۆرێک لە جۆرەکان وەردەگرێتەوە، لەم ژیانە یاخود لە ژیانێکی داهاتوو . هەر لەسەر ئەم بنەما فەلسەفیەش هەر دینێک کۆمەڵێ بەهاو پرنسیپی تایبەتی هەیە کە شوێنکەوتوانی ناچار دەکات پابەند بن پێیانەوە وە پارێزگاری لێ بکەن، زۆرجار دامەزراوە دینییەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵدەستن و لەڕێگەی هۆکارە

جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی چاندنی هەندێ بەهای تایبەتی دەدەن لە ناخی شوێنکەوتوانیاندا بەمەبەستی دروستکردنی تاکێکی سودبەخش بە کۆمەڵگە و ملکەچ بۆ خواوەند . گرنگترین ئەو ڕێگایانەی کە ئاینەکان بەکاری دێنن لە چەسپاندنی بەهاکاندا بریتیە لە شێوازی ترس و هەڕەشەکردن لەگەڵ بنەمای پاداشت و سزا.( الصاحب :٢٠١١: ١٦٤).

**٢-٢-٣-٥ هۆیەکانی ڕاگەیاندن:**

لەسەردەمی ئەمڕۆماندا ڕاگەیاندن زیاتر لە هەریەکە لە خێزان و قوتابخانە و هاوڕێ و تەنانەت ئاینیش ڕۆڵیان هەیە لە وەرگرتن و چەسپاندن و گۆڕینی بەهاکان بەتایبەتی لای منداڵان. بەجۆرێک کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا و کاریگەریەکی گەورە بەجێ دەهێڵن لە ڕەفتارو ئاراستە و بەهاکانی تاک، هەڵوێستە ئەرێنی و نەرێنیەکانی مرۆڤ زۆربەی کات لەو وێنە ئەندێشەییانەوە(الصور الذهنية) سەرچاوە دەگرێت کە لەبیرو یادەوەرییاندایە، سەرچاوەی ئەو وێنە ئەندێشەییانەش بێگومان ئەو ڕووداو و دیمەن وێنانەیە کە لە شاشەکانەوە ئاراستەی دەکرێت.(الدليمي :٢٠١٢: ٢١٣).

زۆربەی توێژینەوەکان ئەوەیان پشت ڕاست کردۆتەوە کە گەشەی عەقڵی و هەڵچوونی کۆمەڵایەتی منداڵ زۆر کاریگەرە بەو وێنەو بابەتانەی ئاراستەیان دەکرێت لە ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە بەتایبەتی ئامرازە( بینراووبیستراوەکان ).(درويش:١٩٩٩:٥٩)

ڕێژەی (١٠٪)ی ئەو زانیاریانەی منداڵ وەری دەگرێت لەرێگەی خوێندنەوەوەیە هەروەها (٢٠٪)ی زانیاریەکانی منداڵ لەرێگەی ئەو ڕووداو چیرۆکانەوەیە کە دەیبیستێت وە (٣٠٪)ی زانیاریەکانی منداڵ لەرێگەی بینینەوەیە، لەکاتێکدا(٥٠٪)ی زانیاریەکانی منداڵ سەرچاوەکەی ئەو دیمەن و ڕووداوانەیە کە هەردوو هەستی بیستن و بینینی تێدا بەکاردێت،ئەم دوو هەستەش(بینین و بیستن) پێکەوە، لە فیلم کارتۆن و بەرنامە تەلەفزیۆنیەکاندا بوونیان هەیە(قەرەچەتانی:٢٠٠٢:١٣٢).

کەواتە دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندن بەتایبەتی بیسترا و بینراو لەسەردەمی ئەمڕۆماندا هۆکارێکی سەرەکی و کاریگەرە لە فێربوون و وەرگرتنی بەهاکان لای تاک بە گشتی وە لای منداڵان بەتایبەتی چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا منداڵ کاریگەرترین چینە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن .

## ٤-٢-٢ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گواستنەوە و گۆڕین و دروستبوونی بەها لای منداڵان:

ڕاگەیاندن یەکێکە لەو لایەنە کاریگەرانەی کە ڕۆڵی هەیە لە بنیادی بەهایی و ئایدۆلۆژی کۆمەڵگەکانی جیهانی سێهەم ، ڕاگەیاندن بە هۆکارە جیاوازەکانیەوە کاردەکات بۆ گواستنەوەی ئاراستە و بیروبۆچوون و وێنەکان لە دەرەوەی کۆمەڵگە بۆ ناو کۆمەڵگە کە زۆرجار ئەو ئاراستە و بەهایانە لەگەڵ فەلسەفەی گشتی ئەو کۆمەڵگەیەدا ناگونجێت . دەکرێت بڵێین ڕاگەیاندن بەدوو ئاراستە کاردەکاتە سەر کۆمەڵگە، ئاراستەی یەکەم بریتییە لە ڕۆشنبیرکردن و دەوڵەمەندکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە زانیاری و شێوازی نوێی ژیانکردن هەروەها چەسپاندن و بەهێزکردنی هەندێ بەهای کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لای تاک و کۆمەڵ . ئاراستەی دووەم بریتیە لە دروستکردن و چەسپاندنی هەندێ بەها و ئاراستە کە ناکۆکە بە کۆمەڵگەو بنەماکانی.

کاریگەری نەرێنی ڕاگەیاندن لەسەر تاک پەیوەستە بە جۆری کەسەکەو ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە، دەکرێت پەروەردەیی کۆمەڵایەتی کەسەکە هێندە بەهێز بێت کە توانای ئەوەی هەبێت کە ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکات و لایەنە باش و خراپەکانی هەڵبسەنگێنێت وە هۆشیار بێت لەوەی کەچی وەردەگرێت و چی وەرناگرێت .( أحمد ٢٦٨:٢٠٠٣) .

قۆناغی منداڵی بریتیە لە قۆناغی ڕاگوزەری لەنێوان جیهانی خەیاڵ و دوور لەڕاستی بۆ جیهانی واقع و ڕاستی ، بۆ ئەم گواستنەوەیە منداڵ پێویستی بە کۆمەڵێک کارامەیی و ڕەفتاری گونجاو هەیە کە هەندێ جار لەڕێگەی بۆ ماوەوە بەشێک لەو کارامەییانەی بۆ دەگوازرێتەوە و هەندێکی تر لە ژینگەو خێزان و پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگرێت. دەکرێت لەم نێوەندەدا ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەبێت لە فێربوون و وەرگرتنی هەندێ کارامەیی و بەها و ڕەفتار کە یارمەتیدەرە لە تێپەڕاندنی قۆناغی پشت بەستن بەکەسانی تر بۆ قۆناغی تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوون و پەیداکردنی توانا بۆ ڕاپەڕاندنی بارودۆخە جیاوازەکانی ژیانی . لە ئێستادا تەلەفزیۆن بەتایبەتی بەرنامە فیلم کارتۆنیەکان بە یەکێک لە گرنگترین هۆکارە سەردەمیەکان ئەژمار دەکرێت لە پەروەردە و ڕاهێنانی منداڵاندا بەتایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتادا.

تەلەفزیۆن وئەو بەرنامە منداڵانەی کە تێیدا پەخش دەکرێت (بەتایبەتی فیلم کارتۆن) دەکرێت لە سێ ڕووەوە ڕۆڵی هەبێت لە فێربوونی بەهاکاندا :

### ١-ڕۆڵی تەلەفزیۆن و فیلم کارتۆنەکان لە گواستنەوەی بەهاکان :-

زۆرجار دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت تەلەفزیۆنەکان کاردەکەن بۆ گواستنەوەی بەها و ئاداب و کلتوری کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر هەروەک( ڕۆڵد لا سویل) ئاماژەی پێداوە، کە لەسەردەمەکانی زوودا ئەوکاتەی ژیان سادە و دووربوو لە تەکنەلۆجیا و پێشکەوتن کۆمەڵگەکان بەشێوەی گروپی جیاواز لە ناوچەی جیاواز و دوور لەیەک دەژیان لەو سەردەمانەدا دایک و باوک لەڕێگەی دەماودەم و گواستنەوەی ڕاستەوخۆ هەوڵیان دەدا کە ئەو بەها و ڕەفتارانەی خۆیان لە باوانەوە وەریانگرتووە بیگوازنەوە بۆ نەوەکانیان بەمەبەستی پاراستن و مانەوەی نەوە دوای نەوە ، دوای دروستبوون و فراوانبوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیا، گواستنەوەی ئەو کلتور و بەها و ئاڕاستانە لەنێوان نەوەکاندا بووە کاری ئەو دەزگایانە ئەوان ئەو ڕۆڵەیان دەبینی ئەویش لەڕێگەی چیرۆک و فیلم و دراما و فیلم کارتۆنی جۆراوجۆر. (سید :١٩٩٨: ٧٢).

### ٢-ڕۆڵی تەلەفزیۆن و فیلم کارتۆنەکان لە گۆڕینی بەهاکان:-

ڕاگەیاندن بە گشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەتی کاردەکەن بۆگۆڕینی بەهاکان لای منداڵان بە هەردوو ئاڕاستەی ئەرێنی و نەرێنی، واتە دەکرێ هەندێ جار ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆنەکان بەتایبەتی فیلم کارتۆنەکان کار بکەن لەسەر گۆڕینی هەندێ بەهای نەرێنی و خراپ کە باوە لە کۆمەڵگەدا بۆ بەهای سودبەخش و ئەرێنی، بۆ نمونە پێشتر بەهای ( بێ دەنگی) لای منداڵ بە بەهایەکی باش ئەژماردەکرا بەجۆرێک، کە دایک و باوک پەروەردەکاران هەوڵیان دەدا ئەو بەهایە لە ناخی هەموو منداڵێکدا بچەسپێنێت، بەڵام تەلەفزیۆن و هەندێ بابەتی فیلم کارتۆن کە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا پەخش دەکرێت ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕینی ئەو بەهایە لە بەهایەکی باشەوە بۆ بەهایەکی خراپ و نەرێنی بەو پێیەی بێدەنگی منداڵ کاریگەری هەیە لەسەر دروستبوونی کەموکوڕی لە کەسایەتیدا.

لەبەرامبەردا هەندێ جار ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕینی بەهای ئەرێنی بە بەهای نەرێنی و خراپ لای منداڵان، کاردەکەن بۆ تێکدان و ناشرینکردنی هەندێ بەهای کۆمەڵایەتی باڵا کە لەناو کۆمەڵگەدا گرنگ و بەنرخە ، بۆ نمونە هەندێ زنجیرەی فیلم کارتۆن پیشان دەدرێت کە کار لەسەر تێکدانی بەهای خوێندن و بەهای ڕێزگرتن و بەهای پێکەوە ژیان دەکات لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا. بۆنموونە فیلم کارتۆنی ( تۆم و جێری)، کار دەکات لەسەر گۆڕینی بەهای ژیری بۆ بەهای فێڵ و تەڵەکەبازی بەوەی کە لە زنجیرەکانیدا هەمیشە کەسی فێڵباز و ئاژاوەچی دەیباتەوە و سەرکەوتوو دەبێت. زۆر نمونەی تر هەیە لە

فیلم کارتۆنەکان کە کاریان گۆڕینی بەها باشەکانی منداڵان بە بەهای خراپ و زیان بەخش . یاخود هەندێ جار فیلم کارتۆنەکان کار لەسەر گۆڕینی کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دەکەن و هەوڵ دەدەن کە کلتور و ئایدۆلۆژیای خۆیان بکەنە نمونەی باڵا و بیچەسپێنێت لە ناخی منداڵان و بینەردا، کە سەرئەنجام کاریگەری دەبێت لەسەر لادان و سەرەڕۆیی لە داهاتوودا.( قەرەچەتانی :٢٠٢٠: ٣٠٢).

### ٣-ڕۆڵی تەلەفزیۆن و فیلم کارتۆن لە دروستبوونی بەهای نوێ :-

لەگەڵ ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە تەلەفزیۆن و فیلم کارتۆنەکان هەیانە لە چەسپاندن و گۆڕینی بەهادا لای منداڵان بەهەمان شێوە ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی بەهای نوێ بەپێی بارودۆخ و سەردەم. دەکرێت منداڵ لەڕێگەی فیلم کارتۆنەوە هەندێ بەهاو ڕەفتاری ئەوتۆ فێر ببێت کە نە خێزان و نە قوتابخانە پەی بەو بەهایانە نەبەن ، چونکە وەک ڕوونە چەمکی بەهاکان ڕۆژ بەڕۆژ لە فراوان بوون و گەشەی بەردەوامدایە دەکرێت ئەوەی خێزان و دایک و باوک دەیزانن لە سنورێکی دیاریکراو بێت. هەروەها ئەوەی لە قوتابخانەش منداڵ فێری دەبێت سەبارەت بە بەهاکان بەهۆی لە قاڵب دانی پرۆگرام و چەقبەستووی سیستەمەکەوە نەتوانرێت وەک پێویست لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردنی بەهاو ڕەفتار بەپێی سەردەم ڕێ بکات . بەڵام جیاواز لەمانە ڕاگەیاندن لە نوێبونەوەیەکی سەرسوڕهێنەر دایە سەبارەت بە زانیاری نوێ و سیستمی نوێی پەروەردە و فێرکردن و شێوازەکانی ڕێکخستنی ژیانی منداڵ و هەرزەکاران، ئەمەش سەرئەنجام هۆکارێکە بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی تازەترین و سەردەمیانەترین بەهاکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکان و گواستنەوەیان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر ،بە واتایەکی تر ڕاگەیاندن و تەلەفزیۆن بە گرنگترین یەکەی گەشەکردن و دروستبوونی بەهای نوێ دادەنرێت لەسەردەمی ئەمڕۆماندا وەزیاتر لەهەر سەرچاوەیەکی تر بەشداری هەیە لە دروستبوونی بەها و ڕەفتاری نوێی سەردەمیانە.چونکە کاتیک ئەو کەناڵانە بەهایەکی دیاریکراو پەخشدەکەن کە لەکۆمەڵگادا بوونی هەیە و پاشان بەهۆی دوبارەکردنەوەی بەردوامی ئەو بەهایە دەبێتەهۆی چەسپاندنی لە بیرو هۆشی وەرگردا بەتایبەتی منداڵ کە لەقۆناغی وەرگرتندایە و قۆناغیکی گرنگە و بە بناغە دادەنرێت لە وەرگرتن و فێربوونی بەهادا. (العمراوي:٢٠٢٣:٩٣)

## ٢-٢-٥ ئاستەکانی وەرگرتنی بەها :-

لــە دەســت نیشــانکردنی ئاســتەکانی وەرگرتنــی بــەهادا دەکرێـت لێکدانەوەکـەی ( کراسۆڵ) بە گرنگترین و زانستیانەترین ڕاڤەکردن لە قەڵـەم بدرێت سـەبارەت بـە ئاسـتەکانی وەرگرتنی بەها. (ابوجادۆ : ٢٠١٥:٢١٢).

کراسۆڵ پێی وایە کە پرۆسەی وەرگرتنی بەها بە پێنج ئاستی هـەرەمی یـەک لـەدوای یـەک ڕوودەدات کە بریتین لە :-

**٢-٢-٥-١ ئاستی وەرگـرتن:** مەبەسـت لـەم ئاسـتە بریتیـە لـە قۆنـاغی هۆشـمەندی تـاک (فێرخواز) و توانای هەستکردن بەو وروژێنانەی کە لە دەوروبەریەوە بونیان هەیە و ئاسـتی ئـارەزووی تـاک بـۆ وەرگـرتن و ڕێکخسـتنی وعـەمبارکردنی (ئـەو ڕووداوانـە) لـە مێشـک و بیریدا.

**٢-٢-٥-٢ ئاستی وەڵامدانەوە:** مەبەست لەم ئاستە بریتیە لە جۆری وەڵامدانەوەی تاک بۆ ئـەو وروژێنانـەی کـە بەرکەوتـەی هـەبووە لەگەڵیدا ، لـەم ئاسـتەدا تـاک تـەنها بـە وەرگرتنـی وروژێنەرەکان ناوەستێ بەڵکو کاردانەوەی دەبێت بۆیان .

**٢-٢-٥-٣ ئاسـتی هەڵسـەنگاندن** : لـەم ئاسـتەدا وەرگـر دەسـت دەکـات بـە هەڵسـەنگاندن و پێوانەکردن و شیکردنەوە و نرخ پێدان بۆ وروژێنـەرەکان کـە دەکرێت وروژێنەرەکە (شت یـان دیـاردە یـان هەڵوێسـت یـان کـەس) بێت . لـەم ئاسـتەدا وەرگـر هەڵوێسـتێکی ڕێـک و بڕیاردانێکی ژیری پەیڕەو دەکات بەرامبەر وروژێنەرەکان.

**٢-٢-٥-٤ ئاســتی ڕێکخســتن** : لــەم ئاســتەدا تــاک هەڵدەســتێت بــە ڕێکخســتنی ئــەو پەرچەکردارانەی یاخود ئەو هەڵوێستانەی یاخود ئەو بەهایانـەی کـە لەئاسـتی هەڵسـەنگاندندا پێی گەیشتووە بەجۆرێک هـەر بەهایەو لـە ئاستێکی دیاریکراودا دایدەنێت بـەپێی گونجان و نەگونجانی یاخود بـەپێی باش و خراپی ، بێگومـان ڕێکخسـتن و پلـە بەندیەکـەش بـەپێی ئـەو ڕێسایانە دەبێت کە تاک لە پرۆسـەی گەشـەپێدانی کۆمەلایەتیدا فێری دەبێت . بە واتایەکی تر لەم ئاستەدا تاک بەهاکان جیادەکاتەوە پلە بەندیان دەداتێ.

**٢-٢-٥-٥ ئاستی گەیشتن بە بـەها** : لـەم ئاسـتەدا تـاک دەگاتـە قۆنـاغی کۆتـایی وەرگرتن و فێربـوونی بـەها، لـەم قۆناغـەدا وەڵامدانـەوە و پەرچـەکردارەکان بەرامبـەر ڕووداوەکـان و کەسـەکان و شـتەکان دەبێتـە بیروبـاوەڕ و بـەها ، وە ئـەم بەهایانـەش لەهـەر هەڵوێسـتێک و لەهەر کات و لەهەر شوێنێکدا نەگۆڕە و جێگیرە ، واتە لەم قۆناغەدا کاردانەوەکان دەگۆڕێت

بۆ بەها و لای تاک دەچەسپێت و دەبێتە بەشێک لە ڕەفتار و کەسێتی. بۆ نمونە کاتێک تاک گەیشتۆتە ئەم ئاستە و(دایک) دەبینێ پێویستی بەوە نییە، کە لە مێشکیدا لێکدانەوەی بۆ بکات کە دایک کێیە و لە چ ئاستێکدایە،گرنگی چیە،دەبێت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەڵکو ڕاستەوخۆ ڕێزی بۆ دادەنێت ، چونکە پێشتر لە ئاستەکانی تردا ئەم پرۆسە ئاڵۆزەی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی ئەنجام داوە ، بەمە دەوترێت بەهای ( ڕێز). (ابوجادۆ : ٢١٣:٢٠١٥).

## ٢-٢-٦ پێکهاتەکانی بەها :-

بەها بەرهەمی کۆمەڵگەیە تاک فێری دەبێت و وەریدەگرێت و عەمباری دەکات و دەیکاتە پاشخان بۆ ڕەفتارەکانی. ئەم فێربوون و وەرگرتنە لەڕێگەی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات ، هەروەها لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە، کە ئەم کارلێک و گەشەپێدانە وادەکات تاک بگاتە ئەو بڕوایەی هەندێ هەڵچوون و ئامانجی بەهێزترە لە هەندێکی تر ، بە مانایەکی تر نرخی هەندێ بەها لەهەندێ بەهای تر زیاترە .

پسپۆران و توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی و پەروەردەیی پێیانوایە بەهاکان لە سێ پێکهاتەی سەرەکی دروست دەبێت:

**٢-٢-٦-١ پێکهاتەی مەعریفی:** مەبەست لەم پێکهاتەیە بریتیە لە لایەنی مەعریفی تاک لە وەرگرتن و فێربوونی بەهادا واتە کاتێک تاک فێری بەهایەک دەبێت هەریەکە لە مەعریفە و ئاستی زانیاریەکانی تاک ڕۆڵی هەیە لە چۆنێتی وەرگرتنی ئەو بەهایەو بۆچوونی تاک سەبارەت بەو بەهایە، واتە لایەنی مەعریفی تاک بەشدارە لە دیاریکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بەهاکان، تاک لەڕێگەی مەعریفەی خۆیەوە بەشێوەیەکی ئازادانە ئەو بەهایە وەردەگرێت کە باوەری پێیەتی . واتە ناکرێت بەها بەدەر لە لایەنی مەعریفی بوونی هەبێت.(عکاشە:٢٠١٥:٢٤٠).

**٢-٢-٦-٢ پێکهاتەی ویژدانی:** مەبەست لە ویژدان هەریەکە لە هەڵچوون و هەست و سۆزە شاراوەکانە. ویژدان بەشدارە لە پێکهاتنی بەهای تاک بەوپێیەی کە ویژدان یارمەتی تاک دەدات بۆ ئەوەی حەز بە بەهایەکی تایبەت بکات و شانازی پێوە بکات، بە جۆرێک هەست بە ئاسودەیی و ئارامی دەکات کاتێک کە بەهایەکی ئەرێنی لە خۆیدا دەبینێت ،واتە ناکرێت بەبێ بەشداری ویژدان مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ بەهادا بکات و ویژدان یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکیەکانی بەها بەو پێیەی بەها پرسێکە کە تایبەتە بە توخمی مرۆڤ.(فهیمی:١٩٩٩:٩٣).

**٢-٢-٦-٣ پێکهاتەی ڕەفتاری:** مەبەست لە پێکهاتەی ڕەفتاری ئەوەیە کە بەها لایەنێکە لە لایەنەکانی ڕەفتاری مرۆڤ بە واتایەکی تر بەها لە ڕەفتاری مرۆڤدا ڕەنگدانەوەی هەیە ، بۆیە ناکرێت بەبێ دەربڕینی ڕەفتار هەست بە بوونی هیچ بەهایەک بکرێت لای تاک واتە کاتێک تاک بەهایەک وەردەگرێت ڕاستەوخۆ لە ڕەفتاریدا ڕەنگدانەوەی دەبێت .هەروەها پیوەری بەها بریتیە لە جۆری رەفتار و وەلامدانەوە بۆ وروژێنەرەکان،واتە مرۆڤ بەپێی ئەو بەهایەی باوەری پێیەتی هەمان جۆری رەفتار دوبارە دەکاتەوە هەرکاتێک بواری بۆ برەخسێت.(صلاح الدين:٢٠١٥:٣٨)

لەبەر رۆشنایی ئەم سێ پێکهاتەیەوە، دەتوانین بڵێین کاتێک تاک بەهایەک وەردەگرێت یاخود فێر دەبێت سەرەتا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات بەپێی ئاستی مەعریفە و ڕۆشنبیری خۆی پاشان بە ئازادی و بەخواستی خۆی بەهاکە وەردەگرێت ، دواتر لەڕێگەی ویژدانەوە نرخ بۆ ئەو بەهایە دادەنێت و بەو پەڕی شانازییەوە دەریدەبڕێت لەناو کۆمەڵگە و ژینگەکەیدا، پاشان لەئەنجامی جێگربوونی ئەو بەهایە لای تاک بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەو بەهایە بە ئاشکرا و بەڕوونی لە ڕەفتارەکانیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت و وەک بەشێک لە کەسایەتی ئەژمار دەکرێت.

## ٢-٢-٧ تایبەتمەندیەکانی بەها :-

بەهەمان شێوەی لایەنە ژیری و رەفتاریە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ،بەهاش تایبەتمەندی خۆی هەیەو وای لێدەکات پێی بناسرێتەوە. لەگرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەش بریتین لە:

١-**بەها تایبەتمەندی ڕێژەیی هەیە:** واتە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترگۆڕانی بەسەردا دێت،ئەو بەهایەی لەسەردەمێکی دیاریکراودا پەسەند بووە دەکرێت لەسەردەمیکی تردا ناپەسەندبێت، و ئەو بەهایەی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو پەسەندە دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکی تر ناپەسەند بێت ، واتە بەها ڕێژەییە بەپێی کات و شوێن. ( ابو جادو:٢٠١٥:٢٠٨).

٢-**بەها تایبەتمەندی قوچەکی هەیە:** واتە هەر تاکێک بەپێی گرنگی بەهاکان ریزبەندیان بۆ دەکات لە گرنگترینەوە بۆگرنگ و پاشان کەم گرنگ و دواتر ناگرنگ واتە بەشێوەیەکی هەرەمی پلەبەندی دەدات بە بەهاکان. (ختاتنه و النوايسه: ٢٠١١:٢٥٥)

٣-**بەها تایبەتمەندی گۆڕانی هەیە:** واتە لەگەڵ ئەوەی بەها تایبەتمەندی جێگیری هەیە بەڵام دەکرێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت بە تێپەڕبوونی کات و بەگۆڕانی بارودۆخی تاک و کۆمەڵگە .

٤-**بەها تایبەتمەندی چەسپاویی هەیە:** بەها جۆرێک لە بۆچوون و بڕیاردانی جێگیری تێدایە سەبارەت بە کەسێک یان شتێک یان هەڵوێستێک واتە دەکرێت بەها بنەما بێت بۆ دەربڕینی بیروبۆچون و گۆشە نیگا سەبارەت بە بارودۆخ یان کەسێکی دیاریکراو .

٥-**بەها تایبەتمەندی گشتێتی هەیە:** واتە بەهاکان بە جۆرێک لە جۆرەکان مۆرکێکی نیشتمانی یان نەتەوەیی یان کۆمەڵگەیی یان دینی وەردەگرن و هاوبەشە لەنێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

٦-**بەها تایەتمەندی دەربڕین یاخود شاراوەیی هەیە:** واتە دەکرێت بەهاکان دیار و ئاشکرا بن و تاکی پێ بناسرێتەوە یاخود شاراوە بن و لەهەندێ چالاکی و ڕەفتاردا دەربکەوێت ، بۆ نمونە مرۆڤ دەتوانێت بە ئاشکرا باسی بەهای (ڕاستگۆیی)بکات و شانازی پێوە بکات بەڵام دەکرێت نەتوانێت بە ئازادی و بێ پەردە باسی بەهای(دەمارگیری) بکات بەڵکو هەندێ جار لە مامەڵە و گفتوگۆدا بەدیار دەکەوێت.

٧-**بەها تایبەتمەندی گواستنەوەی هەیە:** واتە دەکرێت بەهاکە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگوازرێتەوە بەهۆی مامەڵەکردن و تێکەڵی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە یاخود دەکرێت بەها لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر پشتاوپشت بگوازرێتەوە. (سفیان: ٢٠١٢:٧٦)

## ٢-٢-٨ جۆرەکانی بەها :-

بەهاکان چوارچێوەیەکی فراوان و بێ سنوریان هەیە و هەمیشە لە دیاریکردنی جۆرەکانی بەها بۆچوونی جیاواز لەنێوان پسپۆڕاندا هەبووە بەو پێیەی (بەها) یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکانی بواری پەروەردە و کۆمەڵایەتی، هەمیشە توێژەران لە دیاریکردنی جۆرەکانیدا توشی جۆرێک لە دژیەکی دەبنەوە هەروەک چۆن لە دیاریکردنی پێناسەی بەهاشدا هەمان رای جیاواز هەیە .

پسپۆڕان نەگەیشتوونەتە دانانی سیستەمێکی زانستی گشتگیر بۆ ڕیزبەندی و دیاریکردنی جۆرەکانی بەها ، بۆ نمونە هەندێک لە پسپۆڕان بەهای (پاک و خاوێنی) لە چوارچێوەی بەهای ( ڕەوشتیدا) پۆلێن دەکەن، بەڵام هەندێکی تر لە چوارچێوەی

بەهای(تەندروستیدا) پۆلێنی دەکەن، لە هەمان کاتدا دەکرێت بەهای پاک و خاوێنی وەک بەهایەکی(ئاینی) مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زانایان پۆلێنی تایبەتیان داناوە بۆ بەهاکان ،بۆ نمونە (وودرۆف) پۆلێنی بەهاکانی کردووە لەسەر بنەمای گرنگی بۆمرۆڤ وەک بەهای ( مادی) و بەهای (خێزانی) و بەهای (ئاسودەیی) و بەهای (ئاینی) .

بەڵام ( کلایدکلاهون) پۆلێنی بەهاکانی کردووە لەسەر کۆمەڵێک بنەما :-

١-بنەمای گشتی و تایبەتی.

٢-بنەمای ئاماری و هەڵبژاردن.

٣-بنەمای ئاشکرایی و شاراوەیی.

٤-بنەمای فراوانی و سنورداری.

٥-بنەمای ئامراز و ئامانج. (سید:٢٠٠٨: ٩٨).

دەکرێت کۆی بەهاکان لەژێر سایەی چەند لایەن و بوارێکدا کۆبکەینەوە کە بەشێوەیەکی گشتی جۆرێک لە پۆلێنکردنی بەخشیوە بە بەهاکان، ئەو لایەنانەش بریتین لە :-

**٢-٢-٨-١ بەهای ڕەوشتی:**

بەها ڕەوشتیەکان بە یەکێک لە هەرە بەها گرنگ و باشەکان دادەنرێت لە ژیانی تاکدا لەڕووی کاریگەریی و پێویستییەوە ، بەجۆرێک لە کاتی جێبەجێکردن و چەسپاندنی ئەو بەهایانە لە ناخی تاکدا وا لە تاک دەکات هەست بەئارامی و ئاسودەیی ویژدان و دەروون بکات ، بوونی ئەو بەهایانە پێوەرە بۆ کەسایەتی بەهێز و ڕێزلێگیراو لە کۆمەڵگەدا لە گرنگترین ئەو بەهایانەش ( ئەمانەت پارێزی،ڕاستگۆیی ،دڵسۆزی) لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بۆ ئەوەی تاک کەسایەتیەکی بەهێزی هەبێت پێویستە پەیوەست بێت بەم بەها ڕەوشتیانەوە وە پابەندنەبوونی تاک بەم بەهایانەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بارودۆخێکی ئاڵۆزی دەروونی و کۆمەڵایەتی و شەرمەزاری و ئازاری ویژدانی دەکاتەوە .

بەها ڕەوشتیەکان لەڕووی وەرگرتن و پابەندبوونەوە دوو جۆرن (زۆرەملێ وهەڵبژاردە یاخود خۆویست) (اجباری واختیاری)، بەها زۆرەملێیەکان ئەو بەهایانەن، کە تاک ناچار دەکرێت پەیوەست بێت پێیەوەو ناتوانین دەستبەرداریان بێت لەهیچ بارودۆخ و هەڵوێستێکدا وەک بەهای(ڕێزگرتن لە دایک و باوک) و بەهای (خۆشەویستی)، وە پەیوەست نەبوون پێوەی تاک ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی و دەروونی و ویژدانی دەکاتەوە. بەڵام بەها هەڵبژاردەییەکان(خۆویست)، ئەو بەهایانەن، کە تاک جۆرێک لە سەربەستی هەیە لە وەرگرتن و پەیوەست بوون پێوەی و پابەندنەبوون پێوەی سزای کۆمەڵایەتی و دەروونیی

پێوە نیە بەڵام پەیوەست بوون پێوەی ئاسودەیی دەروونی و ویژدانی بۆ تاک فەراهەم دەکات . وەک بەهای (چاکەکردن و هاوکاریکردن). ( صفیه: ٢٠١٨:٥٨)

**٢-٢-٨-٢ بەهای کۆمەڵایەتی:**

ئەو پێوەر و بەهایانەیە، کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە باوەڕیان پێیەتی و پابەندبوونی ڕەهایان هەیە پێوەی ، بەها کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت ببێتە ڕێکخەر و کۆنترۆڵکەری ژیانی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگە، پەیوەست بوون بەو بەهایانەوە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە ئەو کۆمەڵگەیە دەکاتە کۆمەڵگەیەکی نمونەیی باڵا.

هەر کۆمەڵگەیەک بەهای کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لە کۆمەڵگەیەکی تر، زۆرجار بەها تاکەکەسیەکان لەسەر بنەمای بەها کۆمەڵایەتیەکان دادەڕێژێت . تەنانەت زۆربەی بەها ڕەوشتیەکان زادەی بەها کۆمەڵایەتیەکانە . بەها کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی مێژووی و بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار دروست دەبن و دەچنە ناو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە ، بەها کۆمەڵایەتیەکان کاریان دانانی سنورە لەنێوان ڕاست و ناڕاست وە چاک و خراپ . لەو کۆمەڵگەیانەدا کە پەیوەستی توندیان هەیە بەدینەوە بەها کۆمەڵایەتیەکان هەڵقوڵاوی ئەو ئاین و ئایدۆلۆژیایەیە کە لەو کۆمەڵگەیەدا باوە .

بەها کۆمەلایەتیەکان بناغەیە بۆ دارشتنی یاسا و ڕێساکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و هاندەرە بۆ دروستبوونی خۆشەویستی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا و پاڵنەریانە بۆ قوربانی دان لەپێناوی یەکتردا . بەها کۆمەڵاتیەکان ڕێخۆشکەرە بۆ کارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لەپێناو دڵخۆشکردنی یەکتر و باشکردنی باری ژیانی یەکتر.( ابو جادو :٢٠١٥:٢٠٩). گرنگترین بەها کۆمەڵایەتیەکانیش بریتین لە ( لێبوردەیی ، هاوڕێیەتی ، قوربانی دان، ڕێزگرتن ).

**٢-٢-٨-٣ بەها کەسییەکان:**

بە دیارترین بەهاکان ئەژمار دەکرێت، کە مەبەست لێی هەڵسەنگاندنی خودیە بۆ هەر شتێک یان ڕووداوێک یان هەڵوێستێک کە تاک ڕووبەڕوی دەبێتەوە، بە واتایەکی تر جۆری بەها قبوڵکراوەکان لای تاک بڕیار لەسەر شێوازی پەرچە کرداری تاک دەدات بەرامبەر بارودۆخە جیاوازەکان . واتە مرۆڤ بەپێی ئەو بەهایانەی کە هەیەتی بڕیار لەسەر شتەکان دەدات. دەکرێت بەها کەسییەکان ڕۆڵیان هەبێت لە خۆشبەختکردن و سەرکەوتن و بڕوا بەخۆبوونی تاک کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆبوونی ڕێگایەکی پاک و بەهێز بۆژیان بەگشتی . هەمیشە مرۆڤ ئەوەی بیری لێ دەکاتەوە و ئەوەی هەستی پێ دەکات و ئەوەی کە ئەنجامی

دەدات بەستراوە بە بەهاكانیەوە، زۆرجار بەبێ ئەوەی هەستی پێ بكەین بەها كەسیەكان چوارچێوەی ژیان و بیركردنەوەمان دیاری دەكات. گرنگترین بەها كەسیەكان بریتین لە (مەردایەتی ، سۆز ، سەركەوتن ، سەركێشی، داهێنان). ( صفیە: ٢٠١٨:٦٠)

**٢-٢-٨-٤ بەها پەروەردەییەكان:**

بەها پەروەردەییەكان بریتین لەو بەهایانەی كە ڕەنگدانەوەی ئامانجە پەروەردەییەكانە ، وە هەر ئاڕاستەكردنێك لە ئەنجامی پرۆسەی پەروەردەكردنەوە بە ئەنجام بگات دەكرێت بەبەهای پەروەردەیی هەژمار بكرێت . هەروەها دەكرێت بەها پەروەردەییەكان هەموو ئەو بنەمایانە بگرێتەوە كە لەپرۆسەی پەروەردەیی خێزانی و قوتابخانەیدا بوونیان هەیە.

بەو پێیەی (بەها پەروەردەییەكان ) یەكێكە لە گۆڕاوە سەرەكیەكانی توێژینەوەكە، بۆیە بە تەوەرێكی فراوان و گشتگیر باسی تایبەتمەندی و جۆر و بنەما و هۆكارە كارتێكەرەكانی بەها پەروەردەییەكان دەكرێت .

## ٢-٢-٩ سەبارەت بە بەها و ئاڕاستەكان:

بابەتی بەها و ئاڕاستەكان گرنگیەكی زۆری هەیە لە بواری دەروونزانی و كۆمەڵناسیدا ، زۆرێك لە زانایان و پسپۆڕانی بواری پەروەردە و ڕەفتار جەخت لە گرنگی بەها و ئاڕاستەكان دەكەنەوە لە ژیانی كۆمەڵایەتی تاكدا. ( دۆركایم) یەكێكە لەو زانایانەی، كە پێشەنگ بووە لە بابەتی لێكۆڵینەوە و بەدواداچوون سەبارەت بە بەها و ئاڕاستەكان ،جەختی كردۆتەوە لە ڕۆڵی گرنگی بەها و ئاڕاستەكان لە ڕێكخستنی كۆمەڵگەدا.(كبیر:١٩٨١: ٦٢).

ئەوەی پەیوەندی بە ئاڕاستەكانەوە هەیە سەبارەت بە چەمك و مانا و پێكهاتەی ئاڕاستەكان لێكدانەوەی جۆراوجۆر هەیە، چونكە بابەتی ئاڕاستەكان پرسێكی فراوان و ئاڵۆزە و لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی زۆری لەبارەوە كراوە ، بە جۆرێك دەتوانین بڵێین، كە ئاڕاستەكان زۆرترین پانتایی توێژینەوە پەروەردەیی و دەروونی و كۆمەڵایەتیەكان لە خۆ دەگرێت ؛ پەیوەندیەكی بەهێز لەنێوان ڕەفتار و ئاڕاستەدا هەیە بەجۆرێك هەندێ لە پسپۆڕان پێیانوایە، كە ئاڕاستەكان ئاماژەن یاخود ڕەنگدانەوەی ڕەفتارەكانی مرۆڤن ،لەكاتێكدا هەندێ لە پسپۆڕانی تر پێیانوایە، كە ڕەفتاری مرۆڤ لە ئاڕاستەكانیەوە سەرچاوە دەگرێت.

بێگومان ئاڕاستەی تاك سەبارەت بەهەر بابەتێك كاریگەرە بەو چوارچێوە گشتییەی كە بەها و پێوەرەكانی تاكی تێدایە، گۆڕانكاری لە ئاڕاستەدا پێویستی بە گۆڕانكاری هەیە لەو چوارچێوە گشتیەدا ، بۆیە گۆڕینی ئاڕاستەكان كارێكی ئاسان نیە،

دەکرێت فێربوون و وەرگرتنی ئاڕاستەکان ئاسان بێت بەڵام گۆڕینی بەو شێوەیە ئاسان نیە، زۆرجار گۆڕانکاری لە ڕووداوەکاندا دەبێتەهۆی گۆڕانکاری لەو چوارچێوە گشتیەدا کە ئاماژەمان پێدا کە ئەم گۆڕانکاریەش دواتر دەبێتەهۆی گۆڕینی ئاڕاستەکان. (عبدالسلام: ٢٠٠٣:١٦٣).

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتی ئاراستەکان ئاماژە بەچەند پێناسیەکی ئاراستەکان دەکەین:

- ئاراستەکان: بریتیە لەو سیستم وپەیرەوە مەعریفیەی کە کاریگەرە بەلایەنی هەلچوونی و بریارە کەسییەکانەوە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی و بۆچوونی ئەرێنی یاخود نەرێنی سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو.(عساف:١٩٩٩:١٢٩).

- پێناسەی(سورستون): ئاراستەکان بریتیە لە پلەی هاوسۆزی ئەرێنی یاخود نەرێنی پەیوەست بە بابەتێکی دەرونییەوە.(دویدار:١٢٨:١٩٩٩).

- لە فەرهەنگی زاراوە پەروەردەیی و دەروونییە هاوچەرخەکاندا پیناسەی ئاراستەکان کراوە بەوەی کە بریتیەلە: هەستکردن بە ڕازیبوون یاخود ڕازینەبوون سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو یاخود بیرۆکەیەکی دیاریکراو یاخود فەلسەفەیەک.( عیسوی:١٩٨٧:٢١).

لەڕوانگەی ئەو پێناسەو ڕوونکردنەوەی سەرەوە دەتوانین( ڕووە هاوبەشەکانی بەهاو ئاراستەکان) لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١- بەهاو ئاڕاستەکان پەیوەندیان بەڕەفتاری مرۆڤەوە هەیە،هەردووکیان ئاڕاستەکەری ڕەفتاری مرۆڤن.

٢- بەهاو ئاڕاستەکان وەرگیراون.

٣- بەهاو ئاڕاستەکان توانای گۆڕین وپێوانەکردنیان هەیە.

٤- هەریەکەلە(بەهاو ئاڕاستەکان)لە هەرسێ لایەنی (مەعریفی و ڕەفتاری و ویژدانی) پێک دێن.

٥- هەریەکە لە ئاراستەو بەهاکان ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوون وچەسپاندنی بیروباوەڕ.

جگەلەوە ڕووە جیاوازەکانی بەهاو ئاڕاستەکان لەم چەند خاڵەدا دەخەینەڕوو:

١- بەها چەسپاوترو جێگیرترە لە ئاراستەکان.

٢- بەها بنەمایە بۆ ئاراستەکان.

٣- بەها لە ئاراستەکان زیاتر داخراو ترە.

٤- بەها لە ئاراستەکان زیاتر ڕۆڵی هەیە لەدیاریکردنی ئاراستەی ڕەفتاری تاک.

٥- بەهاکان، لە ئاراستەکان زیاتر مۆرکێکی کۆمەڵایەتی هەیە.
٦- بەها زیاتر لایەنی پلەی باڵا لەخۆدەگرێت بەڵام ئاڕاستەکان زیاتر لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەخۆدەگرێت(غراوی:١٩٩٣:١٥٤).

(میلتۆن روکشن) پسپۆڕێ بواری دەروونزانی لەکتێبەکەیدا(بیروباوەڕو هەڵوێست و بەها:بیردۆزی ڕێکخستن و گۆڕین-١٩٦٨) بەم جۆرە بەراووردی بەهاو ئاڕاستەکانی کردووە:
١- ئاڕاستەکان ئاماژەیە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵێک بیروباوەڕ سەبارەت بە بابەتێک یان هەڵوێستێکی دیاریکراو، بەڵام بەها تایبەتە بە یەک بیروباوەڕ، کە لایەنی باڵایی و ئاستی بەرزی و نزمی ئەو بیروباوەڕە دەپێوێت.
٢- دەکرێت بەها وەک پێوەری رەفتار لە قەڵەم بدرێت بەڵام ئاڕاستەکان ئەو ئەرکە جێبەجێ ناکەن.

دەکرێت بڵێین، کە بەها مانایەکی گشتی و فراوانی هەیە، زیاتر لە ئاڕاستەکان، وە لەکاتێکدا بەها ناوەرۆکی ئاڕاستەکان پێک دەهێنێت، لە هەمان کاتدا ئاڕاستەکانیش چوارچێوەی گشتی بەهاکان پێک دەهێنن، بەڵام ئاڕاستەکان ئاڵۆزترو هەمەلایەنترە لە بەهاکان. کەواتە بەها ئاماژەیە بۆ ویست و مەبەستێکی باو، بەڵام ئاڕاستە ئاماژەیە بۆ حەز ورق سەبارەت بە بابەتێک یان لایەنێک یان هەڵوێستێک.

## ٢-٣ بەها پەروەردەییەکان:

پەروەردە بە چەقی بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ ئەژمار دەکرێت ، پرۆسەی پەروەردە بە هەرە پرۆسە ئاڵۆزەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئەژمار دەکرێت بەو پێیەی پەروەردە پەیوەندی پتەوی بە جۆری خێزان و کۆمەڵگە و کلتور و ڕۆشنبیری تاکەکانیەوە هەیە، کەواتە دەکرێت بەها پەروەردەییەکانیش لەو چوارچێوەیەدا ببینرێت کە پرۆسەی ڕێکخستن و بنیادی ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکە، بەها پەروەردەییەکان وەک هەر بەهایەکی تر دەکرێت لێکدانەوە و پێناسەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت.

## ٢-٣-١ تایبەتمەندییەکانی بەها پەروەردەییەکان:

بـەها پەروەردەییـەکان چەنـدین تایبەتمەنـدی لـەخۆدەگرێت ،کـە لـەم چەنـد خاڵـەدا ڕوونیدەکەینەوە :-

١-بەهای پەروەردەیی ئەو پێوەر و تەرازووەیەلەڕێگەیەوە هەڵسەنگاندن بۆ ڕەفتار دەکرێت .

٢-بەهای پەروەردەیی لە ئەنجامی مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی دروست دەبێت.

٣-بەهای پەروەردەیی ئاڕاستەکەری ڕەفتاری تاکە و بنەمایە بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤ ، چونکە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک هاوتایە لەگەڵ ئەو بەهایانەدا کە باوەڕی پێیەتی

٤-دوای خێزان و ڕاگەیاندن ، قوتابخانـە بـە سـەرچاوەی سـەرەکی فێربوون و وەرگرتنـی بەهای پەروەردەیی دادەنرێت.

سـەبارەت بە جۆرەکـانی بەهـا پەروەردەییەکـان پـاش ئەو پێناسـەو لێکـدانەوانەی خرانەڕوو بۆ بەها بەگشتی و بەها پەروەردەییەکان بە تایبەتی، ئەو ڕاستیە بەدیار دەکەوێت کە بەها پەروەردەییەکان جۆر و شێوازی زۆرەو ئەستەمە لە پۆلێنیکی تایبەتدا جۆرەکانی دیاریبکرێت بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چوارچێوە تیۆرییەی کە توێژینەوەکە کاری لەسـەر کردوە ،دەتوانین گرنگترین بەهـا پەروەردەییەکان لەم وێنە هێڵکاریەدا رونبکەینەوە.(بڕوانە هێڵکاری ١).

هێڵکاری (١)
جۆرەکانی بەها پەروەردەییەکان




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بە بەرنامەی(visio).

## ٢-٣-٢ گرنگی بەهای پەروەردەیی :-

لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی جیاواز هەیە لەنێوان پسپۆڕان و توێژەراندا سەبارەت بە چەمکی بەهای پەروەردەیی و جۆرەکانی ، بەڵام سەبارەت بە گرنگی بەهای پەروەردەیی پسپۆڕان و زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە گرنگیەکی زۆری هەیە لەسەر ژیان و ڕەفتاری تاک. بەهای پەروەردەییە کە تاک فێری پێکەوە ژیان و هاوکاری و خەمخۆری دەکات لەناو کۆمەڵگەدا و ژینگەکەیدا، یارمەتیدەرە بۆ خۆگونجاندن و خودپێگەیاندن لەڕووی کۆمەڵایەتی و کەسێتیەوە . هەروەها لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بەهای پەروەردەیی گرنگی زۆری هەیە بۆ پێگەیاندنی تاک بەرەو باڵایی و پاراستنی لە لادان و سەرەڕۆیی . هەروەک دەزانین کە ئەرکی قوتابخانە بریتیە لە پەروەردە و فێرکردن و هیچ گۆرانکاریەک لە پەروەردەدا رونادات تاوەکو فێربوون روونەدات چونکە فێربوون بریتیە لە گۆڕانکاریکردن لە هەڵسوکەت و ڕەفتار و بیرکردنەوە و بەهای تاک لە ئەنجامی بەرکەوتن لەگەڵ پرۆگرام و چالاکی جۆراوجۆر".(قەرەچەتانی:٢٠١٠:٧).

دەکرێت گرنگی بەها پەروەردەییەکان لەم چەند خاڵەدا کۆبکەینەوە:

١- یارمەتی تاک دەدات بۆ ئەوەی بزانێت کە کام ڕەفتار گونجاوە و کامە نەگونجاوە لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی بتوانێت لەو چوارچێوەیەدا ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات و دژبەر نەبێت لەگەڵ ڕەفتارە باوەکانی کۆمەڵگە.

٢- بەها پەروەردەییەکان یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی ئەو چالاکیانەی کە تاک پێی هەڵدەستێت ، بۆ نموونە کاتێک تاک بەهای خێزانی لادەبێت ئەوکاتە پەیوەست دەبێت بەوەی، کە پارێزگاری لە بنەماکانی خێزانەکەی بکات و سنورە ڕێپێنەدراوەکان نەبەزێنێت. بەمەش جۆرێک ڕێکخستن لە ڕەفتاری کەسەکەدا دروستدەبێت.

٣- بەها پەروەردەییەکان ڕۆڵیان هەیە لە ڕێکخستن و پێکەوە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە. چونکە بەها پەروەردەییەکان وا لە تاک دەکات بەپێی ئەو سیستمە بڕوات، کە لە کۆمەڵگەدا باوە، ئەم پابەندبوونەش جۆرێک لە هاودەنگی و هاوڕەفتاری لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەکات کە لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی یەکگرتن و پێکەوە بەستراوی تاکەکانی کۆمەڵگە.

٤- بەهاکان بەگشتی و بەها پەروەردەییەکان بەتایبەتی، مرۆڤ لە بونەوەرێکی بایۆلۆجیەوە دەکەن بە بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا تاک هەست بە کیانی

کۆمەڵایەتی خۆی بکات، واتە جگە لە بابەتە مەعریفی و عەقڵیەکان یەکێکی تر لە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ لە ئاژەڵ بوونی بەهایە.

٥- بوونی بەهای پەروەردەیی لە مرۆڤدا یارمەتیدەرە بۆ گونجاندنی دەروونی واتە کاتێک تاک لە چوارچێوەی بەها پەروەردەییەکاندا مامەڵە دەکات لەڕووی دەروونیەوە بە کەسێکی ئاسایی ناوزەند دەکرێت، لادان لەو بەهایانە جۆرێک لە شڵەژان و تێکچوونی ڕەفتاری لای تاک دروست دەکات، بە واتایەکی تر دەکرێت بەهاکان وەک چارەسەری تێکچوونە ڕەفتاری و مەزاجیەکان بەکاربهێنرێت ، چونکە هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان مرۆڤی ئاسایی و نائاسایی لەڕووی ڕەفتاریەوە بریتیە لەو سنوورە بەهاییەی کە بۆی دانراوە.

٦- بەها پەروەردەییەکان ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردن و دانانی پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن چونکە بنەمای هەر سیستەم و پرۆگرامێکی خوێندن بریتیە لە بەها باوەکان لە کۆمەڵگە بە ڕەچاوکردنی (پێگەی فێرخواز و سروشتی سەردەمەکە و تایبەتمەندی و توانای فێرکار)، تاوەکو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن ئامانجەکانی خۆی بەباشترین شێوە بپێکێت و ڕۆڵی هەبێت لە گۆڕینی ڕەفتاری فێرخواز بەرەو باشتر.

٧- هەندێ جار دەکرێت بەهاکان پەروەردەییەکان وەک هەڵسەنگێنەر بەکاربهێنرێت لە پێوانەکردنی ڕەفتاردا ، هەروەها دەکرێت لەڕێگەی جۆری بەها پەروەردەییەکانی تاکەوە پێشبینی بکرێت لە داهاتوودا ڕەفتاری تاک چۆن دەبێت ؛ بە واتایەکی تر کاتێک منداڵ کۆمەڵێک بەهای ئەرێنی تێدابوو، دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئەو منداڵە لەداهاتوودا ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئەرێنی دەبێت، پێچەوانەکەشی راستە.

## ٢-٣-٣ گرنگی بەها پەروەردەییەکان بۆ منداڵانی قۆناغی باخچە:

مرۆڤ لەقۆناغی منداڵیدا وەکو زەویەکی پاراو وایە ئامادەیە بۆ چاندن ، کە تێیدا پەروەردەکاران دەتوانن چ تۆوێکیان بوێت لە بەهاو ئاراستە و نموونەی باڵاو ڕەفتار، بیچێنن لە ناخی ئەو منداڵەدا ، ئەویش لەڕێگەی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیەوە، بەبەکارهێنانی شێواز و ڕێگای جۆراوجۆر بەتایبەتی چالاکی و یاریکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ تەلەفزیۆن و شاشەی زیرەک، کە دەروازەیەکی پڕبایەخە بۆ گەشەکردنی منداڵ لەڕووی عەقڵی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی وهەڵچوونییەوە .

ئاراسته هاوچەرخەکان لە پەروەردەدا ئاماژە بە بایەخی ساڵەکانی سەرەتا دەکەن لـە ژیـانی مرۆڤدا ، توێژینـەوەکان جـەخت لـەوە دەکەنـەوە کـە سـاڵەکانی سـەرەتایی ژیـانی مـرۆڤ کاریگەرییـەکانی دەمێنێتـەوە و کاردەکاتـە سـەر کەسـێتی و بۆچـوون و ئامانجـەکانی تـاک لـە ژیانـدا، هەروەهـا رۆڵـی دەبێت لـەدیاریکردنی پەیوەندییـە نـاوخۆیی و دەرەکییـەکانی تاک. (علی و هادی:٢٠١٥: ٣١٤).

ئـەو بەهایانـەی، کـە منـداڵ لەسـەرەتاکانی تەمەنیـدا وەری دەگرێـت دەبێتـە بنـەما بـۆ دروستکردنی کەسێتی لەداهاتوویدا، بەجۆرێک کە لە رەفتارو هەلسوکەوت و هەڵچوونەکانیدا رەنگ دەداتەوە. هۆکاری ئەو کاریگەرییە بەهێزەش دەگەرێتەوە بۆ شیاوی قۆناغی منداڵی بۆ فێربوون و وەرگرتن، چونکە عەقلی منداڵ لەوقۆناغەدا وەک پەرەیەکی سپی وایە(وەک جۆن لۆک دەڵێت) و گەورەکان دەتوانن هەرشتێکیان بوێت لـە بەهاو ئاراسـتە و بۆچـوون تێیدا بینەخشێنن، جـۆری بـەها لای منـداڵ لـەم قۆناغـەدا حـەزو ئارەزوەکـانی لـەدهاتوودا دیـاری دەکات.بۆیـە فێرکـردن وتێگەیانـدنی منـداڵ لـەم قۆناغـەدا سـەبارەت بـە نرخـی بـەهاکان رێخۆشـکەرە بـۆ پرۆسـەی کـامڵبوونی کەسـێتی منـداڵ و یارمـەتی دەدات بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی هۆشـیارانە رووبـەرووی ئاسـتەنگەکانی بـەردەمی ببێتـەوە لـە داهـاتودا. (کشیک: ٢٠١٠: ١٧).

قۆنـاغی پێش چوونـە قوتابخانـە گرنگییـەکی زۆری هەیـە لـەبنیاتنانی کەسێتی منداڵ لـەرووی تۆکمـەیی لەکارامـەیی و رەفتـاردا، کـە یارمەتیـدەرە بـۆ ئەنجامـدانی چالاکییـەکانی رۆژانەی بەشێوەیەکی دروست، لەم قۆناغەدا بەها سەرەکییەکان لای منداڵ دروست دەبێت و یارمەتیـدەدات بـۆ جێبـەجێکردنی رۆڵـی کۆمەڵایـەتی خـۆی بـە شـێوەیەکی گونجـاو، ئـەو کارامەیی وئەزموونانەی کەمنداڵ لەم قۆناغەدا فێری دەبێت کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر ژیانی داهاتووی.(هنداوی: ٢٠٠٣: ١٤٥).

لەسـەردەمی ئەمرۆمانـدا یـەکێک لەکاریگـەرترین هۆکارەکـانی پـەروەردەو فێربـوون لەقۆناغی پێش چوونـە قوتابخانـە ، هۆکارەکانی ڕاگەیاندنـە، بەتایبـەتی تەلـەفزیۆن و شاشـە زیرەکەکان لە ناویشیاندا بەرهەمی(فیلم کارتۆنە)، کـە دڵخوازترین جـۆری بەرنـامەی بینـراوە لای منـداڵ، لەئێسـتادا ڕاگەیانـدن بەگشـتی بۆتـە لایـەنێکی گرنگـی پرۆسـەی پـەروەردەو فێرکردن،کە کار بۆگواستنەوەی بیروبۆچوون و بـەهاو زانیارییـەکان لـەنێوان کۆمەڵگەکان و تاکـەکانی نـاو کۆمەڵگەیـەک دەکـات، کەواتـە دەکرێت بڵێین راگەیاندن بەگشـتی و تەلـەفزیۆن بەتایبـەتی یـەکێک لـە لایەنـەکانی پـەروەردە و فێرکردنـی منداڵە لـە قۆنـاغی پـێش چوونـە

قوتابخانـــەو قۆناغـــەکانی دواتـــر. دەکرێـــت کاریگەریەکـــە لـــەپێش قۆنـــاغی چوونـــە قوتابخانـــە(قۆناغی باخچە)کاریگـــەرترو بـــەهێزتر بێـــت، چونکـــە قۆنـــاغی باخچـــە بنـــەما سـەرەکییەکانی کەسـێتی تێـدا بنیاتدەنرێت،هەرلـەم قۆناغـەدا منـداڵ چەمکـە سـەرەکییەکان فێردەبێت و برێکی زۆر لە زانیاری عەمبار دەکات،بەهۆی پاراوی و نەرمی بیرو هۆشییەوە، هەرلـەم قۆناغەدایـە منداڵ لـەڕووی زمانەوانییـەوە گەشـەدەکات و هەست و دەربڕینـەکانی دەردەخـات لـە هەڵوێسـتە جیاوازەکانـدا.دەکرێت بڵێـین ئـەم قۆناغـە قۆنـاغی پژینـی لایەنـە دەروونی و مەعریفی و بایۆلۆجییەکانی منداڵە ، وەفێربوون و راهێنان لـەم قۆناغـەدا لـە هـەر قۆناغێکی تر ئاسانتروکاریگەر ترە.

## ٢-٣-٤ ئەو بیردۆزانەی ڕاڤەی وەرگرتنی بەها پەروەردەییەکان دەکەن لای منداڵان:

### ٢-٣-٤-١ بیردۆزی مەعریفی :

لە قوتابخانـەی مـەعریفی دا پرۆسـەی فێربـوونی بـەهاکان بریتیـە لـە پرۆسـەی وەرگرتنی بڕیارو حوکم، کە تەواو پەیوەستە بە گەشەی عەقلی و بیرکردنەوە. ئەم بیردۆزە لە وەرگرتنی بەهاکاندا وەک بیردۆزی رەفتاری لەو باوەڕەدانییە کە وەرگرتن وفیربوونی بـەهاکان وابەسـتە بێت بـە هەنـدێ بنـەمای تایبەتـەوە، هـەروەها ناکۆکـە لەگـەڵ بیـردۆزی کۆمەڵایـەتی بـەوەی کـە فێربـوون و وەرگرتنـی بـەهاکان هـیچ پەیوەنـدیەکی بـە ژینگـەی کۆمەڵایەتی و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە ، بەڵکو ئەم بیردۆزە پێی وایـە ، کە پرۆسـەی فێربوون وابەستەیە بەهەوڵی تاک لەڕووی مەعریفی و هۆشمەندییەوە ، هەروەها چۆنیەتی بـەکارهێنانی توانـا عەقلییـەکانی واتـە بـەپێی ئـەم بیـردۆزە منـداڵ لـە رێگـەی بیرکردنـەوەو لێکدانەوە مەعریفی و عەقلییەکانەوە فێردەبێت.

(بیاجیە)بەڕابـەری ئـەم قوتابخانەیـە دادەنرێت و لـە توێژینەوەکانـدا ئامـاژەی بـە گرنگـی گەشـەکردنی توانـای عـەقڵی منـداڵ و ڕیگـای بیرکردنـەوەی داوە،لەبـارەی ئەو پرسـیارانەی دێتـە ئەندێشـەیەوە سـەبارەت بە راسـت و هەڵـەو چۆنیـەتی تێگەیشـتنی یاساکۆمەڵایەتییەکان، بەبۆچوونی(بیاجیـە) هـەر ئـەم پرۆسـەئاڵۆزەیە کـە فیربـوون بەرهـەم دەهێنێت . بیردۆزەکەی (بیاجیە)ڕێخۆشکەر بوو بۆ پسپۆران و توێژەرانی بواری پەروەردەو فێربوون بۆ زیاتر لێکدانەوە وبەدواداچوون بۆ هۆکارەکانی فێربوونی منداڵ.

(کۆڵبریچ و خوێندکارەکانی) لەبەر ڕۆشنایی بیردۆزەکەی (بیاجیە)دا هەستان بە دانانی بیردۆزێک بەناوی(بیردۆزی جیاکاری) (نظریة تفضیل)، کە لەبیردۆزەکەیاندا قۆناغەکانی گەشەی منداڵیان دیاریکرد لەگەڵ دیاریکردنی پێکهاتەی مەعریفی لەپرۆسەی گەشەی بیریدا.(نشواتی: ١٩٨٥ :١٤٨).

(بیاجیە)کۆمەڵێک منداڵی هێنا لەتەمەنی (٦-١٢)ساڵی و هەستا بە نمایشکردنی هەندێ چیرۆک بۆیان، کە هەرچیرۆکێک هەڵوێستێکی دیاریکراوی لەخۆگرتبوو، یەکێک لە چیرۆکەکاندا منداڵێک ویستی دیاریەک بۆ دایکی ئامادەبکات بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونییەوە، مقەستێکی هێناوە ویستی لە جلەکانی خۆی پارچەیەک دروستبکات، وەک دیاری بیداتە دایکی، بەلام لەبەرئەوەی شارەزایی نەبوو لەبەکارهێنانی مقەستدا، منداڵەکە بەشێکی زۆری جلەکانی دڕاندو تێکیدا، لەچیرۆکی دووەمدا بەهەمان شێوە منداڵیکی تێدابوو، کە لەبێ ئاگایی دایکیدا مقەستێکی گرتبوو بەدەستیەوە، لەبەرئەوەی نەیدەزانی بەکاریهێنێت کەمێک لە جلکەکانی خۆی پێ دڕاند، پاشان بیاجیە داوای لە منداڵەکان کرد، بۆچوونی خۆیان دەرببڕن سەبارەت بە کردەوەی هەردوو منداڵەکە، پاشان تێبینی ئەوەی کرد کە زۆرینەی منداڵەکان کردەوەی منداڵی یەکەمیان بە خراپتر دادەنا چونکە جلەکانی زۆرتر دڕاند بوو، بەبێ ئەوەی مەبەستی کردەوەکە لەبەرچاوبگرن، کە دروستکردنی دیاری بوو بۆ دایکی لەمەوە بیاجیە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە منداڵ لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیدا دەڕوانێتە ڕووداوەکان لەسەر بنەمای کاریگەرێتی یاخود گەورەیی وبچوکی نەک مەبەستی پشت ڕووداوەکە، واتە لەسەر بنەمای مادی بڕیاردەدات بەبێ بیرکردنەوە لەهۆکارەکەی.

بیاجیە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی، کە منداڵ لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیدا بڕیار لەسەر ڕووداو شتەکان دەدەن تەنیا لەسەربنەمای ڕاست و هەڵە یاخود گونجاوی و نەگونجاوی بەبێ گوێدانە مەبەستەکانی پشت ڕووداوەکان وەئەم بڕیاری ڕاست و هەڵە و گونجاو نەگونجاوانەی منداڵ ، پەیوەستە بە بڕیاری دایک وباوکەوە،کەچی بە هەڵەدادەنێن و چی بەڕاست دادەنێن، هەتا ئەوکاتەی منداڵ گەورە دەبێت و لەدەسەلاتی دایک وباوکی کەمێک ڕزگاری دەبێت، ئەوکاتە قۆناغێکی نوێ دروست دەبێت لای ئەو منداڵە کە قۆناغی بیرکردنەوەیە لە هۆکارەکانی پشت ڕووداوەکان، ئەویش لەئەنجامی بەرکەوتنی لەگەڵ کەسانی تر و ژینگەی دەرەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامەدا بیاجیە گەشەیی بەهایی ورەفتاری لە قۆناغی منداڵیدا بەدوو قۆناغ دیاریکرد:

قۆناغی یەکەم: لەسەرەتای لەدایکبوونەوە تا تەمەنی(١٢)ساڵی ، لەم قۆناغەدا بەهاکان لەو کۆمەڵگەیەوە وەردەگرێت، کە لە چواردەوریدان و پشت نابەستێت بەبڕیاری خۆی بەڵکو سەیری چواردەور و دایک وباوک و خوشک وبراکانی دەکات لەبڕیاردانەدا هەرچی ئەوان پەسەندی بکەن، ئەمیش پەسەندی دەکات وە بەپێچەوانەوە، واتە منداڵ لەم قۆناغەدا بەهیچ جۆرێک مەعریفەو تێگەیشتنی خۆی بەکارناهێنێت،

قۆناغی دووەم : لە (١٢ بۆ ١٨)ساڵ، لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵدەدات تایبەتمەندی خۆی هەبێت ، سەبارەت بە هەڵوێست و ڕووداوەکان لەسەر بنەمای تێگەیشتن و مەعریفەی خۆی ، لەم قۆناغەدا منداڵ لەگەڵ دایک وباوک و دەوروبەری گفتوگۆ دەکات وپرسیارەکان سەبارەت بە هۆکاری ڕاست و هەڵەیی شتەکان و جۆری بەهاکان.

## ٢-٣-٤-٢ بیردۆزی شیکردنەوەی دەروونی فرۆید:

قۆتابخانەی دەروونی شیکاری فرۆید پێیوایە، کە پرۆسەی وەرگرتن وفێربوونی بەهاکان لە قۆناغەکانی سەرەتای منداڵیەوە دەستپێدەکات، لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵی گەیشتن بە(منی باڵا) دەدات،ئەویش لە ڕێگەی گوێڕایەڵی دایک وباوک ، کە لەم قۆناغەدا دایک وباوک لەدیدی منداڵەوە، بریتیە لە و سیستەمەی کە لە ڕێگەیەوە فێری بنەما ڕەوشتی و بەهاکان دەبێت، ئەویش لە ڕێگەی پاڵپشتی و دەستخۆشی و پاداشت کاتێک کارێک یان رەفتارێکی گونجاو ئەنجام دەدات، هەروەها بێزاری و ناڕەزایی و سزا کاتێک رەفتارێکی نەگونجاو ئەنجام دەدات. لەم پرۆسەیەدا منداڵ فیری بنەماسەرەکیەکانی بەها ورەفتار دەبێت، کە لە کۆتایدا دەبێتە یارمەتیدەر بۆ دروستبوونی منی باڵا لای منداڵ، مەبەست لە (منی باڵا) لای فرۆید دەکرێت هەمان واتای(ویژدانی) هەبێت کەلەو قۆناغەدا لای منداڵ دروست دەبێت.

کەواتە لەڕوانگەی ئەم بیردۆزەوە دەکرێت بڵێین، کە وەرگرتن و فێربوونی بەهاکان لای منداڵ پەیوەستە بە جۆری ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی ، هەروەها پەیوەستە بە ئاستی پەیوەندی منداڵ لەگەڵ دایک وباوک چونکە بەپێی ئەم بیردۆزە دایک وباوک نموونەی باڵای منداڵن بۆفێربوونی بەهاو رەفتار.

## ٢-٣-٤-٣ بیردۆزی رەفتاری:

ڕابەرانی ئەم بیردۆزە لەسەرروو هەموویانەوە( جۆن واتسن و بافلۆڤ و سکینەر) پێیانوایە، کە پرۆسەی فێربوون و وەرگرتنی بەهاکان لە ریگەی هاندانی ئەرێنی و نەرێنیەوە

ڕوودەدات، ڕەفتارییەکان بڕوایان وایە کە بەها وەک ڕەفتار ئەرێنی یان نەرێنیە. جۆری کاردانەوە و پاڵپشتی کردن لەو ڕەفتار و بەهایە بڕیار دەدات کە ئایا بەها یان ڕەفتارەکە گونجاوە یاخود نەگونجاوە، هەروەها ڕەفتارییەکان پێیانوایە: کە بەها وەک ڕەفتار لەئەنجامی کارلێکی فێرخواز لەگەڵ ورژێنەری ژینگەیی و جۆری هاندانەوە دروست دەبێت، واتە کاتێک منداڵ ڕەفتارێک ئەنجام دەدات سەیری جۆری پاڵپشت و هاندانەکە یاخود کاردانەوەی دەوروبەر دەکات بۆ ئەو ڕەفتارە ئەگەر کاردانەوە و پاڵپشتییەکە ئەرێنی بوو ئەوا ئەو ڕەفتارە دووبارەدەکاتەوە و لەکۆتاییدا دەبێتە بەشێک لە هەڵسوکەوتی و بەپێچەوانەوە ئەگەر کاردانەوەو پاڵپشتییەکە نەرێنی بوو ئەوکات منداڵ وردە وردە دوردەکەوێتەوە لەو ڕەفتارە و خۆی دوور دەگرێت لەدووبارەکردنەوەی.

کەواتە بەپێی ئەم بیردۆزە منداڵ بۆ دروستبوون و وەرگرتنی بەها و ڕەفتار بەتەواوەتی پشت دەبەستێت بەو پاڵپشت و هاندانەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە .

## ٢-٣-٤-٤ بیردۆوی کارلێکی کۆمەڵایەتی :

مەبەست لە کارلێکی کۆمەڵایەتی بریتیەلە کاریگەری ئاڵوگۆڕکراو(المتبادل) لەنێوان دوولایەن یان دووکەسدا، یاخود لەنێوان تاکێک و کۆمەڵێکدا، کە هەریەکەیان کاریگەری ڕەفتاری لەسەر ئەوەی تر بەجێدەهێڵێت.(حەسەن: ١٩٨١ : ١٦).

بیردۆزی کاریگەری کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بیردۆزانەی کە فراوانیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، پسپۆڕانی بواری دەروونزانی و کۆمەڵناسی هەوڵی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەم بیردۆزەیان داوە، وەک (بیردۆزی نیوکەسپ) و( بیردۆزی فیلدمان) و(بیردۆزی ڕەفتاری –سکینەر).

کارلێکی کۆمەڵایەتی گرنگترین هۆکارەکانی بە کۆمەڵایەتیکردنە و ڕۆڵی هەیە لە دەوڵەمەندکردنی منداڵ لەڕووی لێهاتووی خوێندن و فێربوونەوە، هەروەها یارمەتیدەدات بۆ فێربوونی کارامەیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی و جوڵەیی، وەرگرتنی بەهاجۆربەجۆرەکان.(ألددا: ٢٠٠٨ : ٣٢).

یەکێک لەو بیردۆزانەی کە ڕاڤەی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات، بیردۆزەکەی (نورمان تریبلیت)ە، کە پێیوایە، تێگەیشتنی تاک بۆ دادپەروەری یان چاکە تەنها تێگەیشتنێکی سەرپێی نییە وەک (بیاجیە و سکینەر)ئاماژەی پێدەدەن، بەڵکو تاک فێری چاکە وخراپەو گونجاو و نەگونجاو دەبێت لەئەنجامی کارلێکردنی بەردەوامی لەگەڵ کەسانی تردا، بۆنموونە منداڵ لەکاتی بەرکەوتنی لەگەڵ دایک وباوکیدا لەکارلێکی بەردەوامدایە لەگەڵیاندا، وە هەرئەو

کارلێکە بەردەوامەیە، کە هۆکارە بۆ دروستبوونی بەهاکان لای منداڵ، نورماهان زۆرگرنگی نەداوە بەگەشەی رەوشتی بەڵکو جەختی کردۆتەوە لەسەر رۆڵی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان وئەو هەڵویستانەی کە تاک پیایدا تێدەپەرێت، لە دروستبوونی کارامەیی و بەهاکان. بیردۆزی کارلێکی کۆمەڵایەتی رۆڵی کۆمەڵگە و تاکەکانی کۆمەڵگە بەگرنگ دەزانێت لە فێربوون و گواستنەوەی بەها و ئەزموونەکان لە نێوان تاکەکاندا(ختاتنە و نوایسة: ٢٠١١: ٢٦٦).

## ٢-٤ توێژینەوەکانی پێشوو:

### ٢-٤-١ توێژینەوەی (فلوجی وئەوانی تر/٢٠١٣):

**(فیلم کارتۆن و کاریگەری لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان لای منداڵانی زنجیرەی یەکەم لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی).**

-ئامانجی توێژینەوەکە : توێژینەوەکە دوو ئامانجی سەرەکی هەبووە:

١-دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان ئەو ماوەیەی کە منداڵ بەسەری دەبات لەگەڵ بەرنامەکانی منداڵاندا و ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی کە وەریدەگرن.

٢-دۆزینەوەی جیاوازی لەنێوان (نێرومێ) سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان.

-میتۆدی توێژینەوەکە : میتۆدی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدی وەسفی شیکاری.

سنوری توێژینەوەکە : سنوری جوگرافیای توێژینەوەکە بریتیەلە شاری (حماه) وەسنوری مرۆیی بریتیەلە دایک وباوکی منداڵانی شاری (حماه) و سنوری کاتی توێژینەوەکە ساڵی ٢٠١٣ یە.

-کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە : بریتیە لە ئەو دایک وباوکانەی کە منداڵی تەمەن (٦-١٠)ساڵیان هەیە، لە شاری(سلمية) لە پارێزگای (حماه) ، نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٤٠) دایک وباوک کە بەشێوەی هەرەمەکی وەرگیراون.

-ئامرازی توێژینەوەکە : ئامرازی بەکارهاتووی توێژینەوەکە بریتیەلە فۆرمی راپرسی(الاستبيان) کە توێژەران لەبەر رۆشنایی ناوەرۆکی توێژینەوەکە برگەکانیان ئامادەکردووە ،پێکهاتووە لە(٢٠)برگە، کە (١٠)برگەی سەرەتا تایبەت بووە بە فیلم کارتۆن و (١٠)برگەی کۆتایش تایبەت بووە بە بەها کۆمەڵایەتیەکان.

-راست ودروستی ئامرازی توێژینەوەکە : بە مەبەستی دەرهێنانی راستی و دروستی توێژەران فۆرمەکەیان بەشێوەی سەرەتایی دارشتووە و خستویانەتە بەردەم پسپۆران

وشارەزایان پاشان لەبەر رۆشنایی ڕای پسپۆڕان و تێبینیەکانیان ، دووبارە برگەکانیان بەشێوەیەکی کۆتایی داڕشتۆتەوە .

-کەرەستەی ئاماری توێژینەوەکە : هەر یەکە لە ( تی تێست –هاوکۆلکەی پەیوەستی پیرسۆن)بەکارهاتووە.

-ئەنجامەکان:

١-جیاوازی مانادارى ئامارى هەیە، لەنێوان ماوەی سەیرکردنی فیلم کارتۆن لای منداڵان لەگەڵ ئەو بەهایانەی، کە وەری دەگرن بەجۆرێک تا ماوەی سەیرکردن زیاتر بێت، وەرگتنی بەهاکانیش زۆرتر دەبێت.

٢-هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەردوو ڕەگەزی (نێر ومێ) نیە سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لەسەر بەهاکۆمەڵایەتیەکان.

### **٢-٤-٢ توێژینەوەی( عرات/ ٢٠١٣ ) :**

**(ڕۆڵی کەناڵەکانی تایبەت بە منداڵان لەپاڵپشتیکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی (١، ٢،٣) لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە).**

-ئامانجی توێژینەوەکە :

زانینی ئاستی کارکردنی کەناڵەکانی تایبەت بە منداڵان لەسەر پاڵپشتیکردنی بەهاپەروەردەییەکان لای منداڵان لەڕوانگەی مامۆستایانەوە .

-میتۆدی توێژینەوەکە : بریتیە لە میتۆدی وەسفی شیکاری .

-سنوری توێژینەوەکە : سنوری جوگرافی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندنگە بنەرەتییەکانی کەرتی غەززە لە فەلەستین.

-کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە مامۆستایانی ئافرەت لە خوێندنگاکانی سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و سەربە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن لە کەرەتی غەززە(باکوورو رۆژئاوا)، هەروەها نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (١٣٤) مامۆستای ئافرەت کە بەشێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراون کە(٧٦)مامۆستایان لە مامۆستایانی خوێندگاکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان بوون و(٥٨)لە مامۆستایان سەر بە کەرەتی حکومی بوون.

-راستی ودروستی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە : بۆ دەرهێنانی راستی و دروستی ،توێژەر سێ ڕێگای بەکارهێناوە:

١-راستی ودروستی (ڕواڵەتی) کە فۆرمەکەی بەشێوەی سەرەتایی خستۆتە بەردەم چەند پسپۆرو شارەزایەک بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربارەی بڕگەکان.

-جێگیری: توێژەر بۆ دەرهێنانی جێگیری بۆ فۆرمی راپرسیەکە دوو ڕێگای بەکارهیناوە :

١- ڕێگای دابەشکردنی نیوەیی (التجزیئة النصفیة): بەبەکارهێنانی هاوکێشەی(گێتمان).

٢-ڕیگەی گونجانی ناوەیی(الاتساق الداخلي)بەبەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفا کرونباخ).

- کەرەستە ئاماریەبەکارهاتووەکان :

١-ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری .

٢-تی تێست.(T.TEST)

٣- هاوکێشەی ئەلفاکرۆنباخ.

٤-هاوکێشەی گێتمان.

-ئەنجامەکان:

١-کەناڵە تەلەفزیۆنیە تایبەتمەندەکانی منداڵان بەپلەی یەکەم کاردەکەن لەسەر پاڵپشتیکردن و گەشەپێدانی بەهای(تەندروستی )و پاشان بەریزبەندی هەریەکە لەبەهاکانی(ئاینی، رەوشتی، جوانی وکۆمەڵایەتی وزانستی) و لەکۆتایشدا بەهای (نیشتمانی).

**٢-٤-٣ توێژینەوەی(مصطفى، ٢٠١٦):**

**(ئەو بەهاو رەفتارانەی کە رەنگدانەوەی هەیە لە فیلم کارتۆنەکاندا و کاریگەری لەسەر منداڵان).**

-ئامانجی توێژینەوەکە :

١-زانینی کاریگەری زنجیرە کارتۆنەکان لەسەر منداڵان.

٢-دۆزینەوەی ئەو بەهایانەی کە لە فیلم کارتۆنە پەخشکراوەکاندا هەیە.

٣-دیاریکردنی رەفتارە ئەرێنیەکانی ناو فیلم کارتۆنە پەخشکراوەکان.

-میتۆدی توێژینەوەکە : بریتیەلە میتۆدی وەسفی شیکاری.

-كۆمەڵگە ونموونەی توێژینەوەکە :کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە منداڵانی(٩-١٢)ساڵ کە سەیری ئەو زنجیرە فیلم کارتۆنانە دەکەن (کە وەک نمونەی شیکاری ناوەرۆک وەرگیراوە لە توێژینەوەکە دا) لەهەریەک لە پارێزگانی ( قاهیرە- جیزە- قلوبیە).
هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ شیکاری ناوەرۆک بریتیە لە هەموو زنجیرە فیلم کارتۆنە پەخشکراوەکان لە کەناڵە میسرییەکانەوە (لە سەرەتای ٢٠١٠).
نموونەی مرۆیی توێژینەوەکە بریتیە لە (١٢٠) منداڵ ،کە بەشێوەیەکی هەرمەکی وەرگیراون، وە نموونەی لایەنی شیکاری ناوەرۆکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەریەکە لە زنجیرەکانی(سلطة بلدي، قبطان عزووز، بنت ودیاسی، مات نام،علیم لله،شغل عطاریت).

-سنوری توێژینەوەکە :
سنوری جوگرافی توێژینەوەکە بریتیی بووە لە هەریەک لەشارەکانی(قاهیرە جیزە- قلوبیە)، هەروەها سنوری مرۆیی بریتیی بووە لە منداڵانی(٩-١٢)ساڵ لە ئەو سێ پارێزگایە، هەروەها سنوری کاتی بریتیی بووە لە ساڵی (٢٠١٦).

-ئامرازی توێژینەوەکە : توێژەر دوو ئامرازی بەکارهێناوە یەکێکیان بۆ لایەنی شیکاری ناوەرۆکی توێژینەوەکە ، فۆرمێکی شیکاری ناوەرۆکی ئامادەکردووە تایبەت بە شیکاری ناوەرۆکی فیلم کارتۆنەکان، هەروەها فۆرمێکی راپرسی ئامادەکردووە بۆلایەنی مەیدانی توێژینەوەکە ، کە تایبەت بووە بە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنییەکانی فیلم کارتۆنەکان لەسەر منداڵان.

-راستی ودروستی و جێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە: بۆدەرهێنانی راستی ودروستی توێژەر پەنای بردۆتەوە بەر رێگای ڕواڵەتی و هەردوو پێوەرەکەی خستۆتە بەردەم پسپۆران و شارەزایان بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆیان لەبارەیەوە، هەروەها بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژەر پەنای بردۆتە بەر رێگای دووبارە تاقیکردنەوە بۆ هەردوو فۆرمەکە.

-کەرەستەی ئاماری: توێژەر بۆ شیکردنەوە وشیتەڵکردنی داتاکان سودی لە پرۆگرامی(spss) وەرگرتووە.

-ئەنجامەکان :

١-فیلم کارتۆنەکان بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری هەیەلەسەر منداڵ و ئاراستەکردنی.

٢-بـــەهای (لێبـــووردەیی) لـــەو فـــیلم کارتۆنانەنـــدا بەپلـــەی یەکـــەم هـــاتوەو زۆرتـــرین دووبارەبوونـەوەی هـەبووە ، هـەروەها بـەهای (تەندروسـتی) کـەمترین دووبـارە بوونـەوەی هەبووە.

## ٢-٤-٤ توێژینەوەی ( قاسم/ ٢٠١٦) :

**(کاریگـەری دیمەنـە تونـدوتیژەکانی فیلم کارتۆنـەکان لەسـەر منداڵان لـە ڕوانگـەی دایکـان وماموستایانەوە).**

-ئامانجی توێژینەوەکە : بریتیە لە زانینی کاریگەری دیمەنـە توندوتیژەکانی فیلم کارتۆنـەکان لەسـەر منداڵان، هـەروەها دیـاریکردنی کاریگـەرییە ئـەرێنی و نەرێنییـەکانی فیلم کارتۆنـەکان لەسـەر منداڵان.

-میتۆدی توێژینەوەکە : بریتیەلە میتۆدی وەسفی شیکاری.

-سـنوری توێژینەوەکـە :سـنوری مرۆیـی توێژینەوەکـە بریتیەلـە لەهـەموو ئـەو دایکانـەی کـە منداڵیان هەیـە، هـەروەها هـەموو مامۆسـتایانی ئـافرەتی خوێندنگـە بنەڕەتییـەکان لەشـاری( عمـــان). ســـنوری جـــوگرافی توێژینەوەکـــە بریتیـــە لـــە شـــاری عـــەمانی پایتـــەختی ئەردەن،توێژینەوەکە ساڵانی (٢٠١٥-٢٠١٦)ئەنجام دراوە.

-کۆمەڵگـە و نمـوونەی توێژینەوەکـە : بریتیەلـە دایکـان ومامۆسـتایانی ئـافرەتی سـنوری پارێزگـای عـەمان، وە نمـوونەی توێژینەوەکـە بەشـێوەیەکی مەبەسـتدار وەرگیـراوە کـە بریتیەلە(٢٠٠) کەس ،(١٠٠) دایک و(١٠٠)مامۆستا لە(٧)خوێندنگە وباخچەی منداڵان.

-ئامرازی توێژینەوەکە : توێژەر فۆرمی راپرسی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیـاری توێژینەوەکە، کە خۆی ئامادەی کردوە و کە لەسێ تەوەرەی سەرەکی پێکهاتوە:

١-زانیاری گشتی: سەبارەت بە تاکەکانی نموونەکە.

٢-رێژەی دەرکەوتنی توندوتیژی لای منداڵان لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بە دیمەنی توندوتیژ لە فیلم کارتۆنەکاندا،لەروانگەی دایکان و مامۆستایانەوە .

٣-بۆ چوونی مامۆسـتایان ودایکان سـەبارەت بـە کاریگـەریە ئەرێنیەکانی فیلم کارتۆنەکان لەسـەر منداڵان.

-راستی و دروستی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە :

بۆ دەرهێنانی راستی و دروستی ، توێژەر رێگای رواڵەتی بەکارهێناوە کە بریتیە لە پێدانی فۆرمی راپرسیەکە بە پسپۆڕان و شارەزایان بۆ دەربڕینی راوبۆچوونیان سەبارەت بە بڕگەکانی فۆرمەکە.

بۆدەرهێنانی جێگیری توێژینەوەکە توێژەر رێگەی دووبارە تاقیکردنەوەیی (اعادة الاختبار) بەکارهێناوە لەدووکاتی جیاواز، کە ماوەی نێوان هەردوو تاقیکردنەوەک دووهەفتەبووە، لەسەر(٥٠)کەس، لەدەرەوەی نموونەی توێژینەوەکە وە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی(ئەلفاکرونباخ)، توێژەر گەیشتۆتە ئەنجامی(٩٠٪) کە ئەمەش رێژەیەکی باشە بۆ جێگیری فۆرمی راپرسیەکە.

-کەرەستەی ئاماری:بەگشتی توێژەر سوودی لە بەرنامەی(spss) وەرگرتوە بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشانە.

١- رێژەی سەدی.

٢-ناوەندی ژمێرەیی.

٣-تاقیکردنەوەی($chi^2$)

٤-هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ.

-ئەنجامەکان:

توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامانەی کە بەزۆری منداڵان لاسایی ئەو دیمەن و گرتانە دەکەنەوە کە رۆژانە بەرکەوتەیان لەگەڵی هەیە، هەروەها کوڕان زیاتر لە کچان ئامادەییان هەیە بۆ لاساییکردنەوەو دووبارەکردنەوەی دیمەنە توندوتیژەکان. لایەنێکی تری ئەنجامەکان بریتی بوە لەوەی کە ئەو فیلم کارتۆنانە هەندێ جار بەشێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری دەکەنە سەر رەفتارە و هەڵسوکەوتی منداڵان بەجۆرێک لەپاش بینینی ئەو فیلم کارتۆنانە منداڵان فێری زاراوەی گونجاو دەبن و لەڕووی زمانەوانییەوە سوود وەردەگرن،وە ئارەزووی دۆزینەوە و پشکنینی زیاتری دەوروبەریان دەکەن.

### ٢-٤-٥ **توێژینەوەی ( العمداوی ، ٢٠١٧) :**

**(کاریگەری سەیرکردنی تەلەفزیۆن لە پێکهێنانی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵی جەزائیری )**

-ئامانجی توێژینەوەکە : بریتیە لە زانینی شێوەو ماوەو چۆنێتی سەیرکردن منداڵان بۆ ئەو بەرنامە تەلەفزیۆنییانەی، کە تایبەتن بە خۆیان و دۆزینەوەی پاڵنەرو هۆکارەکانی پشت سەیکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنیەکان لەلایەن منداڵانەوە. تیشک خستنەسەر ئەو بەرنامانەی کە

منداڵان ئارەزووی دەکەن. زانینی ئەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵان، هەروەها دیاریکردنی کاریگەرییەجۆراوجۆرەکانی ئەو بەرنامانە لەسەرمنداڵان، وزانینی ئاستی گونجاوی ئەو بەرنامانە لەگەڵ بەها پەروەردەییەکان.

-میتۆدی توێژینەوەکە : بریتیە لە میتۆدی وەسفی شیکاریی ، کە توێژەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی شیکاری و مەیدانیەوە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بدۆزێتەوە.

-سنوری توێژینەوەکە : توێژینەوەکە لەشاری (عین البیضاء) ئەنجامدراوە لەمانگی (٩)ی (٢٠١٦) دەست بە ڕێکارەکانی توێژینەوەکە کراوە، سەبارەت بە سنوری مرۆیی توێژینەوەکە بریتیەلە دایک وباوکی منداڵان.

-کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە هەموو دایک و باوکی مندالانی شاری (عین البیضاء) لە جەزائیر. بۆدیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی مەبەستدار(١٢٠) کەسی لە دایک وباوک وەرگرتووە، بە ڕێژەی (٥١)باوک و(٦٩)دایک.

-ئامرازی توێژینەوەکە : توێژەر فۆرمی ڕاپرسی(الاستبیان)ی بەکارهێناوە کە خۆی ئامادەی کردووە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە .

-ڕاستی ودروستی وجێگیری ئامرازی توێژینەوەکە : توێژەر لە توێژینەوەکەدا هیچ ئاماژەیەکی بەم دوو ڕێکارە نەداوە. بەپێی ڕێنماییەکانی توێژینەوەی زانستی نەبونی ئەم ڕێکارانە وئاماژە پێنەکردنی لەلایەن توێژەوە بەکەم وکورتی زانستی دادەنرێت لە ئەنجامدانی توێژینەوەدا.

-کەرەستەی ئاماری : توێژەر بۆ شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی بەرنامەی(spss)ی بەکارهێناوە.

-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

لە تەماشاکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا مندالان زیاتر لە هەر شتێکی تر ئارەزووی سەیرکردنی فیلم کارتۆن و فیلمی منداڵان و گۆرانی مندالان دەکەن، کە ئەم بابەتانەش زۆرترین ڕۆڵیان هەیە لە چاندنی بەهای( ڕێزگرتن، یارمەتیدان، لێبوردەیی ،ڕاستگۆیی، گیانی کۆمەلایەتی).هەروەها توێژەر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی ، کە گرنگترین ئەو بەهایانەی کە

دایک و باوک خوازیارن منداڵەکانیان وەربیگرن و فێری ببن لە فیلم کارتۆنەکانەوە، بریتیە لە بەهاکانی (چاکەکردن لەگەڵ دایک وباوک، راستگۆیی، ئارامگرتن، لێبوردەیی، پاکوخوێنی).

### ٢-٤-٦ توێژینەوەی( مستور/ ٢٠١٧):

**(بەرکەوتنی منداڵان بە فیلم کارتۆنەکان و تێربوونە بەدەستهاتووەکان).**

-ئامانجی توێژینەوەکە :

١-دیاریکردنی ئەو پاڵنەرانەی کە وا لە منداڵان دەکەن سەیری فیلم کارتۆنەکان بکەن.

٢- دیاریکردنی تێربوونە ئەرێنییەکان لەئەنجامی سەیرکردنی فیلم کارتونەکان لەلایەن منداڵانەوە.

٣- دیاریکردنی تێربوونە نەرێنییەکان لەئەنجامی سەیرکردنی فیلم کارتۆنەکان لەلایەن منداڵانەوە.

-میتۆدی توێژینەوەکە :میتۆدی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدی وەسفی شیکاری.

-سنوری توێژینەوەکە :سنوری جوگرافی توێژینەوەکە بریتیەلە قوتابخانە ناوەندییەکانی شاری (ریاض) کە قوتابخانەکان کەوتوونەتە گەرەکی رۆشنبیر و گەرەکی میللی. سنوری کاتی توێژینەوەکە بریتیە لە خوێندنی(٢٠١٦-٢٠١٧)، هەروەها سنوری مرۆیی بریتیەلە هەموو خوێندکارانی کوڕ لە قۆناغی ناوەندی لە شاری ریاض.

-کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە :کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لەسەرجەم خوێندکارانی ناوەندی شاری ریاض کە ژمارەیان(٥٤,٨٠٠) خوێندکارە، هەروەها نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە(٨%) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، کە دەکاتە(٤٥٥) خوێندکار .

- ئامرازی توێژینەوەکە :توێژەر فۆرمی راپرسی بەکارهێناوە وەک ئامرازی توێژینەوە، کە توێژەر ئامادەیکردووە بەسوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو ، هەروەها سەرچاوە و ئەدەبیاتی تایبەت بەوبوارە. فۆرمەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەت بە زانیاری گشتی لێ توێژەران(المبحوثين) و بەشی دووەمیش پێکهاتووە لە(٣) تەوەرە.

١-پالنەرەکانی سەیرکردنی فیلم کارتۆن لای منداڵان.

٢-تێربوونە ئەرێنییەکان لەئەنجامی سەیرکردنی فیلم کارتۆنەکان لای منداڵان.

٣-تێربوونە نەرێنییەکان لەئەنجامی سەیرکردنی فیلم کارتۆن لای منداڵان.

- راستی و دروستی و جێگیری: بۆ دەرهێنانی راستی ودروستی توێژەر دوو رێگای بەکارهێناوە:

١-ڕێگـای ڕواڵـەتی: کـە تیـادا تـوێژەر فـۆرمی ڕاپرسـییەکەی خسـتۆتە بـەردەم پسـپۆڕان و دادوەران بەمەبەستی دەبڕینی ڕاو سەرنج و تیبینەکانیان لەسەر بڕگەکانی فۆرمەکە.
٢-ڕاستی و درووستی گونجانی ناوەیی (اتساق داخلی).
بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژەر هاوکێشەی (ئەلفا کرۆنباخ)ی بەکارهێناوە کە تێیدا لە هەرسـێ تەوەرەکەدا ڕێژەی جێگیری (٠،٩٠)بوو، کە ئەم ئەنجامـەش ڕێژەیـەکی گونجـاوە بۆ جێگیری ئامرازەکە.
-کەرەستەی ئامـاری توێژینەوەکـە :تـوێژەر سـوودی لـە پرۆگرامـی (spss) وەرگرتـووە بـۆ شیکاری ئاماری وئەم هاوکێشانەی بەکارهێناوە:
١- ڕێژەی سەدی.
٢-ناوەندی ڕێژەیی.
٣- لادانی پێوەری (الانحراف المعیاری).
٤-هاوکۆلگەی پەیوەستی پیرسۆن.
٥-هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ.
٦-تاقیکردنەوەی کای سکوێر.
٧-تاقیکردنەوەی سیمرنۆڤ.
٨- تاقیکردنەوەی (leven statiic)
٩-تاقیکردنەوەی(kruskol-wallis)

-ئەنجامەکانی توێژینەوەکە :
١-گرنگترین پالنـەرەکانی سـەیرکردنی فیلم کـارتۆن لای منداڵان بریتیـە لـە پـاڵنەری چێژو کەیف و خۆشی ، هەروەها پاڵنەری سەرنج ڕاکێشان و هەست بزوێنی.
٢-گرنگتـرین تێربوونــە ئەرێنییــەکان لەئـەنجامی سـەیرکردنی فـیلم کارتۆنەکـان لەلایــەن منداڵانەوە بریتیە لە جوڵاندنی بیرو خەیاڵیان ، هەروەها پێدانی زانیاری وتێرکردنی ڕەمـەکی حەزکردن بەگەڕان و و پشکنین و هەروەها هاندان بۆ فێربوونی رەفتاری نوێ.
٢-گرنگترین تێربوونە نەرێنییەکان لەئەنجامی سەیرکردنی فیلم کـارتۆن لای منداڵان بریتییـە لـە پێدانی بیروبۆچـوونی روخێنـەر، هـەروەها دورکەوتـنەوە لە ڕەفتـاری شـیاوی کـۆمەڵگە وبەفێرۆدانی کات و زۆرکاتیش هۆکارە بۆ تەمبەڵی و سستیی منداڵان.

### ٢-٤-٧ توێژینەوەی (حواس ومحمد/ ٢٠١٨):

**(بەها پەروەردەیی و هونەرییەکان لە زنجیرە فیلم کارتۆنەکانی کەناڵی-mbc3 دا)**

-ئامانجی توێژینەوەکە :

١-دۆزینـــەوەو دەستنیشـــانکردنی بـــەها پەروەردەییـــەکان لـــە زنجیـــرە کارتۆنـــەکانی کەناڵی(mbc3).

٢- دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی بەها هونەرییەیکان لە زنجیرە کارتۆنەکانی کەناڵی(mbc3).

-میتۆدی توێژینەوەکە : میتۆی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدی شیکاری ناوەرۆک.

-کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکـە :کومەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتیـە لـە زنجیـرەی کـارتۆنی (دانیە)کەلە ساڵی(٢٠١٤-٢٠١٧)بەرهەمهاتووە ، هەروەها نموونەی توێژینەوەکە بریتیی بووە لە(٢)زنجیرە کەبەشێوەی مەبەستدار وەرگیراون.

-ئـامرازی توێژینەوەکـە : تـوێژەر بـۆ بـەها پەروەردەییـەکان سـودی لە پێوانکـاری (وایـت) وەرگرتـوە ، بۆئامـادەکردنی پێوانکـارێکی تایبـەتی سـەبارەت بـە بـەها پەروەردەییـەکان لەکارتۆنەکاندا، هەروەها بۆ پێوانەی بەها هونەریەکان توێژەر ئامرازی توێژینـەوەی (مـارف" ٢٠١٢)ی بەکارهێناوە کە دوبارە ئامادەی کردۆتەوە.

-راستی و دروستی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە :

بۆ دەرهێنانی راستی ودروستی، توێژەر رێگای ڕواڵـەتی بـەکارهێناوەو فۆرمـەکانی خستۆتە بـەردەم چەنـد پسـپۆڕو شـارەزایەک و پاشـان لەبـەر رۆشـنایی ڕاو سـەرنج و تێبینـی ئـەو پســپۆڕانەدا تــوێژەر جــارێکی تــر بڕگــەکانی دارشــتۆتەوەو فۆرمەکــە شــێوەی کۆتــایی وەرگرتووە، بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژەر پەنای بردۆتە بەر سێ شیکەرەوی دەرەکی و لەئەنجامدا رێژەی گونجانەکە بەم جۆرەبووە:

١-رێژەی گونجاوی نێوان شیکەرەوەی یەکەم و توێژەر : ٩٠٪ بووە.

٢-رێژەی گونجاوی نێوان شیکەرەوەی دووەم و توێژەر : ٨٧٪ بووە.

٣-رێژەی گونجاوی نێوان شیکەرەوەی سێیەم و توێژەر : ٩٠٪ بووە.

٤- رێژەی گونجاوی نێوان سێ شیکەرەوەکە : ٨٩٪ بووە.

-ئـامرازی ئامـاری : تـوێژەر سـوودی لـە پرۆگرامـی(spss) وەرگرتـووە بـۆ چارەسـەرییە ئامارییەکان.

-ئەنجامی توێژینەوەکە :

١-فیلم کارتۆنی(دانیە) ڕۆڵی هەیە لەبنیاتنانی بەهای پەروەردەیی ئەرێنی لای منداڵان.

٢-زنجیرەی(دانیە)چارەسەری ئەو پرسانە دەکات، کە مۆرکی پەروەردەیی و فێرکاری و کۆمەڵایەتی تێدایە لە چوارچێوەیەکی هونەریدا.

**٢-٤-٨ توێژینەوەی (بن مفتاح/٢٠١٨):**

**(کەناڵە ئاسمانییەکان و ململانێی بەهاکان لای منداڵ)**

-ئامانجی توێژینەوەکە :

١-دۆزینەوەی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی بەها دژەکان ، کە دەبێتەهۆی ململانێی بەهایی لای منداڵان.

٢- دیاریکردنی ئاستی ململانێی بەهایی لەئەنجامی بەکارهێنانی کەناڵە ئاسمانییەکان لەلایەن منداڵانەوە، لەڕوانگەی دایک وباوکانەوە.

-میتۆدی توێژینەوەکە : میتۆدی وەسفی شیکاریە.

-کۆمەڵگە ونموونەی توێژینەوەکە : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە خێزانەکانی نیشتەجێی لادێکان و ناوچە دورە دەستەکان لەجەزائیر. نموونەی توێژینەوەکەش بەشێوەیەکی هەرەمەکی مەبەستدار وەرگیراوە، کە پێکهاتووە لە(١٦٠)خێزان.

-ئامرازی توێژینەوەکە :توێژەر پێوانکاری بەکارهێناوە وەک ئامرازی توێژینەوەکە، کە لەئامادەکردنی توێژەرە لەبەر رۆشنایی ریزبەندی(فریدمان)بۆ باهاکان، کە تێیدا هەر چوار بواری(رۆشنبیری - دەروونی – کۆمەڵایەتی ، ئابوری) رەنگی داوەتەوە.

-راست و دروستی و جێگیری پێوەر: بۆ دەرهێنانی راستی ودرووستی، توێژەر پەنای بردووەتە بەر رێگەی (ناوەرۆک) و پاش دەرهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەستی لەنێوان بڕگەکان وهەر بوارێک لەلایەک و هەروەها لەنێوان بوارەکان و پێوەرەکە لەلایەکی ترەوە. توێژەر ئەو برگانەی لابردووە کە نمرەکەی لە ئاستێکی کەمدا بووە.

بۆ دەرهێنانی جێگیری : توێژەر پەنای بردووە بۆ دوو رێگا :

١-هاوکێشەی (ئەلفاکرۆنباخ): کە پاش دووبارە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە هاوکۆلکەی جێگیری بریتیی بووە لە (٩١٪) کە ئەمەش مانای ئاستی جێگیری نیشان دەدات.

٢-ڕێگای دابەشکردنی نیوەیی: کە تێیدا ڕێژەی هاوکۆلکەی دابەشکردنەکە بریتیی بووە لە(٧٢٪) پاشان بەبەکارهێنانی هاوکۆلکەی ڕاستکردنەوەی( سپیرمان-براون )و هاوکێشەی (گێتمان) ڕێژەکە بەرزکراوەتە بۆ (٨٤٪) ، کەئەمەش جەخت لە جێگیری پێوەرەکە دەکاتەوە.

-کەرەستەی ئاماری: تویژەر سوودی لەبەرنامەی(spss) و هاکێشەکانی وەرگرتووە بۆ شیکاری داتاکان.

-ئەنجامەکان:

١-لەبواری کۆمەڵایەتیدا منداڵان توشی ململانێی بەهاکان نابن لەئەنجامی سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە، بەڵام هەریەک لە بوارەکانی (ڕۆشنبیری و دەروونی و ئابوری) کاریگەردەبن و منداڵان لەم بوارانەدا تووشی ململانێی بەهایی دەبن پاش تەماشاکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان.

٢-پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان ماوەی سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییەکان و ئاستی ململانێی بەهاکان .

٣-جیاوازی ماناداری ئاماری نیە لە ئاستی ململانێی بەهایی لە ئەنجامی سەیرکردنی کەنالەئاسمانییەکان ، بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز و ئاستی بژێوی خێزان) بەڵام جیاوای ماناداری ئاماری (دلالة الاحصائية) هەیە بەپێی (گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایک وباوک) بە جۆرێک تا ئاستی خوێندەواری خێزان بەرزتر بێت ململانێی بەهاکان لای منداڵان کەمتر دەبێت.خشتەی (١) پوختەی توێژینەوەکانی پێشوو ڕووندەکاتەوە.

**٢-٤-٩ توێژینەوەی( فتحی/ ٢٠١٩):**

**(کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لە کەناڵە عەرەبییەکاندا لەسەر بەهاورەفتاری منداڵ لە وڵاتی میسر)**

-ئامانجی توێژینەوەکە :

١-دیاریکردنی ئەو بەهایانەی کەلەنێو فیلم کارتۆنە پەخشکراوەکاندا هەیە لەهەردوو کەناڵی(mbc3)و(Cartoon Network)

٢- دۆزینەوەو دیاریکردنی ئەو ڕەفتارانەی کە منداڵان لەئەنجامی سەیرکردنی ئەو دووکەناڵەوە فێری دەبن.

٣-دیاریکردنی قەبارەو جۆری ئەو توندوتیژیەی لەو دوو کەناڵەوە پەخشدەکرێت.

٤-زانینی گرنگترین لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو دووکەناڵە لەڕوانگەی باوکانەوە.

-میتۆدی توێژینەوەکە : بریتیەلە میتۆدی وەسفی بە هەردوو باری شیکاری و مەیدانیەوە.

-کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە : کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە بریتیەلە خێزانی میسری کە پێکهاتووە لەدایک وباوک و منداڵ لەهەریەکە لە شارەکانی(قاهیرە، شرقیە، مینا)، هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بۆلایەنی شیکاری ناوەرۆک بریتیەلەو فیلم کارتۆنانەی کە لە هەریەکە لەکەناڵەکانی(mbc3)و( Cartoon Network) پەخشکراون.

سەبارەت بە نموونەی توێژینەوەکە بۆلایەنی مەیدانی، توێژەر لە هەر خێزانێک دایک وباوک و منداڵێکی وەرگرتووە بەشێوەیەک کە کۆی گشتی نموونەکە بریتیی بووەلە(٤٥٠)کەس،(٢٢٥)کەسیان لە دایک وباوک و(٢٢٥) کەسیشیان لە منداڵ لەتەمەنی(٩-١٢)لە هەمان خێزان.

بۆ نموونەی توێژینەوەکە بۆلایەنی شیکاری ناوەرۆک ،توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی مەبەستدار (١٧٥)زنجیرەی وەرگرتووە لەهەردوو کەناڵەکە.

-ئامرازی توێژینەوەکە :توێژەر سێ ئامرازی بەکارهێناوە:

١-فۆرمی شیکاری ناوەرۆک بۆ شیکاری زنجیرە فیلم کارتۆنەکان.

٢-فۆرمی راپرسی تایبەت بە منداڵان سەبارەت بە شێوازی تەماشاکردنیان بۆ ئەو دوو کەناڵە.

٣-فۆرمی راپرسی تایبەت بە دایک وباوکان سەبارەت شێوازی رەفتاری منداڵەکانیان لەکاتی سەیرکردنی ئەو دووکەناڵەدا.

-راستی و دروستی و جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە:

-بۆ دەرهێنانی راستی و دروستی توێژەر ڕێگای ڕاستی ودروستی ڕواڵەتی بەکارهێناوە، کە پێوەرەکانی خستۆتە بەردەم پسپۆڕان و شارەزایان پاشان بەپێی ڕاوبۆچوون وتێبینی پشکێنەران گۆرانکاری لە بڕگەکاندا کردووە.

- بۆ دەرهێنانی جێگیری، توێژەر ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێناوە، کە پێوانکارەکەی لەسەر نموونەیەک تاقیکردۆتەوە کە نزیکەی(١٠٪)ی ڕێژەی کۆی گشتی نموونەکە بووە .هەروەها ماوەی نێوان هەردوو تاقیکردنەوەکە دوو هەفتەبووە، پاش دەرکردنی ئەنجامەکان دەرکەوتووە هەردوو تاقیکردنەوە لەجاری یەکەم و دووهەمدا هاو ئەنجام بوون بەرێژەی(٩٨٪)بەمەش پێوەرەکە جێگری وەرگرتووە. توێژەر هەستاوە

بەئەنجامدانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی بەمەبەستی دڵنیان بوون لەڕوونی و ئاشکرایی بڕگەو پرسـیارەکان بۆئەنـدامانی نموونەکـە ، هـەروەها بـۆ زانینـی ئەوماوەیـەی کـە لێتـوێژەران پێویستیانە بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەو پرسیارەکان.

-کەرەستەی ئاماری:

توێژەر بەگشتی سودی لەبەرنامەی(spss) وەرگرتووە بۆ شیتەڵکردنی ئەنجام وداتاکان وە ئەم هاوکیشانەی بەکارهێناوە:

١- ڕێژەی سەدی و دووبارەبوونەوە.

٢-پێوانکاری(لیکرت).

٣-تی تێست(T.test)

-ئەنجامی توێژینەوەکە :

١- بـەهای ئـەرێنی زیـاتر بـاڵا دەسـتبووە،لەناو فیلم کارتۆنەکانـدا،و ئـەو بەهایـەی زۆرتـرین دووبارەبوونەوەی تێدابووە بەهای(هاوکاری)یە.

٣- منداڵ نزیکەی (٧٤٪) ئەو توندووتیژیەی وەریدەگرێت لەرێگەی فیلم کارتۆنەکانەوەیە.

**٢-٤-١٠ توێژینەوەی( شریف، ٢٠١٩):**

**(بـەها لـە فیلم کارتۆنـە دۆبلاژکراوەکانـدا و ئاسـتی گونجاوییـان لەگـەڵ بـەهای کۆمەڵگـەی عەرەبی دا).**

-ئامانجی توێژینەوەکە :

١- دۆزینـــەوەی ئـــەو بـــەهایانەی کـــە لەفـــیلم کارتۆنـــە دۆبلاژکراوەکـــان هەیە،زنجیـــرەی (چیرۆکەکانی جنجر)بە نموونە.

٢-ئاســـتی گونجـــاوی ئەو بەهایـــانە لەگەڵ بەهاکـــانی کـــۆمەڵگەی عهرەبـــی، زنجیـــرەی (چیرۆکەکانی جنجر) بەنموونە.

-میتۆدی توێژینەوەکە : بریتیە لە میتۆدی شیکاری ناوەرۆک.

-سنوری توێژینەوەکە : سنوری کاتی توێژینەوەکە بریتیە لە ٢٠١٨/١٠/٢٧ بۆ ٢٠١٩/٤/٣٠، هـەروەها سـنوری شـوێنی توێژینەوەکـە بریتیـە لـە هـەموو زنجیرەکـانی فـیلم کـارتۆنی دۆبلاژکراوی عەرەبی(چیرۆکەکانی جنجر)کەپێکهاتووە لە(٢٢) زنجیرە.

-کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە و نمـوونەی توێژینەوەکـە : کۆمەڵگـەی توێژینەوەکـە بریتیەلـە هەموو زنجیرە دۆبلاژکراوەکان بۆزمانی عەرەبی. نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە زنجیرەی چیرۆکەکانی جنجر کە بەشێوەیەکی مەبەستدار وەرگیراوە کە بریتیە بووە لە(٢٢) زنجیرە.

– ئامرازی توێژینەوەکە : ئامرازی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا بریتیە لە فۆرمی شیکاری ناوەرۆک کە توێژەر ئامادەی کردوە،بە گشتی توێژەر لە فۆرمەکەدا چەند لایەنێکی دیاریکردووە بۆ شیکاری ناوەرۆک کە بریتین لە:

١- لایەنی بەها: کە دابەش بووە بۆ بەهای(کۆمەلایەتی ، ئاینی، نیشتمانی، سیاسی، زانستی، بەهای ناکۆک لەگەڵ کۆمەڵگەی عەرەبی).

٢-لایەنی بابەتی:( واتە تا چ رادەیەک ئەو بابەتەی لەو فیلم کارتۆنەدا پێشکەش دەکرێت ئەرێنییە یان نەرێنییە (ناوەرۆکی ئەرێنی –ناوەرۆکی نەرێنی).

٣-لایەنی شێواز: مەبەست لێی ئەو شێوازەیە کە بەکاردێت بۆ دابەشکردنی ناوەرۆکی فیلم کارتۆنەکە.

-راستی ودروستی و جێگیریی ئامرازی توێژینەوەکە: بۆ دەرهێنانی راستی ودروستی فۆرمی شیکاری ناوەرۆک توێژەر فۆرمەکەی خستۆتە بەردەم ژمارەیەک لە شارەزاییان و پسپۆرانی بواری راگەیاندن و کۆمەلایەتی و پەیوەندی ، پاشان لەبەر رۆشنایی راوبۆچوونی ئەو دادوەرانەدا گۆرانکاری پێویست لە فۆرمەکەدا کراوەو شێوەی کۆتایی وەرگرتووە.

رێگای دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێناوە بۆ(١٠٪) ی کۆی گشتی نموونەکە پاش کۆکردنەوەی ژمارە دیاریکراوەکە لە نموونە دووبارە پاش ماوەیەک( زیاتر لەدوو هەفتە) دووبارە فۆرمەکەی خستۆتەوە بەردەستیان بۆ دووبارە پڕکردنەوەی پاشان بەیاسای هاوکۆلکەی پەیوەستی جیاوازی هەردوو ئەنجامەکەی دەرهێناوە .

-کەرەستەی ئاماری بەکارهاتوو: توێژەر سوودی لە بەرنامەی ئاماری(spss) وەرگرتووە

-ئەنجامی توێژینەوەکە :

لە زنجیرەی (چیرۆکەکانی جنجر) دا ئەو بەهایانەی کە زۆرترین دوبارەبوونەوەی هەبوە بریتی بووە لەو بەهایانەی کە ناکۆکە بە کۆمەڵگەی عەرەبی،هەروەها بەهای (زانستی – ئاینی – رەوشتی – نیشتیمانی) کەمترین ئاماژەی پێدراوە لەو زنجیرەیەدا.بە گشتی ئەو جۆرە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوانە کاریگەرییی نەرێنی هەیە لەسەر بەهای کۆمەڵگەی عەرەبی.

## ٥-٢ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:-

سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکان سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی شیکاریان بەکارهێناوە جگەلە توێژینەوەی (شریف/٢٠١٩) و(حواس و محمد/٢٠١٨) کە میتۆدی شیکاری ناوەرۆکیان بەکارهێناوە، بەهەمان شێوە ئەم توێژینەوەیەش میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە ،بەهۆی گونجاوی ئەو میتۆدە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو جۆرە توێژینەوانە. سەبارەت بە نموونەو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەریەکە لە توێژینەوەکانی (فلوجی/عمداوی/مصطفی/مستور/بن مفتاح) دایک و باوکانیان وەرگرتوە بەهەمان شێوەی ئەم توێژینەوەیە کە دایک و باوکی قوتابیانی قۆناغی باخچەی وەرگرتوە، توێژینەوەی (عرات)مامۆستایانی ئافرەتی وەک کۆمەڵگە ونموونەی توێژینەوەکە وەرگرتوە و توێژینەوەی (قاسم) مامۆستا و دایک و باوکی وەک کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتوە. توێژینەوەی (فتحی) منداڵ و دایک و باوکی وەک کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتوە. هەریەکە لە توێژینەوەکانی (حواس و محمد/شریف) فیلم کارتۆنیان وەک کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتوە، چونکە توێژینەوەی شیکاری ناوەرۆکن.

هۆکاری ئەوەی کە ئەم جۆرە توێژینەوانە زۆربەی کات دایک و باوک یاخود مامۆستا وەک کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە وەردەگرن دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی پەروەردەیی لەسەر قۆناغی منداڵی، ناکرێت یاخود ئەستەمە راستەوخۆ لەرێگەی خودی منداڵەکەوە داتا وەربگری چونکە منداڵ لەو قۆناغەدا لەرووی دەربڕین و تەنانەت خوێندنەوەشەوە، بەتەواوەتی پێنەگەیشتون و ئامادەنین، هەروەها هۆکارێکی تر ئەوەیە کە دایک و باوک و مامۆستا زیاتر لە هەرکەسێک نزیکترن لە منداڵانەوە و بەتەواوەتی لە رەفتار و هەلسوکەوتی منداڵ شارەزان. بەتایبەتی دایک و باوک.

سەبارەت بە ئامرازی توێژینەوە سەرجەم توێژینەوە وەسفی شیکاریەکان فۆرمی راپرسیان بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری سەبارەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکان، بەهەمان شێوە ئەم توێژینەوەیەش فۆرمێکی راپرسی بەکار هێناوە کە لە ئامادەکردنی توێژەرە .

سەبارەت بە بابەتی راستیی و دروستی و جێگیری سەرجەم توێژینەوەکان بۆدەرهێنانی راستی و دروستی پەنایان بردۆتە بەر رێگەی درووستی رواڵەتی بەهەمان

شـێوەی ئەم تـوێژینەوەیە، جـگە لە توێژینەوەکـانی (مسـتور/حواس و محمـد) کە زیـاتر لە ڕێگەیەکیـان بەکارهێنـاوە بـۆ دەرهێنـانی ڕاسـتی و دروسـتی، ئەوەی جـێگەی سـەرنجە، تـوێژینەوەی (عـرات) ئامـاژەی بە ڕێکارەکـانی ڕاسـتی و دروسـتی وجێگیـری نەداوە. بـۆ دەرهێنـانی جێگیـری بەگشـتی توێژینەوەکـان ڕێگەکـانی دابەشـکردنی نیـوەیی و دوبـارە تاقیکردنەوەیـان بەکارهێنـاوە، ئەم تـوێژینەوەیە ڕێـگەی دابەشـکردنی نیـوەیی وگونجانـدنی ناوەیی(الاتساق الداخلي) بەکارهێناوە.

سـەبارەت بە ئەنجامەکان، توێژینەوەی (العمداوي:٢٠١٧)ئەنجامەکەی هاوتـایە لەگەڵ ئەنجـامی ئەم تـوێژینەوەیە بەوەی فـیلم کارتۆنەکـان کاریگەرییـیان هەیە لەسـەر پاڵپشـتی کردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵان. ئەنجامی تـوێژینەوەی (فلـوجی وئەوانیتـر:٢٠١٧) هاوتـایە لەگەڵ ئەنجامی ئەم تـوێژینەوەیە  بەوەی کە هـیچ جیاوازیەک نیە لە نێوان کچـان وکوڕاندا سەبارەت بە کاریگەرییی فیلم کارتۆنەکان. بەهەمان شـێوە ئەنجامی تـوێژینەوەی (عـرات:٢٠١٣) هاوتـایە لەگەڵ ئەنجـامی ئەم تـوێژینەوەیە بەوەی فیلم کارتۆنەکـان بە پـلەی یەکەم کاریگەرییییان هەیە لەسەر بەهای (تەندروستی) لای منداڵان. جگەلەوانەش ئەنجامی تــوێژینەوەی (فتحــی:٢٠١٩) هاوتــایە لەگەڵ ئەنجــامی ئەم تــوێژینەوەیە بەوەی، کە بەهــا ئەرێنیەکان باڵادەستن لە فیلم کارتۆنەکاندا.

ئەنجامی توێژینەوەی (شریف/٢٠١٩) هاوشیوەی ئەنجـامی ئەم تـوێژینەوەیەیە بەوەی کە فـیلم کارتۆنەکــان هەنـدێ بەهــا فێـری منـدالان دەکەن کە نــاکۆکە لەگەڵ بەهاکــانی کۆمەڵگە.بە هەمان شـێوە ئەنجامی تـویژینەوەی (مصـطفی/٢٠١٦) هاوشـێوەی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەیە بەوەی کە فێربونی(سوکایەتی و گاڵتەپیکردن) لەگرنگترین لایەنە نەرێنیەکانی فـیلم کارتۆنەکـانن لەسـەر منـداڵان.هەروەها ئەنجامەکـانی تـوێژینەوەی (بـن مفتـاح/٢٠١٨) هاوشـێوەی ئەنجـامی ئەم تـوێژینەوەیەیە بەوەی کە هـیچ جیـاوازیەک نییە لە نێوان  کچ و کوڕدا سەبارەت بە کاریگەرییی کەناڵەکان لەسەر بەهاکانی منداڵ، هەروەها جیاوازی هەیە سـەبارەت بە کـاریگەرییی کاناڵەکـان لەسـەر بەهـای منـداڵ بەپێـی گـۆڕاوی ئاسـتی خوێندەواری دایک و بـاوک بەوەی کە هەتـا ئاسـتی خوێندەواری دایک وبـاوک نزمتربێت کاریگەرییی کەناڵەکان زیاتردەبێت لەسەر بەهـای منداڵەکانیان، کە ئەم ئەمجامەش هەمـان ئەو ئەنجامەیە کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتوە.

## خشتەی (١)

## توێژینەوەکانی پێشوو

| ژمارە | ناونیشان | توێژەر | میتۆد | نموونە | راستی و دروستی | جێگیری | کەرەستەی ئاماری | ئامرازی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | اثر مشاهدة التلفزيون فى تشكيل القيم التربوية للطفل الجزائري | احلام العمداوي ٢٠١٧(ماجستير) | وەسفی شیکاری | دایک وباوک | ئاماژەی پینەدراوە | ئاماژەی پینەدراوە | Spss | فۆرمی راپرسی |
| ٢ | الرسوم المتحركة واثرها على القيم الاجتماعية الاطفال المرحلة الاساسية | منار الفلوجى و اخرون ٢٠١٣ (ترقية) | وەسفی شیکاری | دایک و باوک | راستی و دروستی رواڵەتی | ئاماژەی پینەدراوە | - تی تێست<br>- ها.پ.پێرسۆن | فۆرمی راپرسی |
| ٣ | دور الفضائيات الاطفال في تدعيم القيم التربوية لديهم من وجهة نظر معلمات المرحلة الاساسية | نجاة العرات ٢٠١٣ (ماجستير) | وەسفی شیکاری | مامۆستایانی بنەرەتی (ئافرەت) | - رواڵەتی<br>- جیاکاری<br>- ناوەرۆک | - دابەشکردنی نیوەیی<br>- گونجانی ناوەیی | - تی تێست<br>- ناوەندی ژمێرەیی<br>- لادانی پێوەری | فۆرمی راپرسی |
| ٤ | قيم في برامج الرسوم المتحركة المدبلجة للعربية و مدى توافقها مع قيم المجتمع العربي | داليا معين شريف ٢٠١٩ (ماجستير) | شیکاری ناوەرۆک | زنجیرەی جەنجەر | رواڵەتی | دوبارە کردنەوەی تێست (اعادة الاختبار) | Spss | فۆرمی شیکاری ناوەرۆک |
| ٥ | قيم والسلوكيات التي تعكسها مسلسلات الكرتونية وتأثيرها على الاطفال | ئیمان مصطفى ٢٠١٦(ماجستير) | وەسفی شیکاری | - منداڵ<br>-چەند زنجیرەیەکی فلیم کارتۆن | رواڵەتی | دوبارە کردنەوەی تێست (اعادة الاختبار) | Spss | - فۆرمی راپرسی<br>- فۆرمی شیکاری ناوەرۆک |

| ژمارە | ناونیشان | توێژەر | میتۆد | نموونە | راستی و دروستی | جێگیری | کەرەستەی ئاماری | ئامرازی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | تاثير مشاهد العنف في رسوم المتحركة غلى الاطفال من وجهة نظر امهات و المدرسات | حلا قاسم ٢٠١٦ (ماجستير) | وەسفی روپێوی | - دایکان<br>- مامۆستایانی ئافرەت | رواڵەتی | دوبارە کردنەوەی تێست (اعادة الاختبار) | - دوبارەبوونەوە<br>- ناوندی ژمێرەیی<br>- (CHi) تێست | فۆرمی راپرسی |
| ٧ | اثر الرسوم المتحركة التي تقدمها الفضائيات العربية على قيم الطفل المصري و سلوكه | هشام سعيد فتحي ٢٠١٩ (دكتوراه) | - وەسفی<br>-شیکاری ناوەرۆک | - دایک<br>- باوک<br>- منداڵ | رواڵەتی | دوبارە کردنەوەی تێست (اعادة الاختبار) | - دوبارە بوونەوە<br>- پێوانکاری(لیکرت)<br>- تی تێست | - فۆرمی راپرسی<br>- فۆرمی شیکاری ناوەرۆک |
| ٨ | قيم التربوية والفنية فى مسلسلات الكرتونية على ( mbc3) | كريم حواس(ترقية) احمد محمد ٢٠١٨ | شیکاری ناوەرۆک | زنجیرە کارتۆنی (دانیە) | رواڵەتی | شیکەرەوەی دەرەکی | Spss | فۆرمی شیکاری ناوەرۆک (وایت) |
| ٩ | تعرض الاطفال للرسوم المتحركة في التلفزيون والاشباعات المحققة | يحى منصور ٢٠١٧ (ماجستير) | وەسفی شیکاری | خوێندکار | - رواڵەتی<br>- پێکەوە گونجانی ناوەیی | گونجانی ناوەیی | - ناوەندی ژمێرەیی<br>- لادانی ژمێرەیی | فۆرمی راپرسی |
| ١٠ | قنوات الفضائية والصراع القيمى لدى الاطفال | بن مفتاح خيرة ٢٠١٨ (دكتوراه) | وەسفی شیکاری | - دایک<br>- باوک | ناوەرۆک | - گونجانی ناوەیی<br>- دابەشکردنی نیوەیی | Spss | فۆرمی راپرسی |

# بەشی سێیەم

## ٣- میتۆد و ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

١-٣ میتۆدی توێژینەوەکە

٢-٣ کۆمەڵگەی توێژینەوە

٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە

٤-٣ ئامرازی توێژینەوەکە

٥-٣ وەڵامی بڕگەکان

٦-٣ ڕاستی و دروستی پێوانکار

٧-٣ جێگیری پێوانکار

٨-٣ جێ بەجێکردنی کۆتایی

٩-٣ کەرەستەی ئاماری

# بەشی سێیەم

# ٤- میتۆد و ڕیکارەکانی توێژینەوەکە

بەشێوەیەکی گشتی ئەم بەشە، هەموو ئەو ڕێکارو هەنگاوانە لەخۆدەگرێت، "کە لە ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەپەیرەوکراوە، وەک میتۆدی توێژینەوەکە و هەروەها ئەو کۆمەڵگەیەی، کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە، پاشان چۆنیەتی وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، هەروەها چۆنیەتی و هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پێوانکاری زانستی توێژینەوەکە ، بەمەبەستی پێوانی دیاردە لێتوێژراوەکە، دواتر دەرهێنانی ڕاستی و دروستی و جێگری بۆ پێوانکارەکە بەچەند ڕێگەکی جیاواز، لە کۆتایشدا ئاماژەکراوە بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە و ئەو کەرەستە ئامارییانەی کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون.

## ٣-١ میتۆدی توێژینەوەکە:-

توێژەر پەیرەوی میتۆدی وەسفی شیکاری کردووە، بۆزانینی کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە لەڕوانگەی دایک وباوکانەوە.چونکە بۆ دۆزینەوەی کاریگەری فیلم کارتۆنەکان نەدەکرا میتۆدی ئەزمونی پەیرەو بکرێت، بەوپێیەی لەرووی جێبەجێکردنەوە ئەستەم بوو، هەروەها لەروی پەروەردەییەوە نەگونجاو بوو کە منداڵان روبەرووی ئەزموونێکی ئاوها بکرێن. پاشان ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر کاریگەری ئەو فیلم کاتۆنانە دەکات کە دۆبلاژکراون و لەلایەن منداڵانەوە بینداراون. بۆیە توێژەر بەناچاری هەوڵی داوە لەرێگەی بۆچوونی دایک و باوکانەوە ئەو کاریگەریە بدۆزێتەوە بە بەکارهێنانی شێوازێکی نیمچە ئەزمونی لە رێگەی دۆزینەوەی کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لەگەشەپیکردنی بەها پەروەردەییەکان لەرێگەی وەگرتنی بۆچوونی دایک و باوکانەوە.

میتۆدی وەسفی بریتیە لە شیکردنەوە یاخود لێکۆڵینەوە لەدیاردەیەک یان ڕووداوێک یان بابەتێکی دیاریکراو، کە تێیدا توێژینەوەکە گرنگی دەدات بەوەسفکردنی ئەو دیاردە یان ڕووداوە بە شێویەکی وردو دروست بەهەردوو ئاراستەی چەندێتی و چونێیەتی کە بە کەرەستەی ئاماری تایبەت رونی دەکاتەوە. (قحطاني: ٢٠١٧: ٧).

مەبەست لە چۆنیەتی بریتیە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی لایەنە جۆراو جۆرەکانی دیاردەکە، لەڕووی شێواز و تایبەتمەندی و جۆرو کاریگەرێتیەوە ، مەبەست لە چەندێتی بریتیە لە شیکردنەوەی زانیاری داتاکان سەبارەت بە دیاردەکە یاخود بابەتەکە، لەڕووی ژمارەو ئامارەوە، بەجۆرێک ئاست و قەبارەی دیاردەکە وکارگەرێتی و پەیوەندی ئاماری لەنێوان گۆڕاوەکاندا ڕووندەکاتەوە بەژمارە.

توێژینەوەی وەسفی، شیکردنەوە و بەراووردکردن و هەلسەنگاندن بۆ بابەت و دیاردەکان دەکات، بەمەبەستی گەیشتن بە گشتاندن بۆ ئەنجامەکان، کە ئەمەش لە کۆتایدا دەبێتە هۆی زیادکردنی ئاستی زانیاری سەبارەت بەو بابەتەی،کە توێژینەوەکەی لەبارەوە کراوە .

## ٣-٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :-

مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتیە لە " هەموو تاکەکانی پەیوەست بە دیاردەکە یان بابەتەکە ، کە توێژەر توێژینەوەکەی لەبارەوە ئەنجام دەدات".( ملحم: ٢٠٠٥: ٢٦٩).

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لەسەرجەم دایک وباوکانی منالآنی قۆناغی باخچە لە سنوری شاری سلێمانی، کە ژمارەیان بریتی بووە لە( ١٢٧٨٦) مندال، کەلە (٦٤٠٠) مندالی کورو(٦٣٨٦) مندالی کچ پێکهاتبوو، کە دابەشکراوە بەسەر(٥٥) باخچەی مندالآندا بەهەر دووبەشی پەروەردەی ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا، کە هەریەکە لەباخچەی حکومی و ناحکومیەکانی لەخۆگرتووە .

هۆکاری وەرگرتنی دایک و باوک وەک نموونەی توێژینەوەکە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە مندالآنی قۆناغی باخچە لەرووی پێگەیشتنی ژیرییەوە لە ئاستێکدا نین کە بتوانرێت راستەوخۆ زانیاریان لێوەربگیرێت بەو پێیەی تواناى خوێندنەوەو دەربرینیان لاوازە، هەروەها نزیکترین کەس لەمندالەوە لەو تەمەنەدا دایک و باوکە کە بەتەواوی ئاگاداری رەفتار و هەلسوکەوت و هەلچونەکانی مندالەکەیەتی. خشتەی (٢) وردەکاری کۆمەلگەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو.

خشتەی (٢)

کۆمەلگەی توێژینەوەکە دیاریدەکات

| پەروەردە | ژ.باخچەی مندالآن | ژ.مندالی کچ | ژ.مندالی کوڕ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆژهەلآت | ١٦ | ٢٢٨٥ | ٢٣٥٤ | ٤٦٣٩ |
| ڕۆژئاوا | ٣٩ | ٤١٠١ | ٤٠٤٦ | ٨١٤٧ |
| کۆی گشتی | ٥٥ | ٦٣٨٦ | ٦٤٠٠ | ١٢٧٨٦ |

* ئەم زانیاریانە لەبەشی ئاماری بەرێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی وەرگیراوە پاشکۆی (٨).

## ٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە:

مەبەست لە نموونەی توێژینەوەکە ئەو بەشەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیە توێژینەوەی لەسەر جێبەجێدەکرێت، کە توێژەر بەپێی ڕیساو بنەمای تایبەت هەڵیدەبژێرێت بەجۆرێک، نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات.(محمد: ٢٠١٧: ٣١٣).

بۆ وەرگرتنی نموونەی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی توێژەر ڕێگەی هەرەمەکی بەکارهێناوە، بەجۆرێک نمونەکە پێک هاتبوو لە (٥٠) دایک و باوک کە منداڵیان هەیە لە قۆناغی باجچە.

هەروەها بۆ وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکە توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی (١٥) باجچەی منداڵانی وەرگرتوە بە جۆرێک لە پەروەردەی رۆژهەڵات(٥)باخچەی منداڵانی بەشێوەی هەرەمەکی وەرگرتووە، هەروەها لە پەروەردەی رۆژئاوا(٥)باخچەی منداڵانی بەشێوەی هەڕەمەکی وەرگرتوە، و(٥)باخچەی منداڵانی لەباخچە ناحکومیەکان وەرگرتووەو لە هەریەکێک لەباخچە دیاریکراوەکان بەشێوەی هەرەمەکی (٢٥) منداڵی وەرگرتووە وەک نموونەی توێژینەوە کەدەکاتە نزیکەیی(١٠٪) کۆی منداڵانی باخچە دیاریکراوەکان،کەژمارەیان (٣٨١٣) منداڵە بەمەش کۆی گشتی نموونەی وەرگیراو بریتی بووە لە(٣٧٥)دایک و باوک. بڕوانە خشتەی (٣).

خشتەی (٣)

نموونەی توێژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژمارە | ناوی باخچەی منداڵان | ب.پەروەردە | جۆری باخچە | ناونیشان | ژ.منداڵ | ژ. نموونە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی منداڵانی زیوا | رۆژئاوا | حکومی | کوردستان | ٣٢٩ | ٢٥ |
| ٢ | باخچەی منداڵانی شادی | رۆژئاوا | حکومی | رزگاری | ٢٤٥ | ٢٥ |
| ٣ | باخچەی منداڵانی پەری | رۆژئاوا | حکومی | بەختیاری | ١٨١ | ٢٥ |
| ٤ | باخچەی منداڵانی ئەختەری سام ئاغا | رۆژئاوا | حکومی | زەرگەتە | ٣٠٥ | ٢٥ |
| ٥ | باخچەی منداڵانی شۆخان | رۆژئاوا | حکومی | مامۆستایان | ٤٨١ | ٢٥ |
| ٦ | باخچەی منداڵانی سلێمانی | رۆژهەڵات | حکومی | ئیسکان | ٤٠٧ | ٢٥ |
| ٧ | باخچەی منداڵانی ئەرخەوان | رۆژهەڵات | حکومی | ئازادی | ٢٩٢ | ٢٥ |
| ٨ | باخچەی منداڵانی خۆر | رۆژهەڵات | حکومی | کەنەسورە | ٢٣٦ | ٢٥ |
| ٩ | باخچەی منداڵانی وێنا | رۆژهەڵات | حکومی | شاری سپی | ٣٥٢ | ٢٥ |
| ١٠ | باخچەی منداڵانی شانۆ | رۆژهەڵات | حکومی | چوارچرا | ١٦٧ | ٢٥ |
| ١١ | باخچەی منداڵانی ژوان | رۆژئاوا | ناحکومی | زەرگەتە | ٣٠ | ٢٥ |
| ١٢ | باخچەی منداڵانی وایز | رۆژهەڵات | ناحکومی | گوندی ئەڵمانی | ١٥٢ | ٢٥ |
| ١٣ | باخچەی منداڵانی کۆمار | رۆژئاوا | ناحکومی | گاردن سیتی | ٧٩ | ٢٥ |
| ١٤ | باخچەی منداڵانی خەونی منداڵان | رۆژئاوا | ناحکومی | سەرچنار | ٤٤٧ | ٢٥ |
| ١٥ | باخچەی منداڵانی مەلیکی ناحکومی | رۆژهەڵات | ناحکومی | هەوارەبەرزە | ١١٠ | ٢٥ |
| کۆی گشتی | | | | | ٣٨١٣ | ٣٧٥ |

* ئەم زانیاریانە لەبەشی ئاماری بەرێوبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی وەرگیراوە.پاشکۆی (٨)

## ٣-٤ ئامرازی توێژینەوەکە :

ئـامرازی توێژینــەوە بریتیــە لــەو کەرەســتەیەی، کــە پشــتی پێدەبەســترێت بـۆ کۆکردنـەوەی داتـاو زانیـاری پێویسـت، بـۆ هەر تـوێژینەوەیەک ئـامرازیکی تـایبەت هەیە و جیاوزە لە ئامرازی توێژینەوەیەکی تر. ئامانج و سروشتی توێژینەوەکە و جۆری نموونەکە ،شێوازی ئامرازی توێژینەوە دیاری دەکات.(بۆکانی:٢٠٢٠:١٣٢).

بەو پێیەی پێوانە کردن بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لەسـەر خاسیەت و مـۆرکی بـونەوەرو دیـاردەو تەنەکان.(قەرەچەتـانی:٢٠١٨:٤٨).بۆیــە تــوێژەر بەمەبەســتی پیـوانەکردنی ئاسـت وریـژەی گۆراوەکـانی ئەم تـوێژینەوەیە فـۆرمی راپرسـی بـەکارهێناوە( الاستبیان) ، کە بریتیە لە شێوەیەکی دیاریکراو لەبڕگە و پرسیار بـەکاردێت بۆ کۆکردنـەوەی داتــاو زانیــاری لــە تاکــەکانی نموونــەی توێژینەوەکــە، تێیــدا داوا لــە تاکــەکانی نموونــەی توێژینەوەکـە دەکرێت، کـە وەڵامـی پرسـیار و بڕگـەکان بدەنـەوە و بەوپـەڕی سـەربەسـتی و ڕاشکاوییەوە.(دیاب: ٢٠٠٣: ٥٢).

تــوێژەر فــۆرمیکی ئامــادەکرد کە تــایبەت بــوو بە کاریگــەری فــیلم کارتۆنــە دۆبلاژکراوەکـان لـە گەشـەپێکردنی بـەها پەروەردەییـەکان لای منداڵانی باخچـە لـە ڕوانگـەی دایک وباوکانەوە. بۆدەستکەوتنی بڕگەکانی پێوانکارەکە توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتۆتەبەر:

أ- توێژەر زانیاری و ئەدەبیات و خوێندنەوەی خۆی بـەکارهێنا سـەبارەت بە بابەتەکەو گرنگی و کێشەی توێژینەوەکە،لەم ڕێگەیەوە توانی (٨) برگە دەستنیشان بکات.

ب-بۆزیـاتر دەوڵەمەنـدکردنی وبەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانسـتی پێوانکـارەکە ، تـوێژەر سودی لەو توێژینەوانە وەرگرتبووە، کە پێشتر سـەبارەت بـەم بابەتـەو گۆڕاوەکـانی ئەنجامدراوە، وەپـاش خوێندنـەوەو بـەدواداچوون بۆ کەرەسـتە و ڕاپرسـیەکانی ئـەو توێژینەوانە توێژەر توانی (٢٤)بڕگە وەربگرێت کە لەڕووی زانستییەوە پەیوەسـتن بـە توێژینەوەکەوە و دەتوانرا سوودیان لێوەربگیرێت لەئامادەکردنی پێوانکارەکەدا.

ج- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی (دراسة استطلاعیة)، سەبارەت بـە لایەنـە بـاش و خراپـەکانی فـیلم کارتۆنـە دۆبلاژکراوەکـان لەسـەر ڕەفتـاری منـداڵانی باخچـە لـە ڕوانگـەی دایـک وباوکانـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە تـوێژەر هەسـتاوە بـەئامادەکردنی فۆرمیکی راپرسی تایبەت، کە پێکهاتووە لەچەند پرسیارێکی کەسی سەبارەت بە دایک وباوکان وڕەگەزی منداڵ و جۆری ئەو فیلم کارتۆنـەی ،کە منداڵان سـەیری دەکـەن،

هەروەها منداڵ لەچ ڕێگەیەکەوە سەیری دەکات و بەچ زمانێک، پاشان (٣) پرسیاری ئاراستەی دایک وباوکان کردوە کە بریتین لە:

١- ئایا منداڵەکەت لە ڕیگەی فیلم کارتۆنەوە فێری چ ڕەفتارێک یان خویەک بووە؟
٢- بەبۆچونی دایک وباوک، ئایا ئەم فیلم کارتۆنانە چ سوودێکیان بۆ منداڵان هەیە؟
٣- بەبۆچوونی دایک وباوک ئایا ئەم فیلم کارتۆنانە چ زیانێکیان بۆ منداڵان هەیە؟. (بڕوانە پاشکۆی ١).

پاشان فۆرمی ئامادەکراو دابەشکراوە بەسەر(٥٠)دایک وباوکدا ، کە منداڵی(٤-٧)ساڵیان هەیە ، پاش گەڕانەوەی فۆرمەکان و دەرهێنانی داتاوزانیارییەکان، لەپرسیاری یەکەم(٣٣)بڕگە بەدەستکەوت ، هەروەها لەپرسیاری دووهەم(٢٠)بڕگە بەدەستکەوت، وەلەپرسیاری سێهەم(٢٥)بڕگە بەدەستکەوت، بە کۆی گشتی ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکە (٧٨)بڕگە کۆکرایەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی .( بڕوانە پاشکۆی ٢). لە کۆتاییدا بەشێوەی ڕەشنووس پێوانکارێک ئامادەکرا کە پێکهاتبوو لە(١١٠)بڕگە. (بڕوانە پاشکۆی ٣).

پاش شەن وکەوکردن و تاوتوێکردنی بڕگەکان لەگەڵ بەڕێزانی سەرپەرشتیار و دوای لابردنی بڕگە دووبارەکان و لێکدانی چەند بڕگەیەک ، پێوانکارەکە بەشێوەیەکی سەرەتایی ئامادەکرا، کە پێکهاتبوو لە(٥٩)بڕگە. (بڕوانە پاشکۆی ٤). پێوانکارەکە ئامادەبوو بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم پسپۆڕان و شارەزایان بەمەبەستی هەڵسەنگاندن.

## ٣-٥ وەڵامی بڕگەکان :

پاش ئامادەکردنی بڕگەکان توێژەر تێبینی ئەوەی کرد، کە پرسی کاریگەری(فیلم کارتۆن) لەسەر منداڵ بابەتیکی هەستیارە و ناکرێت پشت بەشێوازی لێکرت(Likert) ببەسترێت لەدانانی وەڵامی بڕگەکاندا چونکە شێوازی لێکرت لەنێوان کاریگەری زۆر و نەبوونی کاریگەریدایە، کە ئەمە بۆ گۆڕاوی توێژینەوەکە نەگونجاوە چونکە ناکرێت فیلم کارتۆن بەهیچ شێوەیەک کاریگەری نەبێت بەشێوەیەکی ڕەها(مطلق)، بۆیە بۆ ئەم توێژینەوەیە وەڵامی بڕگەکان بەم جۆرە دانراوە (بەردەوام، زۆربەی کات، هەندێک جار، بەکەمی، زۆر بەکەمی). و نمرەی(٥،٤،٣،٢،١) درا بەوەڵامەکان بەشێوەی یەک بەدوای یەک .

## ٣-٦ ڕاستی و دروستی پێوانکارەکە:

مەبەست لەراستی ودروستی(الصدق)بریتیە لە لە توانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆدەکات.(بۆکانی٢٠٢٠:١٥٣).

### ٣-٦-١ ڕاستی ودروستی ڕواڵەتی :

بەمەبەستی زانینی ئاستی زانستی و دروستی پێوانکارە ئامادەکراوەکە، توێژەر پێوانکارەکەی بە شێوەی ئامادەکراو خستە بەردەم(١٣) پسپۆڕ و شارەزای بواری دەروونزانی و ڕاگەیاندن. ( بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٥) . بەمەبەستی دەربڕینی بیروڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاویی یان نەگونجاویی بڕگەکان،یاخود دەستکاریکردنی ناوەرۆکی بڕگەکە .(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٦).

پاش تاوتوێکردنی تێبینی و ڕاوبۆچوونی پسپۆڕ و شارەزایان ، هەریەکە لە بڕگەکانی (٥٠) و (٥٨) لە پێوەرەکە دەرهێنراچونکە ڕێژەی ڕەزامەندی پسپۆران لەسەری نەگەیشتە(٧٥٪) ، هەروەها بڕگەی(٦)گۆڕانکاری بەسەردا هات و کرایە دوو بڕگەی جیا بەمەش کۆی بڕگە پەسەند کراوەکان بووە(٥٨) بڕگە.(پاشکۆی ٧).

### ٣-٦-٢ راستی و دروستی جیاکاری بڕگەکان:

بە مەبەستی زیاتر دڵنیابوونەوە لە راستی و دروستی پیوەری ئامادە کراو توێژەر پەنای بردۆتە بەر دەرهێنانی هێزی جیاکاری بڕگەکان.

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم شێوازە لە راستی ودروستی توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتۆتەبەر:

١- توێژەر هەستاوە بە جێبەجێ کردنی پێوەرە ئامادە کراوەکە بەسەر نموونەیەکدا کە پێکهاتبوو لە (٣٥٠) کەس.

٢- دیاریکردنی کۆنمرەی هەر فۆرمێک.

٣- ریزبەندی کردنی فۆرمەکان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین.

٤- دیاریکردنی (٢٧٪) ی ئەو فۆرمانەی کە بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە کە ژمارەیان (٩٤) فۆرم بوو ،وە(٢٧٪) ی ئەو فۆرمانەی کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە کە ژمارەیان (٩٤) فۆرم بوو.

جێبەجیکردنی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دو نموونەی سەربەخۆ( Two Independet Sample T.test) بۆ تاقیکردنەوەی ئاماژەی جیاوازی لەنێوان کۆمەڵەی نمرە بەرز و کۆمەڵەی نمرە نزم، کە تێیدا بەرزی نرخی تایی هەژمارکراو بە بەراوردکردنی بە نرخی تایی خشتەیی کە بریتیەلە(١،٩٦٧) ئاماژەیە بۆهێزی جیاکاری هەر برگەیەک.ئەنجامەکان ئەوەیان

دەرخست کە هەموو برگەکان هێزی جیاکاریان هەیە ( مميزة) جگە لە برگەی (١٥) . بڕوانە خشتەی (٤).

خشتەی (٤)

ئەنجامی ئاماری (جیاکاری برگەکان) ڕوندەکاتەوە

| برگە | کۆمەڵەی نمرە بەرز | | کۆمەڵەی نمرە نزم | | تایی هەژمارکراو | مانادارى ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمیرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمیرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ١ | ٣.٣٦١٧ | ٠.٩٣٧٢٩ | ٢.٦٤٨٩ | ١.٠٤٤٢٦ | ٤.٩٢٥ | ماناداره |
| ٢ | ٣.٧٣٤٠ | ٠.٨٨٢٠٣ | ٢.٦٠٦٤ | ٠.٩٧٥١٥ | ٨.٣١٥ | ماناداره |
| ٣ | ٣.٨٤٠٤ | ٠.٩٠٧٥٩ | ٢.٤٣٦٢ | ٠.٩٧٨٩٠ | ١٠.١٩٩ | ماناداره |
| ٤ | ٣.٩٤٦٨ | ١.٠٣٠٣٧ | ٢.٥٩٥٧ | ١.١١٠٢٦ | ٨.٦٤٨ | ماناداره |
| ٥ | ٣.٩١٤٩ | ١.١٨٨٢٩ | ٢.٣٧٢٣ | ١.٠٩٧٢٥ | ٩.٢٤٧ | ماناداره |
| ٦ | ٣.٢٤٤٧ | ١.٢٩٢٥٤ | ٣.٩٨٩٤ | ١.٠٩٢٤٤ | ٤.٢٦٦ | ماناداره |
| ٧ | ٤.٢٨٧٢ | ١.٠٥٣٦٤ | ٢.٩١٤٩ | ١.٠٠١٧١ | ٩.١٥٢ | ماناداره |
| ٨ | ٤.٥١٠٦ | ٠.٩٣٦٠٧ | ٣.٣٠٨٥ | ٠.٩٩٤٩٠ | ٨.٥٣٢ | ماناداره |
| ٩ | ٤.٢٩٧٩ | ٠.٧٨٧٤٠ | ٢.٨٨٣٠ | ٠.٩٢٥٨١ | ١١.٢٨٧ | ماناداره |
| ١٠ | ٤.٥٢١٣ | ٠.٦٦٧٦٧ | ٣.٢٨٧٢ | ٠.٩٤٦١٠ | ١٠.٣٣٢ | ماناداره |
| ١١ | ٤.٢٥٥٣ | ١.١١٦٢٢ | ٣.٥٩٥٧ | ٠.٩٩٨٠٥ | ٤.٢٧١ | ماناداره |
| ١٢ | ٣.٧٠٢١ | ١.٢٣٤١٩ | ٢.٦٣٨٣ | ١.٠٧٦١٤ | ٦.٢٩٩ | ماناداره |
| ١٣ | ٤.١٧٠٢ | ١.١٢٢٩٦ | ٣.٠٠٠٠ | ١.١٧٣١٨ | ٦.٩٨٦ | ماناداره |
| ١٤ | ٣.٧٠٢١ | ١.١٧١٦٢ | ٢.٦٨٠٩ | ٠.٩٨٦٠٦ | ٦.٤٦٦ | ماناداره |
| ١٥ | ٣.٣٤٠٤ | ١.٤٨٥٠٧ | ٣.١٠٦٤ | ١.٣٧١٥١ | ١.١٢٢ | مانادار نيه |
| ١٦ | ٣.٨٠٨٥ | ١.١٠٩٨٤ | ٢.٥٩٥٧ | ١.٠٠٨٧٧ | ٧.٨٤٠ | ماناداره |
| ١٧ | ٤.٣٠٨٥ | ٠.٧٣٣٦٣ | ٢.٥٢١٣ | ١.٢٢٤٥٦ | ١٢.١٣٩ | ماناداره |
| ١٨ | ٣.٩٦٨١ | ١.١٠١٨٣ | ٢.١١٧٠ | ٠.٩٣٧٣٥ | ١٢.٤٠٦ | ماناداره |
| ١٩ | ٣.١٠٦٤ | ١.٤٠٢٥٢ | ٢.٣٥١١ | ١.٢٨٤٣٨ | ٣.٨٥١ | ماناداره |
| ٢٠ | ٣.٥٨٥١ | ١.٠٨١٧١ | ٢.٦٨٠٩ | ١.٠٥٩٦٥ | ٥.٧٩٠ | ماناداره |
| ٢١ | ٣.٥٧٤٥ | ١.٢٠٤٧٣ | ٢.٠٨٥١ | ١.٠٣٣٤٢ | ٩.٠٩٧ | ماناداره |
| ٢٢ | ٣.٩٥٧٤ | ١.١٠٦٣٣ | ٢.٥٣١٩ | ٠.٩٥٨٢٩ | ٩.٤٤٣ | ماناداره |
| ٢٣ | ٤.٢٧٦٦ | ٠.٨٩٦٨٨ | ٢.٥٣١٩ | ٠.٩١٢٣١ | ١٣.٢٢٢ | ماناداره |
| ٢٤ | ٢.٧١٢٨ | ١.٣٣٢٩٨ | ٢.١٧٠٢ | ١.١٦٩٨٦ | ٢.٩٦٦ | ماناداره |
| ٢٥ | ٤.١٣٨٣ | ١.٠٨٣٦١ | ٢.٦٥٩٦ | ١.٣٥٦٤١ | ٨.٢٥٨ | ماناداره |
| ٢٦ | ٣.٨٤٠٤ | ١.١٠٠٣٧ | ٢.١٢٧٧ | ٠.٩٠٦٧٧ | ١١.٦٤٦ | ماناداره |
| ٢٧ | ٣.٩٤٦٨ | ٠.٩٦٥٧٢ | ٢.٣٨٣٠ | ٠.٩٩٥٧٦ | ١٠.٩٣٠ | ماناداره |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٨ | ٣.٥٤٢٦ | ١.٤٣٤٣٣ | ٢.٧٨٧٢ | ١.٣١٨٧٨ | ٣.٧٥٨ | ماناداره |
| ٢٩ | ٣.٩٥٧٤ | ٠.٩٦٠٦٨ | ٢.٣٧٢٣ | ٠.٩٧٢٥٧ | ١١.٢٤٢ | ماناداره |
| ٣٠ | ٤.٠٨٥١ | ١.٢٩٢٣٢ | ٢.٩٣٦٢ | ١.١٨٩٦٤ | ٦.٣٤٢ | ماناداره |
| ٣١ | ٣.٧٥٥٣ | ١.٤٢٦٩٨ | ٢.٣٥١١ | ١.١٦١٢٧ | ٧.٤٠٠ | ماناداره |
| ٣٢ | ٤.٠٢١٣ | ٠.٩١٥٥٦ | ٢.٣٥١١ | ٠.٨٧٦٣٠ | ١٢.٧٧٧ | ماناداره |
| ٣٣ | ٤.٠٦٣٨ | ١.٢١٦٤٥ | ٣.١٧٠٢ | ١.٢٦٦٩٤ | ٤.٩٣٣ | ماناداره |
| ٣٤ | ٣.٦٤٨٩ | ١.١١٤٠١ | ١.٨٥١١ | ٠.٩١٥٣١ | ١٢.٠٩٠ | ماناداره |
| ٣٥ | ٢.١٢٧٧ | ١.٤٦٨١٩ | ٢.٧٩٧٩ | ١.٠٧٣٤٣ | ٣.٥٧٣ | ماناداره |
| ٣٦ | ٣.٩٨٩٤ | ١.٠١٠٦٤ | ٢.٢٩٧٩ | ٠.٩٧٠٨٥ | ١١.٧٠٢ | ماناداره |
| ٣٧ | ٤.٢٨٧٢ | ١.١٨٧٩٥ | ٣.٤٥٧٤ | ١.٠٥٤٠٧ | ٥.٠٦٦ | ماناداره |
| ٣٨ | ٣.٢٣٤٠ | ١.٢٣٩٣٧ | ٢.٤٢٥٥ | ١.٠١٠٥٨ | ٤.٩٠٢ | ماناداره |
| ٣٩ | ٣.٧٣٤٠ | ١.١١٨٥٢ | ٢.٢٦٦٠ | ٠.٩٧٤٦٩ | ٩.٥٩٤ | ماناداره |
| ٤٠ | ٣.٨١٩١ | ٠.٩٢٧٠٥ | ٢.٢١٢٨ | ١.٠١٤٦٥ | ١١.٣٣٢ | ماناداره |
| ٤١ | ٤.٨١٩١ | ٠.٦٠٣٩٨ | ٤.١٣٨٣ | ٠.٨٨٧٢٠ | ٦.١٥٠ | ماناداره |
| ٤٢ | ٤.٧٦٦٠ | ٠.٦٤٦٣٤ | ٣.٦٧٠٢ | ١.١٢٠٥٦ | ٨.٢١٢ | ماناداره |
| ٤٣ | ٣.٦٩١٥ | ١.٠٩٧٦٧ | ٢.٥٤٢٦ | ١.٠٧٤٢٨ | ٧.٢٥٣ | ماناداره |
| ٤٤ | ٣.٤٢٥٥ | ١.١٢١٥٣ | ٢.٠٨٥١ | ١.٠٤٣٧٧ | ٨.٤٨٢ | ماناداره |
| ٤٥ | ٤.٥٥٣٢ | ٠.٩٩٠٤٦ | ٣.٣٦١٧ | ١.١٢٥٠٠ | ٧.٧٠٧ | ماناداره |
| ٤٦ | ٤.٠١٠٦ | ٠.٩٣٣٢٠ | ٢.١٤٨٩ | ٠.٩٦١١٥ | ١٣.٤٧٤ | ماناداره |
| ٤٧ | ٤.٥٦٣٨ | ٠.٧٨٣٦٨ | ٣.٥٠٠٠ | ١.٠٣٤٣٦ | ٧.٩٤٨ | ماناداره |
| ٤٨ | ٣.٦٨٠٩ | ٠.٩٥٢٧٩ | ٢.٠٦٣٨ | ١.٠٥٥٥٤ | ١١.٠٢٥ | ماناداره |
| ٤٩ | ٤.٢٦٦٠ | ١.٠٤٩٠٧ | ٣.٦٢٧٧ | ٠.٩٦١٤٥ | ٤.٣٤٩ | ماناداره |
| ٥٠ | ٤.٠٢١٣ | ١.١٩١١٧ | ٣.٤٦٨١ | ١.٠٢٣٤٠ | ٣.٤١٥ | ماناداره |
| ٥١ | ٤.٥١٠٦ | ٠.٩٣٨٨٢ | ٣.٦٢٧٧ | ٠.٩٣٨٨٢ | ٦.٧٩٩ | ماناداره |
| ٥٢ | ٤.٢٣٤٠ | ٠.٩٧٧٤٤ | ٢.٤٧٨٧ | ١.١٠٤٥٢ | ١١.٥٣٩ | ماناداره |
| ٥٣ | ٤.٥٠٥١ | ٠.٨٢١٨٧ | ٣.٥٢١٣ | ١.٠٤٤٤٨ | ٧.٧٦٠ | ماناداره |
| ٥٤ | ٤.١١٧٠ | ١.٠١٤٤٨ | ٢.٢٩٧٩ | ٠.٨٨٩٩٧ | ١٣.٠٦٩ | ماناداره |
| ٥٥ | ٤.٤٥٧٤ | ١.٠٣٣٤٧ | ٣.٣٨٣٠ | ١.٠٧٨٦٩ | ٦.٩٧٣ | ماناداره |
| ٥٦ | ٣.٩٧٨٧ | ٠.٩٥٠١٤ | ٢.٢٨٧٢ | ١.٠٥٣٦٤ | ١١.٥٥٩ | ماناداره |
| ٥٧ | ٢.٣٩٣٦ | ١.٤٠٠٦٠ | ٣.٠٨٥١ | ١.١١٣٥٥ | ٣.٧٤٧ | ماناداره |
| ٥٨ | ٤.١٢٧٧ | ٠.٩٤١٦٨ | ٣.٧٢٣٤ | ١.٠٤١١٤ | ٢.٧٩٢ | ماناداره |

### ٣-٦-٣ ڕاستی و درووستی پێکەوە گونجانی ناوخۆیی:

مەبەستت لەم جۆرەی ڕاستی و دروستی بریتیە لە دەرهێنانی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەک لەگەڵ کۆی نمرەی گشتی پێوانکارەکە، بۆ ئەم مەبەستە (هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن) بەکار هاتوە،تێیدا ئەنجامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەهاوکۆلکەی پەیوەستی برگەکانی پێوانکارەکە لەگەڵ کۆی نمرەی گشتی پێوانکارەکە لەنێوان ( ٠.١٩٨) و (٠.٥٩٢) دایە کەئەمەش ئەوەدەگەیەنێت مانادارى ئامارى هەیە لە کاتی بەراوردکردنی بە بەهای خشتەیی لە ئاستی مانادارى (٠،٠٥) و نمرەی سەربەستی (٣٤٩). جگە لە برگەی (١٥) کە هاوکۆلکەی پەیوەستیەکەی لەگەڵ کۆی نمرەی گشتی پێوانکارەکە لە ئاستێکی نە گونجاودا بوو، بۆیە لە پێوانکارەکە دەرهێندرا. بڕوانە خشتەی (٥).

کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامە بەدەستت هاتووەکان لە هەردوو ڕێگەی (جیاکاری برگەکان)و(گونجانی ناوەوەیی) برگەی (١٥) کە بریتیبوو لە (کاریگەرییی هەیە لەسەر قەڵەوی و زۆر خۆری منداڵ) لە پێوانکارەکە دەرهێندراو، لەشێوەی کۆتاییدا بووە (٥٧) برگە.

خشتەی (٥)

ئەنجامی ئاماری (پێکەوە گونجانی ناوەوەی) ڕوندەکاتەوە

| ژ.برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستی | ژ.برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستی | ژ.برگە | هاوکۆلکەی پەیوەستی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠.٣٦٤ | ٢١ | ٠.٥١٨ | ٤١ | ٠.٣١٢ |
| ٢ | ٠.٤٧٨ | ٢٢ | ٠.٥٤٠ | ٤٢ | ٠.٤٥٦ |
| ٣ | ٠.٥٥٤ | ٢٣ | ٠.٥٨٠ | ٤٣ | ٠.٣٨٦ |
| ٤ | ٠.٤٩٦ | ٢٤ | ٠.٢٢١ | ٤٤ | ٠.٥٠٢ |
| ٥ | ٠.٥٠٣ | ٢٥ | ٠.٤٦٩ | ٤٥ | ٠.٤٧٣ |
| ٦ | ٠.٢٤٠ | ٢٦ | ٠.٥٧٢ | ٤٦ | ٠.٦٤٤ |
| ٧ | ٠.٤٦٠ | ٢٧ | ٠.٥٦٣ | ٤٧ | ٠.٤٠٣ |
| ٨ | ٠.٤٣٥ | ٢٨ | ٠.٢٣٩ | ٤٨ | ٠.٥٤٣ |
| ٩ | ٠.٦٠١ | ٢٩ | ٠.٥٦٧ | ٤٩ | ٠.٢٨٠ |
| ١٠ | ٠.٥٢٧ | ٣٠ | ٠.٣٩٨ | ٥٠ | ٠.٢٣٦ |
| ١١ | ٠.٢٥٩ | ٣١ | ٠.٤٤٧ | ٥١ | ٠.٤١٣ |
| ١٢ | ٠.٣٧٢ | ٣٢ | ٠.٥٨٤ | ٥٢ | ٠.٥٧٦ |
| ١٣ | ٠.٣٩٣ | ٣٣ | ٠.٢٨٤ | ٥٣ | ٠.٤١٦ |
| ١٤ | ٠.٣٧٦ | ٣٤ | ٠.٥٧٣ | ٥٤ | ٠.٦١٢ |
| ١٥ | ٠.٩٩ | ٣٥ | ٠.٢٢٩ | ٥٥ | ٠.٤٣٤ |
| ١٦ | ٠.٤٦٣ | ٣٦ | ٠.٥٣٦ | ٥٦ | ٠.٥٦٩ |
| ١٧ | ٠.٦١٨ | ٣٧ | ٠.٣٣٥ | ٥٧ | ٠.٣٠٧ |
| ١٨ | ٠.٥٩٢ | ٣٨ | ٠.٢٣٣ | ٥٨ | ٠.١٩٨ |
| ١٩ | ٠.٢١٦ | ٣٩ | ٠.٥٥٧ | | |
| ٢٠ | ٠.٣٢٦ | ٤٠ | ٠.٥٧٨ | | |

## ٣-٧ جێگیری پێوانکارەکە :

مەبەست لە جێگیری پێوانکار بریتیە لەوەی پێوانکارەکە هەمان ئەنجام بدات بەدەستەوە، ئەگەر تاقیکردنەوەکە چەند جارێک دووباربکرێتەوە لەهەمان بارودۆخ ومەرجدا. یان بەواتایەکی تر جێگیری پێوانکار بریتیە لە هاوئەنجامی پێوانکار و نەگۆڕینی بەشێوەیەکی بەرچاو ئەگەر جارێکی تر فۆرمەکە دابەشبکرێتەوە بەسەر هەمان نموونەی توێژینەوەکەدا.(حنان:٢٠٢٠: ١٢٦).

بۆ دەرهێنانی جێگیری توێژەر دووریگای ئاماری بەکارهێناوە، کە بریتین لە هاوکێشەی ئاماری(ئەلفا کرۆنباخ) بۆ دۆزینەوەی پێکەوە گونجانی ناوەیی(اتساق داخلی)، و هاوکێشەی( گێتمان) بۆ دابەشکردنی نیوەیی. توێژەر بەشێوەیەکی هەرەمەکی (١٠٠) فۆرمی وەرگرت، پاش ئەنجامدانی کردەئاماریەکان ، هاوکۆلکەی جێگیری پێوەرەکە بەپێی هاوکێشەی(ئەلفا کرۆنباخ)بریتی بوو لە(٠،٨٥٧).

بەمەبەستی جەختکردنەوە لە ئاستی جێگیری پێوانکارەکە توێژەر ریگەی دابەشکردنی نیوەیی (التجزئة النصفية) جێ بەجێ کردووە و هاوکێشەی (گێتمانی) بەکارهێناوە، لە ئەنجامدا هاوکۆلکەی جێگیری پێوانکارەکە بەپێی هاوکێشەی (گێتمان) بریتی بوو لە (٠،٨٧٦) ، کە ئەم ئەنجامەش بە ئاستێکی جێگیری باش دادەنرێت بە بەراوردکردنی بە توێژینەوەکانی پێشوو. بڕوانە خشتەی (٦)

خشتەی(٦)

ئەنجامی ئاماری (جێگیری) پێوانکارەکە رووندەکاتەوە

<table dir="rtl">
<tr><td rowspan="5">ئەلفا کرۆنباخ</td><td rowspan="2">بەشی یەکەم</td><td>بەهاکەی</td><td>.٨٥٧</td></tr>
<tr><td>ژمارەی برگە</td><td>٢٩</td></tr>
<tr><td rowspan="2">بەشی دووەم</td><td>بەهاکەی</td><td>.٨٢٤</td></tr>
<tr><td>ژمارەی برگە</td><td>٢٨</td></tr>
<tr><td colspan="2">کۆی گشتی برگەکان</td><td>٥٧</td></tr>
<tr><td colspan="3">هاوکۆلکەی دابەشکردنی نیوەیی گێتمان</td><td>.٨٧٦</td></tr>
</table>

## ٣-٨ جێ بەجێكردنی كۆتایی :

پاش ئەوەی توێژەر نموونەی توێژینەوەكەی دیاریكرد كە ژمارەیان (٣٧٥)كەس بوو، وپاش دەرهێنانی راستی ودروستی و جێگری بۆ ئامرازی توێژینەوەكە، توێژەر فۆرمەكەی جێبەجێكرد لەسەر نموونەی توێژینەوەكە، ماوەی جێبەجێ كردنەكە بریتیی بوو لە(١٤)رۆژ لە بەرواری(٢٠٢٢/١١/١) بۆ (٢٠٢٢/١١/١٥).پاش گەرانەوەی فۆرمەكان و تاوتوێ كردنیان، (١٢) فۆرم لەلایەن نموونەكانەوە نەگەڕێندرایەوە،هەروەها (١٣) فۆرمیش بە پووچەڵ هەژماركرا بەهۆی بوونی هەڵەی كاریگەر تێیاندا،بەم پێیەش كۆی گشتی فۆرمە درووستەكان بۆ دەرهێنانی ئامانجەكان بریتیبوو لە (٣٥٠) فۆرم.

## ٣-٩ كەرەستەی ئاماری :

بۆ چارەسەركردنی پرۆسە ئاماریەكان سود لە كۆپرۆگرامی ئاماری بۆ زانستە كۆمەڵایەتیەكان ناسراو بە (spss) وەرگیراوە كە تێیدا ئەم كردە ئاماریانە بەكارهێنراوە:

١) هاوكێشەی ئاماری كرۆنباخ، بۆ دەرهێنانی جێگیری،بەرێگای (گونجانی ناوەوەیی)

٢) هاوكیشەی ئاماری گێتمان، بۆ دەرهێنانی جێگیری،بەرێگای (دابەشكردنی نیوەیی)

٣) تی تێست(T.Test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ.بۆ دەرهێنانی ئەنجامی ئامانجی دووەم و سێهەم،و دەرهێنانی راستی و دروستی جیاكاری برگەكان.

٤) تی تێست (T.Test) بۆ یەک نموونە. بۆ دەرهێنانی ئەنجامی ئامانجی یەكەم.

٥) ناوەندی ژمێرەیی.

٦) لادانی پێوەری.

٧) هاوكێشەی ئەنۆڤا (Anova) شیتەڵكردنەوەی جیاوازیەكان(تحليل التباين)، بۆ دەرهێنانی ئەنجامی ئامانجی چوارەم.

٨) هاوكۆلكەی پەیوەستی پیرسۆن، بۆ دەرهێنانی راستی و دروستی بە رێگای پێكەوە گونجانی ناوەوەیی (الاتساق الداخلي).

# بەشی چوارەم
## ٤- پیشاندان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

### ٤-١ ئەنجامـــەکان

### ٤-٢ دەرئەنجامەکان

### ٤-٣ پێشنیارەکـــان

### ٤-٤ ڕاسپـــاردەکـان

# بەشی چوارەم

# ٤- خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

## ٤-١ ئەنجامەکان:

ئەم بەشە پیشاندانی ئەو ئەنجامانە لەخۆدەگرێت، کە توێژەر پێی گەیشتووە ، پاشان شیکردنەوەی  ئەنجامەکان لەبەر ڕۆشنایی چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو.

### ٤-١-١ ئامانجی یەکەم : زانینی کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە:

لەکاتی بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی بۆ نموونەی توێژینەوەکە ( هەموو نموونەکە) لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی ، دەرکەوت ، جیاوازی ماناداری ئاماری(الدلالة الاحصائية) هەیە لەنێوان ناوەندیی ژمێرەیی و ناوەندی گریمانەیی  بەجۆرێک ناوەندی ژمێرەیی(١٩٠،٣٠)بوو لەبەرامبەر ناوەندی گریمانەیی کە (١٧١) بوو لەئاستی مانادارى(مستوى الدلالة)(٥٪)، بەوپێیە ناوەندی ژمێرەیی گەورەتر بوو لە ناوەندی گریمانەیی. بەکارهێنانی (تی تێست) بۆ یەک نموونە (One sample t. test)، دەرکەوت، کە بەهای تائی هەژمارکراو(٣٣،٣٨٣) بوو، کە گەورەتر بوو لە بەهای تای خشتەیی، کە (١،٦٥٠)بوو و بەلادانی پێوەری(٢٦،٨١)، هەروەها نمرەی سەربەستی( درجه حرية)(٣٤٩)، هەروەک لە خشتەی (٦) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٧)

کاریگەرییی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان

| ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی گریمانەیی | نمرەی سەربەستی | نرخی تای هەژمارکراو | نرخی تای خشتەیی | ئاستی مانادارى |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٥٠ | ١٩٠،٣٠ | ٢٦،٨١ | ١٧١ | ٣٤٩ | ٣٣،٣٨٣ | ١،٩٦٧ | ماناداره |

کەواتە ئەنجامەکان لەئامانجی یەکەم ئەوەیان پشتڕاستکردۆتەوە، کە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراەوکان کاریگەریان هەیە لە گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە .

ئەم ئەنجامەش دەمانگەیەنێتە ئەو راستییەی، کە فیلم کارتۆنەکانی منداڵان دەکرێت بەکاربهێنرێت، وەک فێرکەرێکی بەها پەروەردەییەکان بۆئەو منداڵانەی، کە لە قۆناغەکانی باخچەی منداڵانـدان . ئـەم ئەنجامـە پاڵپشـتیی بیردۆزی(فێربـوون بەسـەرنجدان)دەکات، سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لە گۆڕین و گەشەپێکردنی بەهاکان لای منداڵ، چونکە (باندۆرا) لە بیردۆزەکەیدا جەختی لەوە کردۆتەوە، کە منداڵ لە ڕێگەی سەیرکردن و تێبینیکردن و لاسایی کردنەوە دەتوانێت فێری بەهاو رەفتاری نوێ ببێت.

ئەم ئەنجامە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی(مصطفی، ٢٠١٢)،کە گەیشتۆتە ئەنجامی ئەوەی فیلم کارتۆنەکان رۆڵیان هەیەلە ئاراستەکردن و گۆڕینی بەها لای منداڵان.

## ٤-١-٢ ئامانجی دووەم : زانینی ئاستی جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان (کچ) و (کوڕ) دا، سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە.

پاش گەڕاندنەوەی فۆرمەکان تێبینی ئەوەکرا، کە یەکێک لە فۆرمەکان لەکاتی وەڵامدانەوەدا، هیچ ئاماژەیەکی تێدا نەبوو سەبارەت بە وەڵامی بڕگەی( ڕەگەزی منداڵ)، بۆیە لەهاوکێشە ئامارییەکاندا دورخرایەوە وئەژمارنەکرا لەم ئامانجەدا ، واتە لەبری(٣٥٠) نموونە (٣٤٩) وەرگیراوە.

ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە ناوەندی ژمێرەیی کچان(١٩٢،٦٩)بوو،و ناوەندی ژمێرەیی کوڕان(١٨٧،٣٤)بوو، هەروەها لادانی پێوەری بۆ کچان(٢٦،٩٥)بوو، و لادانی پێوەری بۆ کوڕان (٢٦،٤٩)بوو، پاش بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ( Two Independent Sample T.Test). دەرکەوت کە بەهای تائی هەژمارکراو بریتی بوولە(١،٩٥٧)، کە بچوکتربوو، لەکاتێکدا بەهای تای خشتەیی کە بریتیە لە(١،٩٦٧).

کەواتە بەپێی ئەنجامە ئامارییەکان هیچ جیاوازییەک نییە کە ماناداری ئاماری(دلالة احصائیة) هەبێت لەنێوان کچ و کوڕاندا، سەبارەت بەکاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە. هەروەک لە خشتەی (٧) دا ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی (٨)
جیاوازی نێوان نێرو مێ رووندەکاتەوە

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی سەربەستی | نرخی تای هەژمارکراو | نرخی تای خشتەیی | ئاستی ماناداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕ | ١٦١ | ١٨٧،٣٤ | ٢٦،٤٩ | ٣٤٧ | ١،٩٥٧ | ١،٩٦٧ | مانادارنیە |
| کچ | ١٨٨ | ١٩٢،٦٩ | ٢٦،٩٥ | | | | |

کەواتــە دەتــوانین بڵێــین، کاریگــەری فــیلم کارتۆنــەکان لەگەشــەپێکردنی بــەها پەروەردەییــەکان لای منــداڵانی باخچــە بۆهــەردوو ڕەگــەز تارادەیــەکی زۆر وەک یەکــە، کەئەمەش هاوشێوەی ئەنجامی توێژینەوەی (فلوجی وئەوانی تر، ٢٠١٣)، کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەو کراوە، کە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان(کوڕو کچ)دا، سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵان.

### ٤-١-٣ ئامانجی سێهەم :زانینی ئاستی جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان باخچەی منداڵانی (حکومی)و(ناحکومی)، سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە.

پاش گەڕانەوەی فۆرمی ڕاپرسییەکان تێبینی ئەوە کرا، کە(٢) لە فۆرمەکان ئاماژەیان بەهیچ وەڵامێک نەکردبوو، سەبارەت بە برگەی جۆری باخچە ، بۆیە لە هاوکێشە ئامارییەکاندا دوورخرایەوە ، ئەژمارنەکران واتە لەبری (٣٥٠) فۆرم(٣٤٨)فۆرم ئەژمارکران.

سەبارەت بەم ئامانجە، پاش بەکارهێنانی کەرەستەی ئاماری پێویست ، دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی باخچە حکومییەکان بریتیی بوو لە(١٩١،٨٠) وەلادانی پێوەری بریتی بوولە(٢٧،٠٠) ،لەکاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی بۆ باخچە ناحکومییەکان(١٨٥،٩٦)بوو، و لادانی پێوەری بریتی بوولە(٢٥،٩٧)، و پاش جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ(Two Independent Sample T.Test)، دەرکەوت بەهای تائی هەژمارکراو دەکاتە(١،٧٨٩)، کە بچوکترە لە بەهای تائی خشتەیی ، کە دەکاتە(١،٩٦٧) بە نمرەی سەربەستی(٣٤٦). بۆیە هیچ جیاوازیەکی ماناداری ئاماری(فروق ذات دلالة احصائیة) نییە سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان

لای منداڵانی باخچە. بەپێی جۆری باخچەی(حکومی – ناحکومی).هەروەک لە خشتەی(٨)دا روونکراوەتەوە.

خشتەی (٩)
جیاوازی نێوان باخچەی حکومی و ناحکومی روونەدەکاتەوە

| جۆری باخچە | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نرخی تای هەژمارکراو | نرخی تای خشتەیی | نمرەی سەربەست | ئاستی مانادراری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | ٢٥٧ | ١٩١،٨٠ | ٢٧،٠٠ | ١،٧٨٩ | ١،٩٦٧ | ٣٤٦ | مانادارنییە |
| ناحکومی | ٩١ | ١٨٥،٩٦ | ٢٥،٩٧ | | | | |

کەواتە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە لە هەردوو جۆری خوێندنی حکومی و ناحکومی تارادەیەکی زۆر وەک یەکە، هەروەها ئەم ئەنجامە ناکۆکە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی(عرات، ٢٠١٣)، کە ئەنجامەکانی ئەوەیان دەرخستووە، کە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەپاڵپشتیکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچەی حکومی کەمترە وەک لای منداڵانی سەر بە خوێندنی بیانی.

## ٤-١-٤ ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی جیاوازی مانادراری ئاماری سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە بەپێی گۆڕاوی(ئاستی خوێندەواری دایک وباوك).

مەبەست لەم ئامانجە بریتیە لەوەی کە ئایا ئاستی خوێندەواری دایک وباوک پەیوەندی هەیە بەکاریگەری فیلم کارتۆنەدۆبلاژکراوەکان لەسەر منداڵەکانیان.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر پەنای بردۆتە بەر هاوکێشەی ئاماریی شیتەڵکردنی جیاوازیەکان (تحلیل التباین)(ANOVA) ، کە تایبەتە بە دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان چەند گۆڕاویکدا ، کە کۆمەڵەی نموونەکە لەدوان زیاتر بێت ئەویش بەبەراوردکردنی کاریگەری هەریەکێک لە کۆمەڵەکان لەگەڵ ئەوانی تردا پاشان بەراوردکردنی بەهای فای هەژمارکراو لەگەڵ بەهای فای خشتەیی بەمەبەستی زانینی ئاستی ماناداری.

پاش بەکارهێنانی هاوکێشەی شیتەڵکردنی جیاوازیەکان، ئەنجامەکان بەم جۆرە بوو: دەرکەوت نمرەی سەربەستی بریتی بوولە(٣- ٣٤٦) وە بەهای فای هەژمارکراو بریتیی

بوولە(٤،٦٦٨)، کە گەورەتر بوو لە بەهای فای خشتەیی کە بریتیە لە(٢،٦٠٠).هەروەک لە خشتەی (٩) روونکراوەتەوە.

خشتەی (١٠)

ئاستی خوێندەواری دایک و باوک وکاریگەرێتی

| | سەرچاوەی جیاوازی (مصدر التباین) | کۆمەڵەی چوارگ (مجموع المربعات) | نمرەی سەربەستی | ناوەندی چوارینەیی (متوسط المربعات) | بەهای فائی | | ئاستی مانادراری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئاستی | بەینی کۆمەڵەکان | ٩٧٩٨,٧٦٤ | ٣ | ٣١٦٦,٢٥٥ | ٤،٦٨٦ | ٢،٦٠٠ | مانا دارە |
| | ناو کۆمەڵەکان | ٢٤١١٧٧,٠١١ | ٣/٣٤٦ | ٦٩٧,٠٤٣ | | | |
| | گشتی | ٢٥٠٩٧٥,٧٧٤ | ٣٤٩ | | | | |

بەمەش دەرکەوت، کە جیاوازی هەیە لەنیوان دایک و باوکاندا سەبارەت بە کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەسەر منداڵەکانیان،بەپێی ئاستی بڕوانامەکانیان. بەمەبەستی زانینی ئەو کۆمەڵەیەی، کە کاریگەریەکە تیدا مانادارە، کە تایبەتە بە جیاوازی ناوەندیتی لەنیوان کۆمەڵەکاندا، ( سەرەتایی، ئامادەیی، دبلۆم وبەکالۆریۆس- باڵا).

هەروەک لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ،لە بەراوردکردنی هەڵگرانی براونامەی (سەرەتایی) لەگەڵ هەڵگرانی بروانامەی بەرزتر ،دەرکەوت ئاستی مانادراری ئاماری لەنێوان هەڵگرانی بروانامەی ( سەرەتایی) لەگەڵ (دبلۆم/ بەکالۆریۆس) بریتییە لە (٠,٠٠١) کە ئەمەش کەمترە لە ئاستی مانادراری (٠,٠٥) هەروەها ئاستی مانادراری ئاماری لە نێوان هەڵگرانی بروانامەی (سەرەتایی) لەگەڵ( باڵا) بریتیە لە (٠,٠٠٢) کە بەهەمان شێوە کەمترە لە ئاستی مانادراری (٠,٠٥) ، بەڵام ئاستی مانادراری ئاماری لە نیوان سەرەتایی و ئامادەییدا بریتییە لە (٠,٠٥٣) کە زیاترە لە ئاستی مانادراری (٠,٠٥)، هەروەک لە خشتەی ژمارە(٧) روونکراوەتەوە.

کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامە ئاماریانە دەردەکەوێت کە جیاوازی نییە لەنێوان ئەو دایک وباوکانەی کە هەڵگری بروانامەی (سەرەتایی و ئامادەین)، سەبارەت بە کاریگەرییی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گەشەپێکردنی بەها پەروردەییەکانی منداڵەکانیان،واتە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان سەبارەت بەو منداڵانەی کە دایک و باوکیان هەڵگری بروانامەی سەرەتایی و ئامادەیین هەمان کاریگەرییان هەیە لەسەر گەشەپیکردنی بەها

پەروەردییەکانیان. بەڵام جیاوازی مانادداری ئاماری هەیە لەنێوان ئەو دایک و باوکانەی کە هەڵگری بڕوانامەی (سەرەتایین)، لەگەڵ ئەو دایک و باوکانەی کە هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم/بکالۆرۆس) یاخود( باڵان)، سەبارەت بە کاریگەرییی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە گەشەپێکردنی بەها پەروردەییەکانی منداڵەکانیان، بەجۆرێک ئەو دایک وباوکانەی کە هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایین منداڵەکانیان زیاتر کاریگەرن بە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان بەبەراورد بەو دایک وباکانەی، کەهەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم و بەکالۆریۆس) یاخود (باڵا).بۆ دەرهێنانی جیاوازی کاریگەریتی بەپێی ئاستی خوێنداواری دایک و باوک، توێژەر خشتەی ئاماریی شیفێتی بەکارهێناوە.بڕوانە خشتەی (١٠).

خشتەی (١١)

جیاوازی کاریگەریتی بەپێی ئاستی خوێندەواری دایک و باوک

| ئاستی بڕوانامە | بەراورد لەگەڵ | جیاوازی ناوەندیتی | هەڵەی پێوەری | ئاستی مانادداری |
|---|---|---|---|---|
| سەرەتایی | ئامادەیی | ١٠,٥٦٢٠ | ٥,٤٤٧١ | ٠,٠٥٣ مانادار نیە |
| | دبلۆم/بکالۆریۆس | ١٦,٥٥٣٩ | ٥,١٠٨٥ | ٠,٠٠١ ماناداره |
| | باڵا | ٢٠,٧٨٤٢ | ٦,٨٢٠٦ | ٠,٠٠٢ ماناداره |
| ئامادەیی | سەرەتایی | ١٠,٥٦٢٠ | ٥,٤٤٧١ | ٠,٠٥٣ مانادار نیە |
| | دبلۆم/بکالۆریۆس | ٥,٩٩١٨ | ٣,٢٨٥٩ | ٠,٠٦٩ مانادار نیە |
| | باڵا | ١٠,٢٢١ | ٥,٥٨٧٦ | ٠,٠٦٨ مانادار نیە |
| دبلۆم/بکالۆریۆس | سەرەتایی | ١٦,٥٥٣٩ | ٥,١٠٨٥ | ٠,٠٠١ ماناداره |
| | ئامادەیی | ٥,٩٩١٨ | ٣,٢٨٥٩ | ٠,٠٦٩ مانادار نیە |
| | باڵا | ٤,٢٣٠٣ | ٥,٢٥٨١ | ٠,٤٢٢ مانادار نیە |
| باڵا | سەرەتایی | ٢٠,٧٨٤٢ | ٦,٨٢٠٦ | ٠,٠٠٢ ماناداره |
| | ئامادەیی | ١٠,٢٢٢١ | ٥,٥٨٧٦ | ٠,٠٦٨ مانادار نیە |
| | دبلۆم/بکالۆریۆس | ٤,٢٣٠٣ | ٥,٢٥٨١ | ٠,٤٢٢ مانادار نیە |

پاش خستنەڕووی ئەو ئەنجامانە، دەرکەوت فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە لە روانگەی دایک و باوکانەوە. هەروەها فیلم کارتۆنەکان کاریگەری بەجێدەهێڵن لەسەر خوێندکارانی (کچ و کوڕ)،بەهەمان ئاست ورێژە و جیاوازی نییە لەنێوانیاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی،

کە(کچ) یان( کوڕ) لە خێزانی کوردیدا، بەهەمان ڕێژەو ئاست سەیری فیلم کارتۆنەکان دەکەن و بەگشتی فیلم کارتۆنەدۆبلاژکراوەکان بۆهەردوو ڕەگەزەو تایبەتمەندی رەگەزی تێدانییە.

هەروەها کاریگەری فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان بۆ گۆڕاوی باچخەی (حکومی) و (ناحکومی)هەمان ئەنجامی هەیە و جیاوازی نییە لە نێوانیاندا، کە هۆکاری ئەمەش بەهەمان شێوە دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی، کە منداڵانی باخچە حکومی و ناحکومی سەیری هەمان فیلم کارتۆن دەکەن کە دۆبلاژکراوە بەو پێیەی هەردوو نموونەکە هەمان ژینگەی کۆمەڵایەتیان هەیە .

هەروەها ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە، ئەو خێزانانەی کە ئاستی بڕوانامەی دایک وباوکیان نزمە منداڵەکانیان زیاتر کاریگەرن بە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان.بەبڕوای توێژەر هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەو دایک وباوکانەی ئاستی بڕوانامەکەیان نزمە لەبەرامبەردا ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەیان نخمترە کە دواجار ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی زانیاری سەبارەت بە کاریگەریە باش و خراپەکانی فیلم کارتۆن و بابەتە پەخشکراوەکان لە تەلەفزیۆن و شاشەجۆراوجۆرەکاندا، بۆیە وەکوپێویست هیچ پێوەر و سانسۆرێک بەکارناهێنین لەگەڵ منداڵەکانیاندا سەبارەت بەجۆر و کاتی سەیرکردنی فیلم کارتۆنەکان، بۆیە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر بوونی کاریگەری فیلم کارتۆنەکان لەسەریان بە هەردوو ئاراسەی ئەرێنی و نەرێنی، بەپێچەوانەوە لەنا ئەو خێزانانەدا کە دایک و باوکیان ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریان بەرزە ،جۆرێک لە سانسۆر و سنوردانان هەیە بۆ منداڵەکانیان سەبارەت بە سەیرکردنی فیلم کارتۆنەکان، کە دواجار ئەمەش دەبێتە هۆی سنورداری کاریگەرییەکەی لەسەر منداڵەکانیان.

## ٤-١-٥ ئامانجی پێنجەم: دیاریکردنی دیارترین ئەو بەها و رەفتارە ئەرێنی و نەرێنیانەی کە منداڵان لەرێگەی فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراوەوە فێری دەبن لەرونگەی دایک و باوکانەوە.

توێژەر بەمەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بڕگەکان، هەستاوە بە دەرهێنانی توندی هەربڕگەیەک (شدة الفقرات) بە بەکارهێنانی ناوەندی ژمێرەیی (مرجح) (weighted medium). بۆ دیاریکردنی کاریگەریی فیلم کارتۆنی دۆبلاژکراو بە بۆچوونی دایک وباوکان، بەپێی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی فۆرمەکە.

کاریگەری فیلم کارتۆنەکان ئەرێنییە لەسەر منداڵان لەڕووی وەرگرتن وگەشەپێکردنی بەهاکان، بەڵام لەگەڵ ئەو کاریگەرییە ئەرێنییەدا فیلم کارتۆنە

دۆبلاژکراوەکان بەدەرنین لە کاریگەری نەرێنی لەسەر بەها و ڕەفتاری منداڵ، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە توێژەر هەریەکە لە برگە ئەرێنی و نەرێنیەکانی جیاکردۆتەوە و بۆ هەر دوولایەنەکەش بەپێ توندی برگەکە (شدة الفقرة) ریزبەندی بۆ برگەکان کردووە لەبەهێزترینەوە بۆ بەهێزتر و پاشان بەهێز.

## ٤-١-٥-١ برگە ئەرێنییەکان:

پاش تاوتوێکردنی فۆرمی راپرسیەکە و لێکدانەوەی برگەکان دەرکەوت لە کۆی(٥٧)برگە(٣٢)برگەیان ئەرێنی بووە ، کە بریتین لە برگەکانی( ١٠، ٩ ، ٢٢ ، ١٦ ، ٥١ ، ٢٤ ، ٤ ،٥،١٥، ٢١ ، ٢، ٣١ ، ٣ ، ٤٢، ٢٣ ، ١٩، ٤٥، ٥٣ ، ٣٥، ٥٥، ٤٩، ٣٨، ١ ، ٢٦، ١٧ ، ٣٨، ٢٥، ٣٧، ٢٠، ٤٣، ٤٧، ٣٣). ریزبەندیەکەیان بەم جۆرە یە:

- برگەی(١٠) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٣,٩١) وە لە برگە ئەرێنیەکاندا ریزبەندی یەکەمی گرتوە، کە بریتیە لە( منداڵ فێردەکەن بۆ شتنی دەست وددانی پێش و پاش نانخواردن).

کەواتە بەپێی بۆچوونی دایکان باوکان، فیلم کارتۆنەکان بەپلەی یەکەم رۆڵیان هەیە یاخود کاریگەرییان هەیە لەسەر بەهای پاک و خاوێنی لای منداڵانی باخچە، بەواتایەکی تر گرنگترین بەها، کە منداڵان  لە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکانەوە فێری دەبن بەهای پاک و خاوێنیە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، زۆربەی ئەو فیلم کارتۆنانەی، کە دۆبلاژدەکرێن بۆسەر زمانی کوردی بەگشتی ئەو فیلم کارتۆنانەن کە بەها سەرەکییەکانی تێدایە بەتایبەتی بەها پەروەردەییە ڕەفتارییەکان لەنێوانیانیشدا بەهای پاک وخاوێنی، هەروەها دایک وباوکان هەوڵی ئەوە دەدەن، منداڵەکانیان زیاتر سەیری ئەو فیلم کارتۆنانە بکەن کەبەهاکانی پاک و خاوێنی لە ناوەرۆکەکەیدا هەیە.

- برگەی(٩) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٣،٦٠) وە لە برگە ئەرێنییەکاندا ریزبەندی دووەمی گرتووە، کەبریتیە لە(منداڵ هاندەدات بۆ پاک  خاوێنی جلو بەرگ و جەستەی).

بەهەمان شێوە لەریزبەندی دووهەمیشدا بەهاکانی پاک و خاوێنی هاتووە، کە بەلای دایک وباکانەوە لە گرنگترین ئەو بەهایانەن، کە لە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکاندا هەیە و کاریگەری هەیە لەگەشەپێکردنی بەهاکان لای منداڵانی باخچە، کەواتە بەپێی ئەنجامەکانی ئەو دووبرگەیە دەتوانین بڵێین بەهای تەندروستی یاخود بەهای پاک و خاوێنی یەکەمین بەهایە کە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان گرنگی پێ دەدەن و منداڵان لێوەی فێردەبن.

- برگــەی (٢٢) ئاســتی تونــدی و کێشــی (شــدة الفقــرة) یەکســانە بە (٣،٤٤) وە لــە برگەئەرێنیەکاندا ریزبەندی سێهەمی گرتوە، کە بریتیە لە(منداڵ فێری رێزگرتنی دایک وباوک و خوشک وبرا و کەسانی تر دەکات). کەواتە دوای بەهای تەندروستی وپاک وخاوێنی بەهای رەوشتی بەپلەی سێهەم دێت لەناو ئەو بەهایانەدا ، کە لە فیلم کارتۆنەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە بەبۆچوونی دایک وباوکان، کەئەمەش دەرخەری ئەوەیە فیلم کارتۆنەدۆبلاژکراوەکان، دوای بەهای تەندروستی و پاکو خاوێنی کاریگەریان هەیە لەسەر بەها رەوشتییەکانی منداڵان کە خۆی لە رێزگرتنی دایک وباوک و کەسانی تردا دەبینێتەوە.

-برگەی(١٦) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٣،٤١) وە لەبرگە ئەرێنیەکاندا ریزبەندی چوارەمی گرتووە، کە بریتیە لە (گەشە بەلایەنی ژیری و زیرەکی منداڵ دەکات)، کەواتە بەپێی بۆچوونی دایک وباوکان فیلم کارتۆنەدۆبلاژکراوەکان کاردەکەن بۆ گەشەپێکردنی بەهای ژیری لای منداڵان. دایک و باوکان پێیان وایە یەکێکی تر لەو لایەنانەی کە فیلم کارتۆنەکان کاریگەری هەیە لەسەری لە قۆناغی منداڵی باخچەدا لایەنی ژیری و زیرەکی و بزواندنی بیرو هۆشە، بەوپێیەی هەندێ لە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کارلەسەر لایەنی عەقڵی و بیری منداڵ دەکەن وهەوڵی جوڵاندن و کردنەوەی بیرو ئەندێشەی منداڵ دەدەن، کەواتە بەها ژیرییەکان یەکێکی ترە لەو بەهایانەی کە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کار لەسەر گەشەپێکردنی دەکەن.

- برگەی (٥١) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٣،٣٦) وە لە برگە ئەرێنیەکاندا ریزبەندی پێنجەمی گرتووە کە بریتیە لە (هانی منداڵ دەدات بۆ گوێڕایەڵیکردنی دایک وباوک)، کەواتە جارێکی تر لەم ئاستەدا،بەها ڕەوشتییەکان زۆرترین رەنگدانەوەیان هەیە لە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکاندا بەبۆچوونی دایک وباوکان (دوای هەریەکە لە بەهاکانی تەندروستی وپاک وخاوێنی). کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی ناوەرۆکی ئەو فیلم کارتۆنانە کە دۆبلاژ دەکرێن لەلایەن دەزگا راگەیاندنە جۆربەجۆرەکانەوە ، کەواتە بەگشتی گرنگترین ئەو بەهایانەی کە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لە ڕووی بەهاییەوە کاری لەسەر دەکەن بەبۆچوونی دایک وباوکان بریتیین لە هەریەکە لە بەهاکانی(تەندروستی- پاوک و خاوێنی -رەوشتی)، کە ئەم بەهایانەش گرنگترین ئەو بەهایانەن پێویستە لە منداڵاندا گەشەپێ بدرێت بەتایبەتی لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە.

بۆ زیاتر زانیاری و ڕوونکردنەوەی ئاستی توندی (شدة فقرات) تایبەت بە برگە ئەرێنیەکان بڕوانە خشتەی (١١) :

خشتەی (١٢)

کێش و توندی برگە ئەرێنییەکان ڕووندەکاتەوە

| ڕیزبەندی | ژ.برگە | برگـە | ئاستی توندی |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٠ | منداڵ فێر دەکات بۆ شتنی دەست و ددانی پێش وە پاش نانخواردن. | ٣,٩١ |
| ٢ | ٩ | منداڵ هاندەدات بۆ پاراستنی پاکوخاوێنی جلوبەرگ و جەستەی. | ٣,٦٠ |
| ٣ | ٢٢ | منداڵ فێری ڕێزگرتنی دایک و باوک و خوشک و براو کەسانی تر دەکات. | ٣,٤٤ |
| ٤ | ١٦ | گەشە بە لایەنی ژیری و زیرەکی منداڵ دەکات. | ٣,٤١ |
| ٥ | ٥١ | هانی منداڵ دەدات بۆ گوێڕایەڵی کردنی دایک و باوک . | ٣,٣٦ |
| ٦ | ٢٤ | گەشە بە توانای قسەکردن و گفتوگۆ دەکات لای منداڵ. | ٣,٣١ |
| ٧ | ٤ | منداڵ فێردەکات کە دادپەوەربێت لەگەڵ کەسانی تر. | ٣,٢٥ |
| ٨ | ٥ | دەبێتە هۆی چاندنی خۆشەویستی خواو پێغەمبەر و پابەندبوون بە بنەماکانی ئایین. | ٣,٢٥ |
| ٩ | ١٥ | منداڵ فێری چەمکی (خۆپاراستن لە نەخۆشی ) و ژیانی تەندرووست دەکات. | ٣,٢٤ |
| ١٠ | ٢١ | منداڵ ڕادەهێنێت بۆ ڕێکخستن و پاراستنی کەلوپەلەکانی خۆیی و کەسانی تر. | ٣,٢١ |
| ١١ | ٢ | گیانی لێبووردەیی لای منداڵ بەهێز دەکات. | ٣,١٩ |
| ١٢ | ٣١ | منداڵ فێر دەکات کە یارمەتی ئەندامانی خێزان بدات لە کاروباری ناو ماڵ. | ٣,١٨ |
| ١٣ | ٣ | منداڵ هاندەدات کە پابەند بێت بە بەڵێنەکانی لەگەڵ کەسانی چواردەوری. | ٣,١٧ |
| ١٤ | ٤٢ | حەزی گەڕان وپشکنین لای منداڵ فراوان دەکات. | ٣,١٦ |
| ١٥ | ١٤ | منداڵ فێردەکات کە پەیوەست بێت بە نەریتەکانی خواردن و خواردنەوەوە. | ٣,١٥ |
| ١٦ | ١٩ | گەشە بە ئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین دادەدات لای منداڵ. | ٣,١٤ |
| ١٧ | ٤٥ | متمانە بە خۆبوون لای منداڵ زیاددەکات. | ٣,١١ |
| ١٨ | ٥٣ | هانی منداڵ دەدات بۆ گرنگیدان بە خوشک و برا بچوکەکانی. | ٣,١١ |
| ١٩ | ٣٥ | منداڵ هاندەدات بۆ وەرزشکردن و گرنگیدان بە توانا جەستەییەکانی. | ٣,٠٩ |
| ٢٠ | ٥٥ | لەڕێگەیەوە منداڵ فێری ڕێک پۆشی دەبێت لە جلوبەرگدا. | ٣,٠٧ |
| ٢١ | ٣٩ | شێوازی داهێنەرانە لە بیرکردنەوەدا فێری منداڵ دەکات. | ٣,٠٦ |
| ٢٢ | ٢٨ | منداڵ ڕادەهێنێت لەسەر هاوسۆزی و هاوخەمی بۆ کەسانی تر. | ٣,٠٥ |
| ٢٣ | ١ | منداڵ ڕادەهێنێت لەسەر پشتبەستن بەخودی خۆی. | ٣,٠٣ |
| ٢٤ | ٢٦ | منداڵ هاندەدات بۆ یارمەتیدان و کاری خۆبەخشی. | ٣,٠٣ |
| ٢٥ | ١٧ | ڕێزگـرتن لە زانسـت و زانیـاری وخۆشەویسـتی کتێـب و خوێنـدنەوە لای منـداڵ دروووستدەکات. | ٣,٠١ |
| ٢٦ | ٣٨ | منداڵ فێری هەوڵدان و کۆڵنەدان دەکات بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن. | ٣,٠١ |
| ٢٧ | ٢٥ | گیانی خزم دۆستیی و هاوڕێیەتی لای منداڵ دروووستدەکات. | ٢,٩٥ |
| ٢٨ | ٣٧ | دەبێتە هۆی چاندنی گیانی کێبڕکێی ئەرێنی لە ناخی منداڵدا. | ٢,٤٨ |
| ٢٩ | ٢٠ | منداڵ هاندەدات بۆشانازیکردن بە پیرۆزیەکانی نیشتمان وکۆمەڵگەکەی. | ٢,٨٣ |
| ٣٠ | ٤٣ | منداڵ فێری نهێنی پارێزی دەکات. | ٢,٨١ |
| ٣١ | ٤٧ | منداڵ ڕادەهێنێت لەسەرئارامی و دانبەخۆدا گرتن. | ٢,٧٨ |
| ٣٢ | ٣٣ | منداڵ ڕادەهێنێت لەسەر پەیوەست بوون بە کاتی نووستن و هەستان. | ٢,٧١ |

## ٤-١-٥-٢ بڕگە نەرێنییەکان :-

پاش شیکردنەوە و تاوتوێکردنی بڕگەکانی فۆرمی راپرسییەکە، دەرکەوت لە کۆی(٥٧)بڕگە(٢٥)بڕگەیان نەرێنی بووکەبرتیبوو لە برگەکانی
( ٥٢، ٤٠، ٤١، ٨، ٤٤، ٥٠، ٤٦، ٥٤، ١٠، ٥٧، ٣٦، ٤٩، ٤٨، ٧، ١٣، ٦، ٣٢، ٢٩، ١٢، ٢٧، ٣٠ ، ١٨، ٥٦، ٢٣، ٣٤). ریزبەندیەکەیان بەم جۆرە بوو:

- بڕگەی(٤٠) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٤،٤٨) وە لە برگە نەرێنیەکاندا ریزبەندی یەکەمی وەرگرتووە، کە بریتیەلە ( منداڵ هاندەدات بۆ سوکایەتیکردن بە کەسانی بەتەمەن)، کە بەپێی ئەم ئەنجامە دایک وباوکان پێیان وایە، کە گرنگترین لایەنی نەرێنی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان؛ بریتیە لە تێکدانی بەها رەوشتی و کلتورییەکان و منداڵ هاندەدات بۆ رێزنەگرتنی کەسانی گەورەو سوکایەتیکردن پێیان، ئەم ئەنجامەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هەندێ جار لەکاتی دۆبلاژکردنی فیلم کارتۆنەکاندا بۆزمانی کوردی لایەنی بەرهەمهێن،بەشێوەیەکی نازانستی و ناپەروەردەیی ئەو کارە ئەنجام دەدەن، بە جۆرێک دەقێکی نوێ بەشێوازێکی کۆمیدی و دوورلەئاداب و رەوشتی گستی دەکەن بە بەری بەرهەمە دۆبلاژکراوەکاندا، بەمەبەستی دەستکەوتی مادی زیاتر و بەناوبانگبوونی بەرهەمەکەیان، بێگوێدانە ئاسەوارە خراپەکانی ئەو کارەو کاریگەریە نەرێنیەکانی لەسەر منداڵان.

هەندێ جار دەبینین لەکاتی دۆبلاژکردنی هەندێ فیلم کارتۆندا هەندێ دەستەواژە و گۆرانی و هۆنراوەی بێ سەروبەر تێکەڵ بە فیلم کارتۆنەکەدەکریت، کە بەمە زیاتر سەرنجی منداڵان بەلای خۆیاندا رادەکێشێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چی فێری ئەو منداڵانەدەکات لە داهاتوودا.

- برگەی(٤١) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٤،٢٧) و لە بڕگە نەرێنیەکاندا ریزبەندی دووەمی گرتووە، کە بریتیە لە (منداڵان رادەهێنن لەسەر جنێو و دەمپیسی). بەهەمان شێوەی برگەی(٤١) ، دایک وباوکان پێان وایە فیلم کارتۆنەدۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر فێربوونی وشەی نەشیاو و جینۆو دەمپسی لای منداڵان ، کە وەک پیشتر ئاماژەمان پێدا هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ خراپی کوالێتی دۆبلاژکردن و نەبوونی چاودێری پەروەردەیی و دەروونی بەسەر ئەو کارانەوە.

- برگەی (٥٢) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٤،١) وە لە برگە نەرێنییەکاندا ریزبەندی سێهەمی وەرگرتوە، کە بریتیە لە (منداڵ فێری رەفتارو ئاماژەی

نــەگونجاو ونارەوشــتی دەکــات). کەواتــە بــەبۆچوونی دایــک وباوکــان فــیلم کارتۆنــە دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ بوونی لایەنی ئەرێنی هەندی لایەنی نەرێنیشی تێدایە، کە کاریگەری خراپ لەسەر رەفتارو بەهای منداڵ بەجێ دەهێڵێت، لەگرنگترین ئەو لایەنە نەرێنیانەش منداڵ فێری هەندێ ئاماژەی نارەوشتی و نا پەروەردەیی دەکە، وەک دەستبردن بۆ شوێنی هەستیار و هەندێ ئاماژەی دەستی، کە لە ڕووی کلتوری و کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا یاساغ و ڕێپێنەدراوە، بە بۆچوونی دایک وباوکان فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر بەلاڕێدابردنی منداڵان و راهێنانیان لەسەر چەندین ئاماژە و هێما و رەفتار، کە ناکۆکە لەگەڵ کۆمەڵگە و کلتوری کوردی.

- بڕگەی(٨) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٤،٠٦) و لە بڕگە نەرێنیەکاندا ریزبەندی چوارەمی گرتووە کە بریتیەلە( منداڵ فێری دووڕوویی و درۆ دەکات). بە بۆچوونی دایک وباوکان یەکێکی تر لەلایەنە نەرێنیەکانی کاریگەری فیلم کارتۆنەدۆبلاژکراوەکان لەسەر منداڵان بریتیەلە فێربوونی درۆ و دووڕوویی .

- بڕگەی(٤٤) ئاستی توندی و کێشی (شدة الفقرة) یەکسانە بە (٤،٠٣) وە لە بڕگە نەرێنیەکاندا ریزبەندی پێنجەمی وەرگرتووە، کە بریتیەلە(منداڵ رادەهێنن لەسەر ناو وناتۆرەو سوکایەتیکردن بە کەسانی تر). بەهەمان شێوەی بڕگەی(٤١) دایک وباوکان پێیان وایە، کە فیلم کارتۆنەدۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەسەر تێکدانی رەفتاری منداڵان و هۆکارێکە بۆ فێربوونی بێڕێزی کردن بەکەسانی تر و ناو ناتۆرەدان لە منداڵان و کەسانی تر، هەروەک ئاماژەمان پێدا ئەم بۆچوونەی دایک وباوک لەوە سەرچاوەدەگرێت، کە ئەو فیلم کارتۆنانەی، دۆبلاژدەکرێن ئەوەندی گرنگی بەلایەنی دەستکەوتی ماددیەکەی دەدرێت ئەوەندە گرنگی بەدەق و کوالێتی نادرێت لە ڕووی پەروەردەیی و رەوشتییەوە، زۆرجار بەرهەم هێنەران و ئەو کەسانەی کاری دۆبلاژ بۆ فیلم کارتۆنەکان دەکەن، کەسانی نەشارەزان و بەبێ هیچ سانسۆرێک هەرچییەکیان بوێت لەوشەی نەگونجاو و نارەوشتی و دەستەواژەی ئاست نزم لە دۆبلاژکردندا بەکاری دەهێنن، کە ئەنجامەکەشی تێکدان و شێواندنی بەها بەرزەکانە لای منداڵان، ئەمەش بە روونی لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتوە کە هەندێ لەم فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوانە هێندە ڕۆڵیان لە تێکدانی بەهاو ئاکارە پەروەردەییەکانی منداڵی کوردا هەیە تائەو ڕادەیەی لەبری سوود،زیانی زۆری پەروەردەیی بەدوادا هاتوە. بۆ زیاتر زانیاری و ڕوونکردنەوەی ئاستی توندی (شدة الفقرات) تایبەت بە بڕگە نەرێنیەکان بڕوانە خشتەی (١٢).

خشتەی (١٣)

کێش و توندی برگە نەرێنیەکان رووندەکاتەوە

| ریزبەندی | ژ.برگە | برگە | ئاستی توندی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٤٠ | منداڵ هاندەدات بۆ سوکایەتی کردن بە کەسانی بەتەمەن. | ٤,٤٨ |
| ٢ | ٤١ | منداڵ رادەهێنێت لەسەر جنێو و دەمپیسی. | ٤,٢٧ |
| ٣ | ٥٢ | منداڵ فێری رەفتارو ئاماژەی ونەگونجاو نا رەوشتی دەکات. | ٤,١٠ |
| ٤ | ٨ | منداڵ فێری دوړووی و درۆ دەکات. | ٤,٠٦ |
| ٥ | ٤٤ | منداڵ رادەهێنێت لەسەر ناووناتورە وسوکایەتیکردن بە کەسانی تر. | ٤,٠٣ |
| ٦ | ٥٠ | گیانی تۆڵە سەندنەوە و دوژمنکاری لای منداڵ گەشە پێدەکات. | ٤,٠٣ |
| ٧ | ٤٦ | منداڵ فێری رەشبینی و دورکەوتنەوە لە حەزو خولیاکانی دەکات. | ٣,٩٩ |
| ٨ | ٥٤ | منداڵ هاندەدات بۆ بردن و تیکدانی کەلوپەلی کەسانی تر. | ٣,٩٨ |
| ٩ | ١١ | منداڵ هاندەدات بۆ هەلپەرستی و پێشێلکردنی مافی کەسانی تر. | ٣,٨٩ |
| ١٠ | ٥٧ | منداڵ فێری ترس دەکات. | ٣,٨٧ |
| ١١ | ٣٦ | هەستی رق و توندوتیژی لای منداڵ دروستدەکات بەرامبەربە کەسانی تر. | ٣,٨٥ |
| ١٢ | ٤٩ | کاریگەریی هەیە لەسەر شێواوی لە پۆشین و هەڵبژاردنی رەنگەکان لای منداڵ. | ٣,٨١ |
| ١٣ | ٤٨ | کاریگەریی هەیە لەسەر گوێڕایەڵی نەکردن و یاخی بوونی منداڵ. | ٣,٨٠ |
| ١٤ | ٧ | منداڵ هاندەدات بۆ خراپەکاری و تێکدان. | ٣,٧١ |
| ١٥ | ١٣ | منداڵان دوردەخاتەوە لە پابەند بوون بە نەریتە ئاینیەکان. | ٣,٦٦ |
| ١٦ | ٦ | منداڵ فێری شەرم دەکات. | ٣,٦٥ |
| ١٧ | ٣٢ | دەبێتە هۆی سارد بوونەوەی پەیوەندیە کانی نیوان منداڵ و خێزانەکەی. | ٣,٥٦ |
| ١٨ | ٢٩ | رۆڵی هەیە لە دروستبوونی پەرتەوازەیی و دوبەرەکی لە نێوان منداڵان. | ٣,٤٥ |
| ١٩ | ١٢ | منداڵ فێری سەرکێشی دەکات. | ٣,١٧ |
| ٢٠ | ٢٧ | هۆش و بیری منداڵ سنووردار و چەق بەستوو دەکات. | ٣,١٥ |
| ٢١ | ٣٠ | منداڵ گۆشەگیرو دورەپەرێز دەکات. | ٣,١٤ |
| ٢٢ | ١٨ | منداڵان رووبەرووی گرفتی خەوتن وکەم ئاگایی دەکاتەوە. | ٢,٧٥ |
| ٢٣ | ٥٦ | کاریگەریی لەسەر شێواندنی هەستەکان هەیەلای منداڵ. | ٢,٦٩ |
| ٢٤ | ٢٣ | منداڵ بەرەو ژیانی خەیاڵ و ئەندێشە پەلکێش دەکات. | ٢,٥٥ |
| ٢٥ | ٣٤ | منداڵ فێری خۆپەرستی و خۆبەگەورەزانی دەکات. | ٢,٣٧ |

## ٤-٢ دەرئەنجامەکان:

پاش پیشاندان و شیکردنەوەی ئەنجامەکان لە بەشی چوارەم، گەیشتینە چەند دەرئەنجامێک، کە ناوەرۆکەکەی بریتیە لەوەی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەگەشەپێکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵانی باخچە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە فیلم کارتۆنەکان کاریگەری نەرێنی بەجێدەهێڵن لەسەر منداڵان ، ئەم کاریگەرییانەش بەرەفتار و هەڵسوکەوتی منداڵانەوە بەدیاردەکەوێت، وەک دایکان وباوکان لە وەڵامی برگەکاندا ئاماژەیان پێداوە، بەگشتی ئەم توێژینەوەیە گەیشتۆتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

١- فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان دەتوانن ڕۆل و کاریگەرییان هەبێت لە باشکردن و گەشەپێکردن و دروستکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵان ، ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی زانستی و پەروەردەیی کاری دۆبلاژیان بۆ بکرێت.

٢- لایەنی رەفتاری و رەوشتی بەهەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی،لە گرنگترین ئەو لایەنانەن کە فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کاریگەریان هەیە لەسەری لای منداڵان.

٣- گرنگترین ئەو بەهایانەی، کە منداڵان فێری دەبن لەڕێگەی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان بەهای(تەندروستی) و بەهای( پاکو خاوێنی) و پاشان بەهای(رێزگرتن)ە، کە ئەم بەهایانەش لە گرنگترین و باڵاترین بەها پەروەردەییەکانن.

٤- گرنگترین کاریگەریە نەرێنیەکانی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەسەر منداڵان بریتیە لە تێکدانی ڕەفتارە پەسەندکان و گۆڕینی بەرەفتار و بیرکردنەوەی ناپەسەند، کە بەپێی بۆچوونی دایک وباوکان فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر بەلارێدابردن و فێرکردنی درۆ و بێ رێزیکردن بەرامبەر بە کەسانی ترو فێربوونی هەندێ ئاماژە و رەفتاری ناپەروەردەیی وەک جنیودان و ناوناتۆرەو گوێنەگرتن لە کەسانی گەورەو رێزنەگرتن لە کەسانی بەتەمەن.

## ٤-٣ راسپاردەکان:

١- دایک وباوکان ڕێنمایی تایبەت بە منداڵەکانیان بدەن، سەبارەت بە کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن بەگشتی و فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان بەشێوەیەکی تایبەتی.

٢- زیادکردنی چاودێری دایک وباوک بەسەر منداڵەکانیانەوە سەبارەت بەو بابەت و بەرنامەو فیلم کارتۆنانەی سەیری دەکەن، بەتایبەتی کاتێک منداڵ لە ڕێگەی ئایپادو مۆبایلەوە سەیری ئەو شتانە دەکەن، چونکە دنیایەکی فراوان و بێ سانسۆرە و منداڵ پەلکێش دەکات بەرەو بابەت و دیمەنی  ناپەروەردەیی و زیان بەخش.

٣- چاودێریکردنی ئەو دەزگاو کەس ودامەزراوانەی کاری دۆبلاژکردن دەکەن بۆ فیلم کارتۆنەکان بەجۆرێک ڕێگە بەبەرهەمی بێ سوود و نا پەروەردەیی نەدرێت بۆ پەخشکردن و پێویستە چاودێریکردنەکە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە بێت و زۆربە توندی مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتەدا بکات.

٤- دامەزراندنی دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بەکاری دۆبلاژکردن بەتایبەتی دۆبلاژکردنی فیلم کارتۆن، کە دەزگاکە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەبواری ڕاگەیاندن و پەروەردە و دەروونزانییەوە سەرپەرشتی بکرێت.

٥- هاندان و پشتیوانیکردنی دامەزراو ستۆدیۆکانی بەرهەمهێنانی هونەری و دۆبلاژ،لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەمەبەستی بەرهەم هێنانی فیلم کارتۆنی کوردی تایبەت، کە لەڕووی کوالێتیەوە  بەرز بێت ولەڕووی پەروەردەیی و دەرونییەوە گونجاو بێت و تایبەت بێت بە فێرکردن و چاندنی بەها و ئاکاری جوانی کۆمەڵگەی کوردی لە ناخی منداڵاندا.

٦- ئەولایەنانەی کە بەکاری دۆبلاژکردن هەڵدەستن، ناچاربکرێن کە پێش پەخشکردنی بەرهەمەکانیان، ئەو فیلم کارتۆنانە پیشانی کەسانی پسپۆر لەبواری دەروونزانی و کۆمەڵایەتی و هونەری بدەن و ئەوان ڕەزامەند بن و پەسەندی بکەن پاشان مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیان پێ بدرێن.

## ٤-٤ پێشنیارەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێگەیشتووە ئەم پێشنیارانە دەخەینەڕوو:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە شیکاری ناوەرۆک بۆ ئەو فیلم کارتۆنانەی لەکەناڵەکانەوە پەخشدەکرێن.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە ڕۆڵی کەناڵەکانی تایبەت بە منداڵان لە ئاراستەکردنی منداڵان لەڕووی رەفتاری و ویژدانیەوە .

٣- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ورد سەبارەت بە ئامانج و مەبەستی پشت بەرهەمهێنانی هەندێ لە فیلم کارتۆنەکان.

٤- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە ئاستی گونجاوی ناوەرۆکی فیلم کارتۆنە دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ بەها باوەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

٥- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە کاریگەریی فیلم کارتۆنەکان لەسەر پاراوی زمانی منداڵان لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان


١. أبو جادو،صالح محمد(٢٠١٥)،سيكولوجية التنشيئة الاجتماعية،ط١،دار المسيرة للنشر والتوزيع،عمان.

٢. أبـو معال،عبـدالفتاح(٢٠٠٠)،اثـر وسـائل الاعـلام علـى الاطفـال،دار الشـرق للنشـر والتوزيع،عمان.

٣. ابو ناصر،نجاة غرات شعبان(٢٠١٣)،دور فضائيات المتخصصة للاطفال فى تدعيم القيم التربوية لديهم من وجهة النظر المعلمات المرحلة الاساسية فى مدارس الغزة،جامعة ازهر،غزة.

٤. أحمد،حافظ فرج(٢٠٠٣)،التربية وقضايا مجتمع المعاصر،ط١،عالم الكتب،القاهرة.

٥. الاستطلاع,جمعية اصدقاء الصحة النفسية القطرية,وسائل الاعلام اكثر تأثيرا في الاطفال من الوالدين والامدرسة,موقع الجزيرة,٢٠١٨.

٦. بـاربرا ومارتن،ت.سـالم،محمد الروشـدى(٢٠٠٥)،تعلـم الاطفـال الصـغار،مجلس الاعلـى للثقافة،القاهرة.

٧. البشر،محمد بن سعود(٢٠٠٣)،قصور النظرية فى دراسات الاعلامية،مجلة العربية للعلوم الاعلامية،عـدد٨٨،الريـاض. ابـو حسـن.منال(٢٠٠١)،الرسـوم المتحركـة فـي التلفزيـون و علاقتها بالجوانب المعرفية،مجلة طفولة والتنمية،عدد٨٣،مصر.

٨. بلقيس،احمـد(١٩٨٦)،الاتجاهـات وطرائـق تكوينهـا و تعـديلها و قياسـها فـي تعلـيم المدرسي،معهد تربية،الانروا،يونسكو.

٩. بهادر،سـعدية حمـد علـى(١٩٩٦)،المرجـع فـي بـرامج التربيـة الاطفـال مـا قبـل المدرسة،ط٢،دار مسيرة،عمان.

